# بەیان

ژ (١١٢)ی تشرینی یەکەم 985



هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

# بەیان


گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی یە

سەرەکی ئەنجومەنی کارگێری
وسەرنووسەر

مصلح جەلالی

دەستەی نووسەران

اکرم محمود سمین

سکرتێری نووسین

دکتور احسان فؤاد

دکتور کاوس قفتان

دکتور عزالدین مصطفی رسول

مصطفی نریمان

محمد مصطفی حمه بۆر

محمود زامدار

صلاح شوان

سگڤان عبدالحکیم

محمد سلیم سواری

سەرپەرشتی هونەری و نەخشەکێشان

هناء صباح

مونتێف وخۆش نووس: نزار بەزاز


لەم ژمارەیەدا


● تۆماری جەنگ:
- سەرەنجامی کۆتایی هاتنی پێنجەمین ساڵەی جەنگ .... سلام محمد 2
- جەنگ وورە وشێت شۆرشگێرانە ........ حمید 4
- خەرجیان سوتا ........ علی ابراهیم درویش 7
- نامەیەك لە گیرفانی شەهیدێکی ........ مستەفا جاف 8
- هەوارگەی ئەڵوەن ........ مکرم رشید 10
- ماڵێکی ئاوارە ........ طارق غفور 13
- بزانن ........ زیلویی باعەدری 9
- چەند پرسیارێکی ........ صابر عثمان قادر 14

● لێکۆڵینەوە:
- رۆشنبیری و پێکهاتنی چینایەتی هاوچەرخ ... ئامادەکردنی مجید ندیم 15
- شاعیری دەشتی قەراج ........ جلال مولود احمد 30

● شیعر:
- ل خەلکی تەحلێ ........ عبدالرحمن مزوری 42
- بروسکە ........ عثمان شەیدا 41
- مەلای جەزیری ........ محسن ئاوارە 44
- ئەوا من دڵێت ........ صدیق شرو 46

● چیرۆك:
- چیرۆکۆکە ........ عبدالله سەراج 52
- کەڵەمێرد ........ اسماعیل رۆژ بەیانی 57
- ماڵێکی زۆرزان ........ و. د. هیوا عمر 48

رەخنە:
- وەلامی رەخنە ........ علی عارف ئاغا 59
- رەشپۆشێکی جیهانی چوارەم ........ فریدون علی امین 60

● فولکلۆر:
- هوزانەك ........ سگڤان یوسفی 74

● بەرهەمی لاوان:
- گەرمترین دەمك وباس ........ مراد خواز 78
- گریێ بەردان ........ ابراهیم هورامی 79
- چاوە روانی ........ شیروان حسن 79
- تۆ حاڵەتی خەمی شەوان ........ نوزاد احمد 80

● کتێبی بەیان:
- نامەی ژیان ........ کەمال غەمبار 82

● راپۆرتی رۆشنبیری:
- راپۆرتی هەولێر ........ شیرزاد 87
- راپۆرتی سلێمانی ........ باوکی شنە 90
- راپۆرتی دهۆك ........ هەکاردوسکی 93
● پانەی بەیان ........ ئامادەکردنی کەمال 96
● دوا ووشە ........ حلمی عەلی شریف



دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی

.مەیدانی خەلانی ـ بەغدا ـ

ت 8875795 (5) خەت


تکاوگلەیی: ـ

تکـایـە هەر نووسـەرێ خەتـەکـەی خۆش و شاش و جوان نەبێ، نووسینەکەی دەخرێتە پشت گوێ.


بەرگی یەکەم: دوکان

بەرگی دووەم: قەلای هەولێر

ئابوونەی ساڵانە لەناو عیراقدا

7,000 دینار

٥٣٧ ١١٥١
تلفون ٥٣٢ ٥٤٢١



# سەرەنجامی کۆتایی هاتنی پێنجەمین ساڵەی جەنگ

(سەلام محەمەد)

ئەوا پێنج ساڵ بەسەر جەنگی نێوان عیراق و ئێراندا تێدەپەڕێت و بەدرێژایی ئەم پێنج ساڵەیش، هەر لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕەکەوە چەندین هەوڵی خێرخوازانە دراوە بۆ کۆتایی هێنانیو ڕەچاوکردنی شێوازێکی «شارستانیانە» بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی نێوان هەردوو وڵات بەڵام سەبارەت بە دوو هۆی سەرەکی سەرجەمی ئەو هەوڵانە سەریان نەگرت:.

یەکەم: کەللە ڕەقیو نەفامی سەروپۆتەڵاك بە عەمامە پێچراوەکانی قوم و تاران.

دووەم: بوونی شەڕ، وەکو هاندەرێك و پاڵپشتێکی بەردەوام بوونی دەسەڵاتی مەلاکانی ئێران.

هەڵگیرسانی ئەم شەڕە، لە دوو وڵاتی ڕۆژهەڵاتی وەك ئێران و عیراقدا کە هەردووکیان لە ریزی پێشەوەی وڵاتە بەرهەم هێنەرەکانی نەوتن لە فەرهەنگی سیاسی وڵاتە سەرمایەدارو ئیمپریالیست و گەورەکاندا ڕووداوێکی سەیر نییە بەڵکو نەخشەیەکی وردی بۆ کێشراوەو هەوڵێکی زۆری بۆ دراوە کە لێرەدا ناچینە بنج وبناوانی ئەو سیاسەتە چەپەڵەوە بەڵکو لە ویژدانێکی بەتەنگەوەهاتووی مرۆڤانەو دڵسۆزانەوە بەرامبەر بە پاشەڕۆژی هاونیشتمانیانی هەردوو وڵات چەند سەرنجێك دەخەینە ڕوو.

**شەڕ... بۆچی؟**

هەرچەندە شارستانیەت لە پێشکەوتندا بێت و ڕادەی هۆشمەندی مرۆڤ بگاتە ئاستێکی بەرز لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی نێو دەوڵەتان هەر دەمێنێو لەئەنجامی ئەم کێشەیەشدا کۆمەڵێ گیروگرفت دێتە پێشەوەو هەندێجار ئەو گیروگرفتانە دەگەنە ئاستێکی ئێجگار ناسك و ترسناك کە ئەگەر هۆشیارانە چارەسەری هۆیەکانی نەکرێت لەنێوان لایەنە بەگژاچووەکاندا شەڕێکی بێهودە هەڵدەگیرسێو

کۆمەڵێ خەڵکی بێتاوانیش دەبنە قۆچی قوربانی ئەو شەڕەو کام لایەنی ڕێگەی شەڕی هەڵبژاردبێت بەرپرسیارە لە سەرجەمی ئەنجامەکانی.

ئەگەر گیروگرفتەکە لە نێوان دوو دەوڵەتا بێ و نەتوانن لە ڕێگەی وت و وێژی ڕاستەوخۆوە بەیەك بگەن لایەنێکی تر وەکو ناوبژی کەرێك بەشدار دەبێ و ئەگەر ئەمیش لە توانایدا نەبوو چارەسەری گیروگرفتەکە بکات ئەوا کێشەکە دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەگوێرەی ئاڵۆزیو قەوارەی مەسەلەکە لیژنەیەکی تایبەتی پێك دەهێنێ بۆ لێکۆڵینەوەو شی کردنەوەی هۆیەکانی بەبێ ئەوەی ئەو دوو لایەنە پەنا بەرنە بەر شەڕو بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی.

ئەمە دەستوورێکی جیهانیەو ئاستی هۆشیاری مرۆڤیش لە دواسالآنی سەدەی بیستەمدا هەر ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێرێ و هیچ کاتێ شەڕ نەبۆتە بنەڕەتێکی زانستانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتی نێوان دوو دەوڵەت یا زیاتر.

**شەڕی عیراق و ئێران ....بۆچی**

بەسەرکردنەوەیەکی خێرای ڕووداوەکانی پێش هەڵگیرسانی شەڕ دوو ڕاستی گرنگمان دەخاتە بەردەم:ـ

یەکەم ئەو تاقمەی لە ئێراندا جڵەوی حوکمیان گرتەدەست لە بنەڕەتەوە باوەڕیان بە فراوان کردنەوەی دەسەڵات هەبوو، سەرەتا بەسەر وڵاتە دراوسێ کانداو پاشان وڵاتەکانی ترو لە ئەنجامیشدا پێکهێنانی ئیمپراتۆریەتی خومەینیو داروەدستەکەی، هەموو ئەمانەیش لەژێر پەردەی ئاینی ئیسلامدا.

دووەم بارو دۆخی ئێران لەو کاتەداو مەترسی بەرپاکردنی کودەتایەك لە لایەن سوپاوەو لە پێناوی خەریك کردنی گەل و سوپادا هەروەکو ڕۆژنامەنووسێکی ئەڵمانی ساڵی 1982 لە گۆڤاری «دێرشپیگل»دا نووسیبووی (بەڕژەوەندی تاقمی دەسەڵاتدار لەوەدا بوو شەڕێك لەنێوان ئێران و وڵاتێکی دراوسێدا هەڵگیرسێ و گشت توانایەك بخرێتە گەڕ بۆ بەردەوام بوونی ئەو شەڕە.).

بەپێی بیرکردنەوەو لێکدانەوەی خۆیشیان ـ عیراق ـ زەمینەیەکی لەبارو ڕەخساوبوو بۆ وەدیهێنانی ئەم خەونە کرچ وکاڵە بۆیە بەربوونە هەڕەشەو گوڕەشەکردن تا ئەو ڕادەیەی عێراقیش ئارامی لێبڕاو بەهەمان شێواز وەڵامی دایەوە.

ئەوەی بەخەیاڵی کەسیشدا نەدەهات شەڕەکە ئەوەندە درێژە بکێشێ و بەدرێژایی ئەم پێنج ساڵەیش عیراق بتوانێ ڕووبەڕووی دەوڵەتێکی گەورەو گرانی وەك ئێران بوەستێ و شپرزەی بکات و سەرجەمی نەخشەو پلانەکانی هەڵوەشێنێتەوەو بەربەستێکی ئاگرین لەبەردەم نیازە گڵاوەکانی دروست بکات.

**ئەنجام**

لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕەوە، عیراق ئامادەبوونی خۆی نیشاندا بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان بە شێوەیەکی عادیلانەو ئاشتیخوازانە، هەر لەو کاتەوە، بەدرێژایی ماوەی شەڕو تا ئێستایش هەمان باری سەرنج دوویات دەکاتەوە بەڵام دەسەڵاتدارە مێشك پووچەکانی تاران سەرەڕای ئەوەی گوێڕایەڵی ئەقڵ و هۆشیاری نەبوونەو بیریان لە چارەنووس و پاشەڕۆژی گەلانی ئێران نەکردۆتەوە هەروەها لەم بوارەداو لەلایەن کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە هەرچی هەوڵێکی خێرخوازانە درابێت پشت گوێیان خستووەو زیاتر هاروهاج بوون.

سەرەنجامیش حەقیقەتی دڕندانەیان بۆ هەموو جیهان دەرکەوتووەو ئاشکرابووە کە خومەینیو تاقمەکەی نەوەك هەر دوورن لە ڕەوشتی شارستانیەوە بەڵکو بێبەرین لە نزمترین ئاستی بەتەنگەوەهاتن و هۆشمەندایەتیو هەرچی دڵۆپە خوێنێك لەم نێوانەدا دەڕژێ و هەر دایکێك جەرگی دەسووتێ و هەرچی منداڵێك هەتیو دەکەوێ، بۆنکرووزی هەناسەیان مۆری نەفرەتێکی مێژوویی ڕەشە بە ناوچەوانی دڕندە شەڕخوازەکانی قوم و تارانەوە.

# جەنگ وڕەوشتێت شورەشگێرانە

حمید

رەوشتێ شورە شگێر نیشانەکە ژنیشانێت هزرا بەعسە و بەرنامێ هزرینێ درێڤەچونا خەباتێ داو بکارئینانا شولێ سیاسی دقوناغا باش و نەباش دا ویەردەوام بون ئامانج ژێ ئەوە موکوم کرنا ئاڤاکرنا گشتی وپێك هینانێ وکویرکرنا پەیوەندیا دناڤ کورێت میللەتی دکارێ قوماندارێ ل بن سیبەرا رێڤەچونا شورەشێ ژبو شولەکا نوی لوەختێ ئاڤاکرن قاییم ترە بو بەرسینك گرتنا ئاستەنکا یێت دکەڤنە درێکا شورەشێ دا.

ورەوشت ژێك ژنشانێت گەهشتنا شورەشێ یە بوشورەشگێرا وپێ ناسینا گرێدانا وی دگەل شولێت شورەشگێرانە ل بن سیبەرا قومانداریا پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤپشکی ـ لڤێرە رەوشت نەشیانەکا ئاشکەرایە بوشورەشگێری بەلێ پارچەکە ژ هوناڤێت بەعسی بو رویدانا بیرو هزرێت شورەشگێرانە دشولێ روژانەدا لوەختێ دبیتە شولەکا ئاڤاکرنێ وبەرسینگ گرتنێ وهێریش کرنا شولێت ب زەحمەت بو چاکترین رەنگ.

ورەوشت پێك هاتیە ژمارەکێ ژ بنگەهە و تورەی رێڤەچونا باشتر لسەر دانانا هەلوێستا تورەێ پێتڤێ سەرویەرەکێ نەراست تێدا بیت لسەر سەرویەرێ نەباش وبزاڤا بجهئینانا بەرنامێت خوڤەگرتنا شورەشگێرانە ل هەمی مەیدانێت ژیانێ وبکارئینانا بەرێخودانێت قومانداریا کومەلێ شورەشگێرانە ل بن سیبەرا بیروهزرێت پارتا قوماندار وپاشەروژا نیشانێت کومەلێ باشتر پێتڤێ شیانێت پێشڤە هەنێریا نیشانێت رەوشتی وشولی نە دگەل ژیانێ وخوگوری کرنێ، ئەڤە ژێك ژ ئەگەرێت باوەریا شورەشگێرانە بو بەلاڤەکرنا ڤان هزرا ددلێ وان دا بوپێك هینانا نەفسیەتا نوی وپاقش وراست ودروست وخەبات کەر لسەر عەدەتێت کەڤن.

وخوگوری کرن دبیتە شتلاڤێکی بو بکارئینانا بەرنامێ رەوشتی دناڤ بیر وهزرا.. ووەفایێ.. وجرئەت وئەڤینا کومەلی بوگەهاندنا مرادێ داکو پێکڤە بهێن دگەل بەرێخودانێت بنگەهی بوئاڤاکرنا کومەلێ ئابووری وسیاسی ولەشکەری.

ویابەر ئاخافتنێ دکەڤیت کو ئەم بێژین بکارئینانا شولێت رەوشتی ناهێت بێ شورەشگێرێت هاریکاریا ئاڤاکرنا بنگەهێت نوی بکەن ئەو ژێك موکوم کرنا شولێت شورەشگێرانە نە یێت پێکڤە دگەل کارێت نەتەوایەتی وهەڤپشکی درێڤەچونا بزاڤا روژانە دگەل پارتێ چونکە

شورەشگێر ئەون رێکا پارتیێ یێت ئێکێ بو بەلاڤەکرنا بەرنامێ هزرێت پارتیێ وبەردەوام بونێ دگەل مێژوویا عەرەبی (وەلاتێ مێژوو نەبن نەشێن پالدانا کورێت خوبکەت بو پاشەروژەکا باشتر) نەمرێت دناڤ مێژوویدا ب گەلەك پالەوانیا رابون چوبتنێ وچو دگەل هەڤالا بو بەرسینگ گرتنا شولێت ب زحمەت و هەروەخت شیر دهەلگرتن داکو بدەورێ خویێ قارەمان رابن بو بەرەڤانیا عەردی ومروڤاتێ وئەو پالەوان قەت دویر نەکەفتن ژ رەوشتێ فیرسێت دجەنگادا. مێژوویا وەلاتێ بوشولەکا پالدانا بنگەهی بومە هەمیا کو ئەم سەرکەڤین).

سەرکەفتن دەست پێدکەتن ژ جەرگ و هوناڤاوژ بەرزترین کارێت باپیرا یێت بەری مە ئەو دراست بون بو بجهئینانا بیروهزرا ودروستیا راستیا وان بو بنەجهکرنا ئامانجا خزمەتا مروڤایتێ دهەمی وەخت وجهادا ژوان مەیدانا جەنگێ چونکە شەر نە مەیدانا ستاندنا سەرکەفتنێ یە ژ دوژمنی یە وبەس لێ بەلکو مەیدانەکە بوچاندنا بهایێت رەوشتی کو دوژمنێ مە فێر نەبویە دناڤاکرنا پێك هینانێت جڤاکی و سینجی هەچیکە بهایێت رەوشتی نەبخو ونەگەرەك ژ نەگەرێت سەرکەفتنێ دشەرا دا چونکی رەوشت بنیاتە ڤێجا مەیدانێت بنەجهکرنێ دکەڤیتەسەر:

1 - خویاتی یا ب بەرنامێ لدویڤ بجهئینانا فەرمانێت ئەقلێ مەرکەزییە د رێڤەبەریا شەریدا وراستیا کرنا ژ باوەریا کو ئەو شەرێ ئەم دکەین شەرێ ئاڤاکرنێ ومانێیە وهشیاریا مەسەلا جەنگێ وگەودێ چیزاتی کو بەرەنگاری هەرێمێ بوێ وئەو چاندنا هزرێت نوێنە بو تێگەهینا ژینێ کو شەرڤان تێدا بیروباوەرێت پارتیێ وئامانجێت وێ دەر دبریت ،وگەرم بونە دباوەرێ وبەرەڤانێ، وقارەمانێت قادسیا صدامی شیان ب ئاوایەکی گەلەك بەرکەتی تەعبیر ژ وێنێت رەوشتی د شەران دا بکەن، ژوان وێنەیا پەیداکرنا گیانێ خوگوری کرنێ و لەزکرنا جهئینانا دەورێ تایبەتی دهەمی شەرادا، وگەلەك ژ شەرکەرا سینگێ خو ب نیشانێت مێرخاسێ خەملاندن، هەروەسا گیانێ گەرناسی وخوگرتنێ وشیان خوراگرتنێ ودەربرینێ ژ گەلەك راوەستانێت قارەمانیا کو دێ دیروك بنڤیسیت کو راوەستانێت رەوشتێ و حەژێکرنا عیراقیا بو بیروباوەرا موکوم کر..

ژ راوەستانێت وان یێت رەوشتی پەیدا کرنا نمونەیەك ژ پەیوەندیا مروڤاتیا برا لەشکەری وەکو کو هەڤگرتنەك دروست دبەرەڤانی کرنێدا وئەنجام دریکا ئاڤراندنێدا پەیدا ببیت ژبو بنەجهکرنا سەرکەفتنێ بێ کو کێماسی بکەڤیتە زەبتا لەشکەریدا، کو ئەو ژی دهێتە حساب کرن خوپێکرتنا دگەمیا قومانداریا هێزا شەرکەر.

2 - بابەتێ من پەیوەندی ب رهێت تێگەهینا دیروکی ڤە هەیە یامروڤایەتیا عەرەبا ژبلی هزرا پارتیێ وشیرەتێت وێ کو پێتڤیە پێڤەبهێتە زێدەکرن دا تەعبیر ژ بیروباوەرا بکەت ب شێوازێت کرداری دجەنگامە یا بەرەڤانێدا دژی ئیرانێ (ئەمێ نەدلشاددبین دوێران کرنا ئیرانێ ونەمە تەماعی ژیدخاکێ ئیرانێدا هەیە) ئەڤە ژی یانی شەرێ ئەم دکەین شەرەك بەرەڤانی یە بو پویچ کرنا بەرنامێت دوژمناتێ بەرامبەر رەوشت وبەرنامێت مروڤایەتێ. وشەرڤان تەعبیر ژێ دکەت، خوشی نە خسارەتا ئیرانێ تێت لێ زڤرینا هشیاریا بو حاکمێت تەهرانێ ب رێکا دیتنا راست و دروست دگەل خو بوبجهئینانا وان رەوشتێت مەخو پێڤەگرتێ دوەختێ دان وستاندنێ دگەل دوژمنی.

چو تەماعی مە دهەردێ ئیرانێدا نەبو ومەخو بەرنامێ دوژمناتێ ژێك نەگرت یێکو حاکمێت تەهرانێ خو پێ گرتی.

دڤێت ئەم دووبارە بکەین لسەر وێ راستیا کو زەحمەترین حال بەرامبەر مێرا تێت نەوەکو دێ چاوا هێزا دوژمنی وێران بکەین، دگەل پاراستنا راوەستانێت خو یێت رەوشتی لێ ڤێجا بسایا شیرەت و فەرمانێت قومانداریا سیاسی ودویرچونا بەرنامێت هزرینی یاپارتا بەعسا عەرەبیا هەڤپشکی مێرێت قادسیا صدامی شیان تەعبیر ژ دەورێت رەوشتی بکەن.

**وسـالێـت جەنگێ ئیسبـات کر کو عیـراق گەلـەك راوەستانێت رەوشتی پاراست چو لەشکەری وچو مروڤایتی وچو سیاسی ژوان:-**

1 ـ **ئەم بەرەڤـانی ژعیـراقی دکـەین. وئـەم بەرامبـەر نەراوەستاین ژبلی بەرەڤانی کرنێ چونکه داخازیت ئاشتی دهـات هەروەکی سەروکێ قومـاندار صدام حسین گوتی [داخازکرنا مە بوئاشتێ نە دو دلی تیدا هەیە ونەژی ترسی لێبـەلکـو ژ دەرگـەهێ بەرپسیـاری بەرامبـەر میللەتێ مە وهەمی مروڤایتێ هەتاکو بەرامبەری میللەتیت ئیرانی ژیك ئەوێت دکەتینە بن دەستێت خمینیو تاخماوی) و داخازا ئاشتێ کو عیراق دخوازیت ژ شیانێ تێت.**

2 ـ هەر چەنـدە عیـراق شیـانـا وێـران کرنـا دوژمنی ودویـرکـرنـا وی ژ سـنورێ مە وچـونـا دناڤ عەردی وی‌دا دشـەش روژا دا بـ هزاران (کلم)لێ قومـانـداریـا سیاسی ژ بـەر زێـرگـرتـنـا بهاییت رەوشتی بریـارا استـراتیجی‌دا بو ژکیشـانێ ژعــەردێ ئیــرانی. بڤی کاری ئیسبـات کر کو دلێ‌وی ناچیتە ڤەگرتنا عەردێ ئیرانی.

3 ـ گەلەك ژ دەولەتێت شەرکەر گوهـ نادەتە میللەتێت زورداری دکــەن ژ رەخێ دبلومــاس ڤە دگـەل دەولـەتێت ستەمکار بەلێ پاعیراق بو راوەستانا رەوشتی گەلەك دەلیڤە دانە هێزێت دژ حوکمێ دەجال خمینی.

وهـاریکـاریـا وان کر و ریـا رێـزگـار بونێ ڤەکـرداکـو ژ جەهنەما خمینی قورتال بن.

4 ـ چونکی ستـامکـاری بێ رەوشتیـە حوکمـداریت تەهرانێ خو بێ‌گرت وتێدا تەفەنن کرن ژڤان ستەمان رابونا وان کوشتنـا ئێخسیـرێن عیـراقی بڤێ کارێ خوژ هەمی عەرف وعـەدەتێت دەولـەتـا دەربـاس بون. لێ‌عیـراق بەروڤـاژی‌دا راوەستـد چونکی رەوشت بەرامبەر ئێخسیریت ئیرانێ بکارئینان.

5 ـ دمێژوویا جەنگادا کەسێ تومار نەکریە کو دەولەتا ستـەمکـار ژدەولـەتـا سـتـەم لێ هاتیـەکـرن بزانیت کو دێ کەنگي وچەند هێزا لەشکەری ول کیدەری ول چو وەخت وجهێ شەرکرنێ بهێتە دیارکرن.

6 ـ ئیرانێ باژێرێت مە یێت سنورێ گولەباران کرنە و دکن ژێ عیراقێ تەحزیرا وان دکر داژڤێ دیناتیا وان کیم بکەت، لەوا عیراقێ گەڤا لێدانا هندەك باژێرێت وان کرن پشتی کوگوتی خەلکێ باژێرا دویربکەڤن ژبەر ڤێ عیراق دەورێ‌خو بێ رەوشتی ژ دەست خو نەکر وەختێ ل باژێرا ددا وبەرپسیاری دکەڤیتە لسەر ستوێ حوکامێت تەهرانێ.

7 ـ گەلـەك ژ کورێت میللەتێت ئیـرانێ نەرازیبـونـا خو دیـار کرن بـ بەردەوام بونـا شەری وگـەلـەك ژوان رابون بـ رەڤـانـدنـا بالـەفرێت ئیرانێ وهاتنە عیراقێ وب راوەستاندنا رەوشتی عیراقێ پێشوازیا وان کروبـ مێهڤانیەکا جوان رابو بەرامبەر وانا ورێك لبەروان ڤەکر کو سەرەدانا مەزارا بدەن وماف دانەوا کو بمینن ل عیراقێ یانکو بچنە هەچی دەولەتا وان بڤێت.

8 ـ عیـراقێ تڤـالێت ئێخسیریێت ئیرانی فرێکـرنـە بو دەیـابێت وان ئەڤـە ژیـك دبیتـە ژ رەوشتێت قومانداری بو چاڤدێریا تڤالا ودویرئێخستنا وان ژ مەیدانێت شەری ولسەر هندێ رائیرانێ بەرائەتا خو ژوان کر.

9 ـ ڤیانا عیراقێ بـ بەردەوام بونێ دناڤ بەرا ئێخسیراو خیـزانێت وان لوەختێ بچـاڤـەکێ بهـابـەرێخـودا هەمی کاغەزێت ژ ئێخسیرا تهێت وبو وان دچن هەروەسا عیراقێ قەبیـل کر بـ داخـوازا پێشـوازیا خێزانێت ئێخسیرێت ئیرانێ بکەت بو دیتنا کورێت وان لوەختێ دبیتە شولەکا رەوشتی دگــەل مافێت مروڤـایتێ وکـومـەلایـەتێ ڤی تشتی لوەختێ رژێما ئیرانێ یاکەڤنەپەریسی خو ژ دویر ئێخستی.

دیماهێ راوەستاندنا رەوشتی جامێری‌و عەگیدی وقەنجیا بەرنـامێت خو بوتێگـەهینـا ژینێ بـ هێـزکـرنا دان و ستاندنا مروڤــاتێ. ئەوژی هەلمـژینـا پێتڤێت مانێ لژێـر سیبـەرا قومــانـداریـا کو دزانیت چاوا ئامـانجێت خو دیـاربکـەت وبیــروبـاوەرێت خو دهـەمی مەیـدانـادا وبمینیت دسـەرێ شەرکـەری‌دا ئەڤـەیە مەزنتـرین راوەستـانا رەوشتی‌دا زیانێ نەگەهینیتە بیروباوەرا ییکو بەرەڤانی ژعیراقی دکەن.

# «خەرجیان سوتا» ١٥/آب



سەرکەوتنێکی تازەی ئاسمانی
بڕی دەماری دڵی خومەینی
دورگەی خەرجیان کەوا سوتاوە
بومبای عیراقە لەدڵیان داوە
فرۆکەکانمان شوێنیان ئەزانن
پاشاکانی قوم باباش بزانن
سوپای دڵسۆزمان بۆیان وەستاوە
وێنەی سەرۆکیان لەسەریان ماوە
عیراق ئەناسی دۆستو دوژمنی
چڵکاو خورانی سوریاو قومی
تاکو سنور خۆی پاك نەکاتەوە
جەنگی ڕەوای گەل گشت نەباتەوە
ڕۆڵەی ئەم خاکە قەت چەك دانانێ
بەکوردو عەرەب ئەتان روخێنێ
پەندی پێشینان کەلامان پاوە
لەوەرەسەی شا هەر خومە مادە
هەرکەس سواری ئەسپی شێت بێ
سواریش بزانی هەرئەستۆی ئەشکێ
حاکمەکان ایران بیربکەنەوە
بۆڕێگای ئاشتی ئاوڕدەنەوە
سوێندم بەوخودا ماوەو ئەمینی
میللەت تۆڵەتان هەر لێ ئەستێنی

علی ابراهیم درویش
جیگری ئەمینداری گشتی ئەوقاف

# نامەیەك لەگیرفانی شەهیدێکی کوردێکی ئێراندا

**نووسینی: مستەفا جاف**

**بەرەکانی جەنگ ناوەڕاست**

بە هیوای دیدارەکەت کە دێم بو نزیك شارەکەت ئەم کاتەت شاد بینایم.........

سلاوێکی گەرم و هیوام ئاسودەیی سەرکەوتنتە، دوایی ڕیزێکی زۆر هەواڵ پرسین لە ناخەوە بەگەرمی تاسەو ئەکەم.

بیرت دێت هەموو کاتێ ئەمووت تۆ منی و من تۆم؟

هەودا گیان: تۆ وەك پیرەمەگرون بەرزی تالێت نزیك کەوم بەرزتری هەودا گیان ......

بەدەس ڕەشەبای ڕۆژگارەوە وەکو پرچە پەرێشان و هەوداو تاتاکانی تۆ وام بەلام شادم کە نەبەزو سەربەرزم ،مانوێتیو لادان نازانم. هەرچەندە خەبات سەخت و پیس بێ هاوتای ئالم، کاروانی خەبات بەچیای هەمەلایا هەلگەڕاوە بۆ ئیڤریستی لوتکە ئەچێ کە کەژاوەو ئاهەنگی سەرکەوتنی لێیە. ئەگەر نەنگاوترام وپێی گ،یشتم باوەشێ ئەکەم بەو هەموو ئاوات و خۆزگەو ئارەزووە کەهی هەموو گەلە، بەلام تۆشی بۆمن تیای، چۆن ئەیانگروشم نەبا ئازارت بگاو ڕوشمو لێ وەرگیرم نەوەك، هەناسە بەتەووژموگەرمەکەم پەڕەی گولی گوناو بژاکێنیو.......

نازانم چیو بۆ بنوسم بۆم بکرایە دلم بەخوێن و گۆشتەوە دەرئەهێناو ئەمخستە توێی ئەم نامەوە چونکە زۆر بیریکاو تاسەی ئەکاو ئەتوانێی هەموو شت وپێی بلێ بەلام ناکرێ، چونکە هەر بەشی تۆنییە، بەشێکی زۆری مولکی نیشتمان و ستەم کێشەکانە، ناتوانم تالیو هەمور باسەرەشەکانم لێك گرێدەم.

ئەوەی کە نووسیبووت ڕاستە، ئافرەت و پیاو یەکسانن و کۆت و پێوەندە کۆمەڵ کردووەکان لە دەم ودەس ئێوەدا قورس ترو قایم ترن بەلام نازانی کۆت پێوەند هێشتا بەدەس و پێی ئیمەی پیاویشدایە.

شەری ناکۆ کییەکانمان لەم نامەیەدا ناکەم خەزئەکەم خەفەت نەخۆی ئەزانم دەسەلات و گوچاری کەس و کارە زەنگەپێکەو مێشکیان خواردووی، ئەیانەوێ بەخەو بخەنە دەس قەڵ پیاوێ.

نەبەزو خۆراگربە. هاوڕێم. گولم. حەزم ئەکرد کە تۆش پێشمەرگەیەکی نوسەلەبوویتایە دژی ئاخوندەکان تا شەوانی بۆسەو پاسەوانی ببینیایە تا سەنگەری زستانی سەر چیاکانی ئەم کوردستانە ئازیزەی ئێران و ببینیایە،. لای میراوێ کەبەفر پیچی جا مانەو قولی پالتۆی پرکردووین ناو سەنگەرەکە ئەلێی بانیوێی پر لەتە پاروی کۆشکە هەلدرەکانی حوایێ داوەکانە.

زۆر شتی جوان و سەرنج ڕاکێش و ئالۆزتر هەن کە لە توانای خامەکەی منا نییە وەصفی کەم ئەگەر خامەی دێوە سپییەکەی ئەدەبی کوردی پیرۆز ......... هەودا گیان..

دە ڕۆژی تر نیازی چالاکییەکمان هەیە دێین بۆ نزیك شار، چوار ڕۆژ پێش ئەوەی بێین بەناوی سەردانەوە وەرە بۆ نزیك گوندەکەی پار، تا ئەو بیانوەوە بۆچەن ساتێ لەناو دەروونی چەشنە تەنوورمانا خەوی خۆشیمان لێ بخا بەهیوای دیدار.

# بزانن



دیاری بۆ: زەحمەت
کێشت ب دژی رژیما کەڤن
پەرستا ئیرانی حەباتی دکەن.

بزانن گەلی بەیاران
چاندن ل هەموو بەیاران
تە ـ ح ژدارا قازی خوێن
گەهشتنە دەریایێت زۆر کۆن
بونە کەلەم ژ بۆ دەجال
سرود بووە مەنال مەنال
ژبۆ قایم کرنا دلان
سڤك کرنا بارێ ملان
کوردە وا ـ ی زۆر شرین بوو
ب ئاشت و رێزو ئەڤین بوو
ژوێ مەهاباتێ باندان
هێلان تەڤ کەڤنە پەرستی
گۆتن بمرت تەڤ فاشسیتی
ئەڤ دیلانا زەحمەت کێشا
زۆر یەب کول و دەردو ئێشا
هاوار هاوار گەلی ژارا
گریا زاراواو بریندارا
راوەستیا ل ئاسمانا
خر پێسکڤە هەموو دلملنا

زێدۆیێ باعەدری

# هەوارگەی ئەلوەن



[پێشکەشە بە گیانی پاکی شەهید ـ حاجی سمایل ـ کە لە سەرەتــای ئەم مانگــەدا، بە گوللەتــۆپی دوورەمــەودای دوژمنانی ئاشتیو ژیان، خومەینی‌یە دڵرەقەکان، لە شاری نەبــەزی خانــەقین، گیــانی خاوێنی بە خاکی دێــرینی نیشتمان سپاردو بەرگی نەمری ، شەهید بوونی لەبەرکرد.]

ئەلوەنی دڵ..
هەوارگەی گوڵ..
هەوارگەی خۆی جێناهێڵێت!
هەموو ڕۆژێك..
دەم وچاوی ئاسۆی گەش و
زێرینی شار
بە ئاوونگی ڕوونی بەهار
دەشواتەوە!
بەلای دوو کارێزدا،
هەنگاوی گورج دەهاوێژێت،
لە (جەلەوە) بە خوارەوە
ئاووڕێکی بە سۆزانە لە (عەلیاوە)
دەداتەوە!
هەموو ڕۆژێك باوەشی توند
بۆ گەردنی «خانەقین»ی شاری دارەخورماو
زێڕی ڕەشی خاکی دێرین
دەکاتەوە!
ماچی گۆنای وورەی بەرزی خۆڕاگرتووی
دانیشتوان.. دەکاتەوە!

× × ×

منداڵەکان..
جلی قوتابخانەیان..
جوان پۆشیوە!
ڕووەو ئاسۆی فێربوون دەچن!




لە (مەیدان)و (پاشاكۆپری)و (مەزرەعە)وە
لە (حەمیدیە)و (عەولا بەگ)و (جەلەوە)وە
وەك زەنگیانە
وەك گەردانە
شەقامی شار.. دادەپۆشن!
جەنگاوەران..
وێنەیەكی ڕەنگینیتر
لە بازارو شەقامانی شارەكەدا
دروست دەكەن!!
تفەنگەكان.. لە سەر شانیان..
نیشانەی وورە بەرزیو كوڵنەدان..
وەدەردەخەن..
لەم گەڕەك و لەو گەڕەكی شارەكەوە
تاك و تەرا.. دانیشتووان..
بەرەو بازاڕ

ئەسپی نیازیان.. زین كردووە!
پێویستییەكان.. بەجێدێنن!
زوڵفی وورە بەرزیی شاری دارەخورما
دادەهێنن!!
× × ×
كاتژمێری نوێ بەیانی
واتێپەڕی
دیسانەوە..
تۆپی دوورە مەودای دوژمنەكان..
دوژمنە ڕمە لە دڵەكان
شارەكەیان..
كردە هێلّ و خاڵی نیشان!
دایانە بەر گوللەتۆپ و ئاگر باران!!
× × ×

حاجی سمایلی بەساڵ دا چوو
لە (تاریکە بازاڕ)دا بوو
هۆش و هەستی لەلای منداڵەکانی بوو!
گوللەتۆپی دوژمنەکان. .
بە ئاگرو ئاسنی سوور
ئەم لاو ئەو لای ماڵیانی هەردەکێلا
کەس ژێرخانی جێنەهێلا
حاجیی پەرۆش. . پەرێشان بوو
بیری دڵی. . لای خێزان بوو
بێدەست وبرد
پەنای بۆ ئامێری تەلەفۆن برد
هەلاو. . هەلاو
ئێوە چۆنن. . نەپێکراوون. .
تۆپی ڕەمو کینە لێی نەداوون.
لەو سەرەوە. .
دەنگێك. . وەڵامێکی دڵخۆشکەری
بە گوێی هەستی وورووژاودا خێرا چاند!
هیچ نهێنیی نەدەدرکاند!
بەڵام ئەمی دڵ پەرێشان. .
بێ ئوقرەدان. .
خۆی گەیاندە. . نزیکی ماڵ
کەچی گوللەتۆپی بێباڵ
وەك داڵ
لە سەر شۆستەی باخچەکەدا
ناڵاندیوبۆی تەقییەوە
پارچەی ئاسن و پرشی ئاگر
وورگی حاجی بریندار کرد.
حاجی. . بە دوو دەستی
پڕ مەبەستی. .
وورگی توند گرت!
ئالای خوێنینی بە قوربانیبوونی. .
نیشتمانی
خێرا هەڵگرت!!

× × ×

حاجی سمایل. .
بەرگی خوێناوی لەبەرکرد
مژدەی سەوزی بۆ (ئەلوەن)برد!
(پاشا کۆپری) جێ ناهێڵێت!
دەستی وەفاداری لە گەردنی
(ئەلوەن)ی گر. .
ناکاتەوە!!
لە بۆردومان. . هیچ سڵ ناکات!
لە دوژمنان. . هیچ سڵ ناکات!
هەوارگەی خۆی. . هەوارگەی کۆن.
جێناهێڵێت. .
دارخورماکان. . جێناهێڵێت!
وورەو خۆڕاگرتن. . دادەچێنێت!!
لە ناو شاردا. . لە ناو ماڵ دا.
ناو منداڵ دا. .
لەناو خاکی خانەقین دا. .
هەردەمێنێت. . هەردەمێنێت!!
ئاسوگەی شار. .
بە نیشانەی سەرکەوتنی نەبەردەکان. .
دەنەخشێنێت!!

● نیسانی 1984 ●

تێبینی:

- دوو (کارێز): دوو گوندی نزیك خانەقینن.
- جەلـەوە، پاشـا کۆپـری، مەزرەعـە، حەمیـدیـە، عەولابەگ: لە گەڕەکەکانی شاری خانەقینن.
- ئەلوەن: ئەو ڕووبارەیە بە خانەقین دا تێدەپەڕێت.
- عەلیاوە: گوندێکە نزیك بە ڕۆژئاوای خانەقین.
- تاریکە بازاڕ: لەبازارە کۆنەکانی خانەقینە.

# منالێکی ئاوارە

پێشکەش بەمنالانی لبنان و
کوردستان ئێران



چرکە چرکە کات بەرەو پێشەوە دەرۆیشت لەوکاتەدا دەنگی مەلاکان لە مزگەوتەکان بەرز بۆوە. دەستم لەکار هەلگرت، خۆم رێك خست و دەرگای دووکانەکەم هێنایە خوارەوە بەرەو ماڵ شۆر بوومەوە. دیتم و گوێم لە هەرای منالان بوو. سەیرم کرد کۆمەلە منالێك بە دوای پێچووە منالێك کەوتوون بەووتەی ناشیرین و بەردەفرکە ـ گە پشتمەلایان دڵم بەمنالەکە سووتا بەزەیم پێ هاتەوە بە چ جۆرێ بوو توانیم رزگاریکەم لەدەست منالەکان..

لەگەل خۆم بردمەوە ماڵ ـ لەدوورا لەسەرچنگ دانیشت ـ خوا چی کرد بە بەشمان خواردمان بۆ چای خواردنەوە هاتەپێشەوە.. ووتم: بچکۆل کەلێرە دەرچووی یەکسەر بگەرێتەوە بۆ مالی خۆتان ـ نەخوا منالان بەدوات کەوت دارکاریت بکەن ـ نەی هێشت ووتەکەم تەواو کەم فرمێسك لەچاوە شێراویەکانی هاتەخوارەوە...

خالۆ گیان مالم نیە...

بۆ...! ئایا کەس هەیە مالی نەبێت تاکو مێرو لەش مالی هەیە. بەلێ، بەلێ دەزانم... بەلام مالی من سەرکورسیەکانی چایخانەو مزگەوتەکانە.. لەسەر ئەوەش جاروبار پۆلیس تێم هەڵ دەدەن. زیاتر خۆم پێ رانەگیرا

... بۆ...

دایك و باوکت نیە، بەقورگی پر لەگریان نەخێر خالۆکیان ـ بریا بەمردوویان چونکە... تەنیا مالەکەم لێ کۆر دەبۆوە.

بەلام من دێ و مالەکەمان لێ وێران کرا تەنیا چەند منالێکی وەك و من لێ ئاوارەو دەربەدەرکرا ـ ئینجا هەناسەیەکی دووری داو ووتی: ـ دێیەکەمان بەفرۆکە یدەمان دا بۆیە بێ بەش بووم لەدێ و هاورێ خۆشەویستی دایك و باوك.

**طارق غفور منتك**

# چەند پرسیارێکی بێ وەڵام؟!

**صابر عثمان قادر**

- دایکم.. باوکم چیان بەسەرهات؟! ئەی کوا براو خوشکەکانم؟!

- منداڵەکانم.. خێزانەکەم چیان بەسەرهات؟! ئەی هاوار بۆ وەڵام نی‌یە؟!

بەڵام لەکێ بپرسم؟!

- شارەکەمان بەتەواوەتی وێنەی لەسەر نەخشە سڕایەوە! بۆ وامان لێ دەکەن؟! بۆ... بۆ؟!

هاوارو هاتەو گریان و ناڵە و دەنگی ناپاڵم و بۆمبا ئاوازێکی خەمناکی خەماویان پێک هێنابوو. تۆش وەک گێژ بەدوایی یەکێک دەگەڕای خەم و ئێشی دڵتی بۆ هەرزێژی کەست نەدەدۆزیـەوە تا دەهـاتیش ئێشی باسکت هێـزی لێ دەبری، تاتۆش وەک هەزارەهای کەڵەشی‌تر لەبەرامبەر بە کەلاوە خانـوێـک لێکـەوتیت. ئینجا کۆمەڵێک پرسیار بەرۆکیان گرتبیت داوای وەڵامیان دەکرد:-

- [ئەوەی داوای مافەرەواکانی بکا دەبێ وای لێ بکەن؟!

دەنگی مرۆڤایەتی کوانێ؟! ئایا جیهان لەسەر ئەم کارە نارەوایـەش بێ دەنـگ دەبێ هەروەک جارانی پێشـوو؟!، رۆژنامەنووسەکان لەکوێن؟!

ئەی مێژووو دەبێ چ بۆ شارە قارەمانەکەمان تۆماربکا؟!]

هێدی.. هێدیش تاریکی دەیەویست خۆی بەسەرشارە وێران کراوەکەتان بکێشێ بەڵام هەروەک چۆک دانیشتوانی شار دەست بەسـەراگـرتنیـان قبوول نەدەکرد... مەشخەڵە ئاگرەکانیش ئەوها تاریکیان قبوول نەدەکرد دەیانەویست بۆ جارێکی تـریش ئەو راستیە بسـەلمێنن کەوا هێشتـا شاری (سنە) وێران نەبووەو ناش بێ!

لەهۆش چوویت....

بۆ بەیانی کەهاتیتەوە هۆش سەیرێکی ئەم لاو ئەولای خۆت کرد.

ئەوساکە زانیت تۆ برینداریت و لە نەخۆشخانە کەوتویت بەڵام تابلۆ ماتـەمیـە تاسـاوەکـەی دوێنی ئێـوارەت هەر لەبـەرچـاوبـوو زۆریش بەتامەزرۆیەوە دەتەویست گوێت لە هەواڵێك یان هەرباسێکی شارەکەت بێ. بۆیە وەک شێت هاوارێکت لە سستەرە ئێشك گرەکەکرد.

- [ئاتوخوا.. شارەکەمان.. کە سانمان چیان بەسەرهات؟!]

- ئەوەی راستی‌بێ منیش شتێکی وانازانم تەنها ئەوەندەم لەسەر لاپەرەی‌یەکێ لە گۆڤارەکان خوێندەوەکە گوایە شاری (سنە) بوو بە چادرگەی (س).

ئاخێکی درێژت هەڵکێشا...؟!

ئەوساکە زانیت پرسیارەکەکانی تۆو هەموو هاوڵاتیەکانی ریش بێ‌وەڵام مایـنـەوە گومـانـیـشـت لەوە نەبـوو کە بێ‌وەڵامیش دەمێنەوە؟!

**سەرەنج: ئەم چیرۆکەم پێش کەشە بەشۆرش گێرانی شاری سنەی تێکۆشەر.**

# رۆشنبیری و پێکهاتنی چینایەتی

## هاوڕێ باخ

ئامادەکردن و وەرگێڕانی
مجید ندیم

گەلی کورد وەك گەلێکی زیندوو بە توانا زۆر لە کۆنەوە توانیویێتی کە خاوەنی وێژەو هونەر بێ و تا ڕادەیەکی زۆریش لە هەر دۆخێکدا بووبێ نەیهێشتووە لە کاروانی ئەم وێژە هونەرو . . هتد . . دوا بکەوێ.

بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە سەرەتاواتە ساڵەکانی پێش جەنگی یەکەمی جیهان هەر چەندە وێژەو هونەری کوردی هەبوون و بە شیعرو هونەر دیوەخان و حوجرەو مزگەوتەکان گەرم ئەبوون و رۆشنبیران و هونەر دۆستانی ئەو سەردەمە کۆ ئەبوونەوەو بەو پەڕی خواست و

ئارەزووەوە گوێیان بۆ شل ئەکرد . . بەڵام ئەم وێژەو هونەرە هێشتا دەستی رەخنەو رەخنە سازانی نەگەیشتبوونێ و هۆی ئەمەش دیارە ئەگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئەو سەردەمەی گەلی کورد.

رەخنەش یەکێکە لە هونەرە بەرزەکان و زانستەو شارەزای تەواوی ئەوێ . . ئەو هونەرەبەرزو ئەم زانستە بە پێزو ئەم شارەزاییە باڵایە پاش ساڵی 1920 بە هۆی هەندێ رۆشنبیری ئەو سەردەمەی گەلی کوردەوە خۆیان گەیانە شاری سلێمانی و رابەری ئەم کارە مەزنەش شێخ نوری صالح بوو . .

رەخنە هەر چەندە تا ئێستە لە وڵاتی ئێمەدا شێوازی خۆی بەرامبەر جۆرەکانی رێبازی وێژەو هونەر بە تەواوی وەرنەگرتووە هەرواش لە ئەوروپادا . . رۆژهەڵات و رۆژئاوا ئەم کاری رەخنەو رەخنەسازییە هێشتا رێگەکەی تەخت نەکراوە بۆ ئەوەی کاتێ کە رۆشنبیر هات بە تەواوی لەو رەخنەیە کۆڵیەوەو لە سەری رۆیی تەماشای چیرۆکێ یان شیعرێ یان هونەرێ لە هونەرەکانی کرد یەکسەر بتوانێ بزانێ رەخنە لە کام جێ ئەو چیرۆکە ئەو شیعرە ئەو هونەرە

ئەگیریو کەم و کورتیەکانی کامەیە.. ئەم کارەش کەوا جاریٰ بە تەواوی سەری نەگرتووە.. راکان زۆر نزیکن لە

یەکتری بەلام لە گەلیٰ شوێنـدا لە یەکتر تەواو دوور ئەکەونەوە.. ئەمەش لام وایە پەیوەندی بە بیروباوەڕی تایبەتیو شوێن و پایەی ئەو رەخنە گرەوە هەبیٰ.

بۆ نموونە بزانین رەخنەگری ئینگلیزی (جیمزجاك جندن) ئەلیٰ چی.(1)

رۆمانی ئینگلیزی هەمیشە بایەخێکی زۆری بە بیری، چینایەتیو جیا کردنەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵەکەیدا بە پیٰی بنەڕەتی کۆمەلایەتیو جوگرافیاییو کارو دەست رۆیشتن داوە.

هنری فیلدنك کە رومان نوسە لە رۆمانەکەیدا (توم جونز) پالەوانەکەی بە مرۆڤێکی سروشتی لە قەلەم داوەو لە گەلٰ کرێکارو گەورەی دێهات و پرۆلیتاری شارستانیو رۆشنبیری لەندەندا بەراورد کردووە.

لە سەدەی نۆزدەدا زۆری رۆمان نووسەکانی وەکو دیکنزو جۆرج ئەلیوت و ترولوب خەریکی جیاکردنەوەی چینەکان و لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر چوونیان کەلکەلە بووەو لە دەست

- نیشان کردنی کۆمە لێشدا لە چوارچێوەی چینایەتیدا ئەو نووسەرانە نووسینەکانیان ئەوە کاری تیٰ کردبوون کە دۆخی کۆمەلایەتی مرۆڤە تا رادەیەکی زۆر هەلوێست و بە پیرەوە جوونی مرۆڤ بە رامبەر بە جیهان درووست ئەکات.-

ەگەلٰ ئەوەشدائەمانە هەر چۆنێك بیٰ نەیانتوانی تاکە پالەوانی خاوەن رەوشتی تایبەتی یاخود پالەوانی بینەرو بەکارو خۆ بەدەستەوە نەدەری شوێن و رۆژگار بدۆزنەوە..

هەروەها مەرجەکانی رومانی کۆمەلایەتی لەو دەمەدا لە

زۆری ئەو کەسانەی کەلێیان ئەدوێم پێویستی بەوە ئەکرد کە شوێن و رۆژگارو خێران وکاریان لە چوارچێوە وباس کردنی چونیەتی تاکەدا بیٰ.

لە رۆمانی سەدەی نۆزدەدا، هەروا لە رۆمانەکانی دیکنزدا پالەوانی تاکە بە زۆری بەرامبەر بە کۆمەڵیٰ دائەنرا

کە هەمـوو کار تێکراوییەکی تری بە جۆری چینایەتی وریای یەوە تیارون و جیا جیان. پالەوان نموونەی چاکەکاری بوو بەلام ئەوانی تر نموونەی خراپەو بوگەنیو بیٰ مێشکیان بوون. لە گەلٰ ئەوەشدا بە پیٰی گۆڕانی رۆمان چینایەتی بووە هۆیەکی گونجاو بۆ دەرخستنی ئەو بە شوێن یەکتردا هاتنەی کە دۆخی کۆمەلایەتی تاکەی پیٰ دەستنیشان ئەکریٰ.

رۆمان لە گەلٰ ئەو مێژووە کۆمەلایەتیەی وردەی دوو سەد سالی رابووردوو هەیەتی ئەبینین پێکهاتنی چینایەتی لە ئینگلتەرە تەواو چاپووك نەبووە. خەلکە بە کارو لێهاتووەکان هەمیشە توانای بیرکردنەوەیان لە گۆڕین لە شێوەیەکی کۆمەلایەتیەوە بۆ شێوەیەکی تربووە. ئەم کاری گۆڕانە وەك کەم نەبووە هەمووکات سەرکەوتووش نەبووەو بەلام توانای گۆڕانیش زۆر هەبوو، زۆر جار نووسەرێکی رۆشنبیری بیٰ گریٰ دووپاتی ئەم توانایە ئەکاتەوە ئەمەش هۆی ئەو

بایەخەیەتی کە بە تاوتوکردنی کۆمەڵەکەی ئەدا لەو پەری نارەحەترین چوونیەتیو ئەو پەڕی بە یەکدادانیدا. ئەم جۆرە نووسەرانەش هەمیشە بە لای پشت گویٰ خستنی کۆمەلی پیاودا ئەچن لەوانەی کەوەك باوە وابۆ چینایەتی

ئەروانن کە دەسکەوتێکی پەسەندو پالپشتێکی پەسەندەو تەنیا بایەخ بەو تاکە پیاوە ئەدات کە وا بۆ چینایەتی ئەروانی کە گیروگرفت یاخود مەسەلەیەکی سەرسوڕهێنەرە. لە سەر ئەم بنەڕەتە هەندیٰ رۆمان نووس لە بایەخدانیاندا بە

پێکهاتنی چینایەتی کە بەشی زۆری خەڵکی بایەخی پێ نادات زۆر رۆشتوون و بەمەش کەمێ مێژووی کۆمەڵایەتیان لە کەدار کردووە.

لە سەدەی بیستەمدا روون بووەوە کە پێکهاتنی چینایەتی بە هێزتر بوو خەلکی لە چینێکەوە بێ کری و خیرا ئەچووبە چینێکی ترەوە.. پەرەسەندنی جەماوەری رۆشنبیرو گەشە کردنی هەلی فێر بوون دەرگایەکی فراوانیان لە بەر دەم ژمارەیەکی زۆری خەڵکدا کردەوە بۆ ئەوەی چابووك بن و بیر بکەنەوە لەوەی کە بنچینەی چینایەتیان بگۆرن. ئێستە رادیۆو تەلەفزیۆن دەنگی ئەو ەتانە بلاو ئەکەنەوە کە لەوەو بەر بەشێوەیەکی فراوان ناسنامەی چینایەتی بوون.. وای لێهات ئەم دەنگانە لای زۆر کەس بوونە کەرەسەیەك بۆ دۆخێکی گاڵتەجاریو درامی زیاتر لەوەی کە ببنە دەرەسەیەك بۆ دەرخستنی نیشانەیەکی جیاوازی ناسنامەی چینایەتی.. ئەمە بێجگە لەوەی کە گیروگرفتە زۆرەکانی کۆمەڵی بەریتانیا بە تایبەتی لە جەنگی دووەمی جیهانەوە کە گیرو گرفتی چینایەتی نەبوون چونکە ترسان لە بۆردومانی زۆر تێگەینی گشتی لە جەنگی ئەتۆمی ئەو هەلوێستە درووست ناکەن کە بتوانرێ لە سەر بیروباوەری تەقلیدی چینایەتی جیابکرێتەوەو دەربخرێن.

مرۆڤ لە سەدەی بیستدا کەمتر دلنیایە لەوەی کە بتوانێ بمێنێتەوەو بژی.. ئەمەیە ناسنامەی جیاوازی کۆمەڵایەتی ئەو.. جائەمە ئەگەر لەگفت وگۆ کردنیابێ یان بە بەرۆکی بەروانکەکەیەوە هەلواسرابێ دیارەو ئەم هەستەش بەلایەوە زۆر بێبایەخە. دیسانەوە گۆرانێ کە بە سەر رۆشنبیریدا هات شان بەشانی تەسك بوونەوەی دەلاقەی گیروگرفتەکانی ناوجیهان کارێکی ئەوتۆیان کردبوو کە دروست بوونی چین - چینایەتی جێگەی گومان بێ.

نووسەری هاوچەرخ وای ئەبینێ کە چینایەتی کەرەسەیەکە بۆ چارەسەرکردن و شی کردنەوەو لە نەشتەردان نەك نیگاری یاخود وێنەیەك بێ. بۆ کۆسپێك بۆ بەرەنگار بوونەوەی تاکێتی. چینایەتیش بە لایەن نووسەری هاوچەرخەوە زیاتر ماوەی دەمەتەقێ و زیاتر پەسەندبوو لەو هاوارە تایبەتیانەی کە بۆ رزگارکردنی جیهان و چارەنووسی ئادەمیزاد رائەهێلران جا لە بەر ئەوەی لە سەدەیەکدا ئەژین بە پێی هەموو جیهان زانستی ریکخستنی سیاسی میتافیزیکی تێدانیە، بەشی زۆری رۆشنبیر ئەبینین بازنەی دەمەتەقێ یەکە دەستنشان ئەکات وباسی گیرو گرفت چۆنە وامان بۆ ئەکەن چونکە زۆری ئەتوانێ زۆرتر لەوە واتای بە کورتی دەست بکەوێ کە لەوە بالاترە لە گیرو گرفتەکانی جەنگی ئەتۆمی و میتافیزیکی وچینایەتی دەستی بکەون. بە لایەن رۆشنبیری هاوچەرخەوە بە زۆری خەلاتێکی دەستنیشان کراو دوورو درێژ باشترە لەو گیرو گرفتانەی کەلەو گەورەترو دەسەلادارترن هەروەها لەرێگای ئەم مەسەلە دەستنیشان کراوەوە ئەتوانێ ئەوەی تێ گەیشتووەو دەوریان داوە شتێ دەربرێ، سەرباری ئەوەش زیادە چونە ناوەوەی تێکەلاوی چینایەتی و زیادی ژمارەی خەلکی کە ئاسمانی چینایەتیان گۆریوە یان گۆرییان نەداوەتێ لە ژێر ناوی پایەی چەسپاندنی توندا چوونە ناو دۆخی گیروگرفتەکانی چینایەتیەوە.. بە زیاد بوونی ژمارەی رۆڵەکانی چینی کرێکاران ئەوانەی کە لە زانکۆکان سەرکەوتننامەیان وەر گرتووە جیاوازی گەورە نێوان چینایەتی رەسەن و دۆخی نوێ ئاشکراو گرنگ بووو هەرواش بووە کەرەسەیەکی رۆمان و شانۆگەری کۆمەڵایەتی.

لە بەشێکی زۆری ئەدەبی هاوچەرخا پاڵەوان نموونە لە سەر ئەو هەلوێستە گۆرا وانەی چینایەتی ئەهێنێتەوەو ئەمەش وەك کارەکانی فرووین وفلیپ لارکن و گەلێکی تریان.. بە زۆری باسی پاڵەوانەکە ناکات کە وا ئەگاتە خالێك لە نێوان دووچینیدا، واتە لە نێوان چینی جیهانی یا خود چینی

ناوەڕاستی جیهانی کە خۆی لەوەوە درووست بووە لە نێوان چینە بەرزەکەدا ڕۆشنبیری توانای گەیشتوونێ. . ئەم نووسەرانەش خۆیان لە چینەکانی جیهان وە سەرهەڵنادەن، بە جۆرێکی ئەو تۆ کە نووسەرێکی هاوچەرخ بۆ نیازێکی مەعنەوی زۆر جار پاڵەوانەکەی لە شوێنێکی کۆمەڵایەتی وا دادانەنێ کە شوێنەکەی خۆی کەمترە، ئەو شوێنەشەکە گیروگرفتە مەڵبەندیەکە بۆ مرۆڤی دروست ئەکات کە لەگەڵ کەشێکی دەستنیشان کراودا ڕاهاتووەو ئەیەوێ بە پێی مەرجی کەش بەرەو چوار چێوەی کەشێکی تر بچێت. . (جیمی بورس) ڕۆشنبیرو خاوەن خێزان وژنەکەی لیهاتووەو خوشی لە شاری (مەدلاندیە) دوکانێکی شیرینی هەیە. بەڵام (جیم دکسن) بەرەنگاری زانکۆی ئەرستۆکراتی بەوە زانەوەستێ کە بیرەو گەمە سازی (نکتە) ناو بازار لەو بە بشتر ئەزانێ. . ئەم ناودارانە بەرهەمی چەرخێکن کە حەنکی ئەتوانن لێیانەوە بەروونی لە ناوچینەکاندا بجوولێن، ئەوانە ناو دارێکن ئاڵۆزی گەورە خێرا لە ناو کۆمەڵێکی گۆڕاودا دروست ئەکەن. . ڕاستە کە گیرو گرفتە کە ئێستە ئەو گیروگرفتی پاڵەوانەی (دیکنز) نیە کە زۆرانی ئەگرت تاکو خۆی لە ناو کۆمەڵێکی پێشکەوتودا ببینێ. پاڵەوانی هاوچەرخی وەکو (جیم دکسن) زۆر زۆران ناگرێ بە گوێرەی خۆی پاڵەوانێتی ناگاتە پاڵەوانی دیکنز چەندچاکەی تێدایەو گورج و گۆڵی ناناسایی هەیە ڕای ئەکێشن بۆ ئەوەی تەقەڵلایەکی بدات بۆسمینی جەربەزەییەکانی کۆمەڵایەتی . . پاش ئەوە تواناى وەکو (صنوە)ی سەدەی نۆزدەی نیە کە پێناسنامەیەکی چینایەتی بە پێناسنامەیەکی تر بگۆڕێتەوە . ڕاستییەکەی پاڵەوانی هاوچەرخ وەکو جون کیمب و جار لزلوملی پاڵەوان تا ئێستەش لەم ڕووەوە بەشێکە لەو چینەی کە لێوەی هاتووەو نایەوێو ناتوانێ دەست لە هەموو هەڵوێستێکی ئەو چینە هەڵگرێ، . بە تایبەتی کە باوەڕی تەواو بەوە نیە ئەبێ ئەو شتە چی بێ تاهەڵوێستەکانی لە ڕێیدا نامێنن . ئەمەش بە پێچەوانەی پاڵەوانی کارەکانی دیکنزو فیلدتك پاڵەوانی هاوچەرخ گیانێکی هەڵکەوتووی نیە. . بە جۆرێکی تر پاڵەوانی هاوچەرخ خۆی ئەبێتە وێنەیەکی مەسەلەیەکی مەڵبەندی ئەو کۆمەڵە گۆڕاوە. . لە سەدەکانی سەرەتاییدا کە نرخی کۆمەڵایەتی لە باڵا کردندا بوو نووسەران توانیان پشت بە گورج و گۆڵی پاڵەوان و خاسیەتە نائاساییەکانی ببەستن و کۆمەڵ ساکارانە جیا بکەنەوە بە پێی ئەوەی کە پاڵەوان خواستی چەسپاوی خۆی هەیە. بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا. . خواستی چەسپاو لە باڵایی زۆر دور ناکەوێتەوەو پاڵەوان وا دەر ئەکەوێ کە کەسێکی ئاسایییەو بە شێوەیەکی نا ئاسایش باش نیە. بگرە لە ڕاستی خۆیدا وا دەری خست کە بەرهەمێکە بۆ کۆمەڵ و جێی دووپات کردنەوەشەکە پاڵەوانی بێ پاڵەوانێتی بە هیچ ڕەنگێ دەسکردی ئەوانەی دوایی نین. . کە واتە نووسەری وەکو ئەرنولدبینت لە سەرەتای سەدەی بیست دا جیهانێکی کۆمەڵایەتی بێ پاڵەوان و بێ بیروباوەڕی چاکە نەخش کردووە لە گەڵ ئەوەشدا کەسە بێ پاڵەوانیەکە شایەنی پێوانەی هاوچەرخی ڕۆمانی بەریتانیایییە لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانەوەو کەسی بێ پاڵەوانێتی نائاسایی هەڵکەوتویی مرۆڤێکی بێ مێشك و مرۆڤێك لە ژێر کاریگەری میسالیەتدا کە سەردەم و شوێنی بە سەرچووەیان لە دیاردەیەکی بە تاڵدا بژی.

لە ڕۆمان و شانۆگەرییە هاوچەرخەکەدا تا ماوەیەکی زۆر پیاوان بەرهەمی شوێن و سەردەم ئەبن بە جۆرێ بۆ ئەوە لە دایك ئەبن و پەروەردە ئەبن لە بەر ئەوە نووسینەکە ماوەیەکی دورو درێژ بۆ ستایش و شی کردنەوەی شوێن و کات تەرخان ئەکرێ. . کارەکانی ئافرووین و دورس لیسنك و هی کە بە زۆری هەڵوێستی گۆڕاو بە رامبەر چین و کۆمەڵ وەك نیگارکا زورانبازی نێوان دەستەکان وەر ناگیرێو بە زۆری بۆ هەڵوێستی پێشکەوتوترو کاتدارترو گوێی ڕایەڵی نموونە ناهێنرێتەوە بە گوێرەی هەڵوێستی ئەو ڕۆڵانەی ناو کۆمەڵ کە نەرمترن. . بە گوێرەی ڕۆمان نووسی لاو (دیڤید ستوری) شتومەکی چینایەتی بایەخ پێدانێکی مەڵبەندی هەیەو

کارەکانی هەر چۆنێك بێ دەرگای چوونە ناوەوەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو شتومەکانەو باوکانیش بە کار ئەهێنێ بۆ ئەوەی ئەو هەڵوێستانە بکێشێ کە زیاتر لە پێشن. . ئەو هەڵوێستانەی کە لە گەڵ ڕاستی یەکانی تاقی کردنەوەی ژیاندا کەڵکی گونجاندنیان نەماوەو لە ڕۆمانی ستوری یەکەمدا کە ناوی لێ نراوە (ئەو ژیانە وەرزشدارە - 1960) پاڵەوان ئارثرماکن بە هەژاری لە چینی ناوەڕاستی جیهاندا لە دایك بووەو تەقەللای دارایی و چاکی ئەداکە لە شارێکی سەرو ناوبانگ بە یاری سواری و (رکبی) پەیدا ئەکات کە چۆن کردنی ئەم یاری یەی دارایی و دەسگیران و بەرگی پۆشتەو ئۆتۆمبێل و جێکوارێکی خاوەن وزەی ئەسپی بەرزی دەست خست.

لە گەڵ ئەوەدا دایك و باوکی کە هەمیشەوا یان فێر کردبوو کە دارایی هۆیەکی پێویستە بۆوە دەستهێنانی هەموو شتێکی نرخدار. . کە چی هەر دووکشیان بێزێکی چینایەتیان هەبوو کە لە جۆری هەموو جۆرێکی ژیانی دیاردە ئەهاتەوەو ئەمەش بە پێی ئەوەیان کە سەر بە چینێکی دەستنیشان کراو بوون و پەیوەندی داری ئەوە بوون کە نا پەسندانە ئەبێ دارایی و چاکە لە یەك نەدری. . ئەویش ئەو لێکدانەیە کە ئارثر ئەیدۆزێتەوە کاتێ ئەکەوێتە دەسکەوتنی دارایی. . زۆر دوری سەرکەوتن ئەبێ. . دایك و باوکەکە ئەوە لە خۆیان گومان ناکەن کە ئەوان بوونەتە دروست کردنی ئەم گیرو گرفتەی ئارثەر. . چونکە ئەوان باش و هەژارو ڕەوشتدارو خوا پەرست بوون و باوەڕیان بەوە هەبوو هەر چی بە سەر تاکە کەسێکدا دێ ئەوە تەنیا سوچی ئەو کەسە خۆیەتی. بەڵام ڕۆمانی (ستوری) دووەم کە پێی ئەڵێن (هەڵاتن بۆکامدن 1960) ئەمە بەفراوانی باسی گیرو گرفتی دەستەی کۆن ئەکات. مارگرێت ئورب کە پاڵەوانەکەیەتی کچێکە کرێکارێکی فێربووی مەنجەمەوە لە کارەکەیدا زۆر کۆکە ئەم کرێکارە لە گەڵ ئەوەی کە تەواو بڕوای بە بایەخی فێربوون هەیە کە دەرگایەکە بۆچوونەناو ژیانێکی باشتر لەژیانی هەڵکەندنی ناو مەنجەمەکە، لەگەڵ ئەوەی هەوڵی فێرکردنی هەردوو کورەکەی ئەدات، بەڵام کەبینی کورەکانی ڕێبازی ئەوتۆ ئەگرن دوورن لەو ڕێبازەی کە ئەم هوگری بووە نارەحەت بوو. . کورە فێربووە واتە وانەکە زانکۆیەك کە ئێستەکەش دیوارەکانی هەرخشتی سورە نایەوێ لە کەنیسە ژنەکەی مارە بکات و دەمەتەقێی مەسەلەی بایەخی خێزان ئەکات. . بەڵام مارگرێتی کچی ئەچێتە لەندەن و لەگەڵ کابرایەکی خاوەن خێزاندا ئەژی. . بەهۆی پەیدابوونی پەیوەندی دڵداریکردنی مارگرێتەوە لەگەڵ خەڵکدا باوکی تووشی نەخۆشی ئەبێ و ئەم کارانەش هەمووی ئەخاتە ئەستۆی فێربوونەوەو بەتەواوی پەشیمان ئەبێتەوە لەوەی کە هەردوو منداڵەکەی فێرکردووە. . نەشی ویستووە لەوەوبەر کە فێری فێربوونێکی مەرجداریان بکات. . بگرە تەنیا مەبەستی ئەوەبوو لەژیانی هەڵکەندنکاری مەنجەم دووریان بخاتەوە بەمەرجێ کە فێربوونەکە هەستی ڕەوشتداری و کۆمەڵایەتیان نەگۆڕێ. .

هەمیشە ئارەزووی وابوو کە منداڵەکانی لە چینەکەیان جیانەبنەوەو هەرگیز فێری هەڵوێست و یاسای تری کۆمەڵایەتی نەبن. . وێنەکانی ستوری بەرامبەر منداڵەکان. . لەم دووڕۆمانەدا ئەگونجێن بۆئەوەی نموونەیەکی باشبن چونکە ناڵەباری و خراپەیان سەبارەت باوباپیران تێدانین. . زۆر ئاسان ئەو باوباپیرانە ئامۆژگاری خۆیان دەربارەی نرخی تەماوی وەکو دارایی و فێربوون ئەکەن بێ ئەوەی بەتەواوی لەوە گەیشتبن کە دەست کەوتنی دارایی ڕاست و فێربوونی ڕاست زەلام بەرەو هۆو هێز ئەبەن کە ئەم دووشتەش واتە هۆو هێز دوری ئەخەنەوە لەوکارە بە نرخانەی کە چینی ناوەڕاستی جیهان توند دەستی پێوە گرتوون.

بۆ نموونە دایك وباوکی (جون کیمب)ی ڕۆمانی (جل)ی فیلیب لارکن لەوە نەگەیشتوون کە فێربوون ئەبێتە هۆی گۆڕانی کاکڵی هەڵوێستی جۆن. . هانی جۆن یان دا کە تەقەللای وەدەستهێنانی سەرکەوتننامەیەکی خوێندنی

ئۆکسفۆرد بدات و لایان وابوو کاری کۆك بۆ وەرگرتنی سەرکەوتن نامەکە تەواو وەکو ئەوە وایە کە مرۆڤ رێگەی خۆی لە دووکانێ کارگەیەکدا بدۆزێتەوە. خوێندن بەلایانەوە وشەیەکی تەلیسماوی‌بوو کە ئەم وشەیە بڕیاری پاشەرۆژی جۆن ئەدات.

ستوری‌ولارکن رێگری فێربوون خۆی نەبوون بگرە ناقابلی ئەو خەرمانەی نرخە کەڵەکەبووەی دەوری فێربوون بوون ئەمەش بەرامبەر ئەوکەسانەی کە ئەو راستی‌یەیان تاقی نەکردبووەوە.. هەروەك نوسینی هاوچەرخەکانی تر بەرهەڵستی ئەکەن ئەوان بەرهەڵستی میثالیات و خواستی تەماوی‌وشتی ئەکرد کە پێشکەوترو جوانترین پەیوەندی دارە پەیوەندیدارێکی تەماوی بەبیروباوەڕی دەستیشان کراوی دەستەی داهاتوو.. لە کاری هەردوو رۆمانەکەدا باوکان باوەڕیان بە دروشم و جێماوەکانی چاخێکی ترەوە هەیە کە راستی تاقی‌کردنەوەی ژیان تیایدا بەستراوە بەراکێشەرێکی تەماوی‌یەوە.. لەڕێگەی ئەم دروشمە میسالیانە تەماویانەوە تەماشای دەستەی نوێ وا ئەکات کە ئەیەوی کار لەگەڵ تاقی‌کردنەوەکەدا بکات کە کارێکی یەکسەرو تاکەیە لەهەموو رویەکەوە.

راستی‌یەکەشی ئەوەیە بەفێربوون پەلەی لە تێکشکانی میسالیەنی تەماویدا کرد.. چونکە راستی‌یەکانی تاقی‌کردنەوەی خۆی‌و کۆمەلایەتی بەشێوەیەکی زیاتر ئەو راستی‌یانەیە کە درۆشم و بیرێکی میسالی ناتوانن بەوردی‌و بەئاسانی پاکژی بکەنەوەو فێربوون خۆی ئارادەیەکی زۆر بووە یارمەتیدەری دووپات کردنەوەی زۆرانبازی نێوان ئەودەستانە پاڵەوانە چەندجار دەرخراوەکەی رۆمان و شانوگەری‌یە هاوچەرخەکە ئەو پاڵەوانەیە کە پشتی فێربوونی گرت و فێربوون یارمەتی دا بۆئەوەی بیکاتە مرۆڤێکی جیا لەباوکی.. پاڵەوانەکانی ئافروین و واوزبورن و لارکن و هی تر ئەوانەی کەزانکۆیان خوێند لەکاتی رۆژانی زانکۆیاندا لە شیوازی چینایەتی جیهانی یاخود چینایەتی ناوەراستی جیهانی دوورکەوتنەوەو کەوتنە ناو کۆمەڵێکەوە تیایدا کە خاوەنی هیچ خاسیەتێکی چینایەتی‌و پیشەیی نین.. فێربوون یارمەتی تێکشکانی پێکهاتنی چینایەتی داو خاڵی زۆرانبازی سەرەکی بوو لەنێوان مل کەچکاری کۆن و دۆخی گومانی تازەدا.. زۆری رۆمان و شانوگەری‌یە هاوچەرخەکان پێیان لەسەر ئەو دۆخە ناچاری‌یەو سەرسام بوونەی پاڵەوانەکە داگرت.. واتەکاتێ کە لەزانکۆ ئەخوێنێ یاخود چەند ساڵێکی نزیکی ئەو دەمەی دوای زانکۆی.. هەردوو رۆمانی کنکزلی ئامزی یەکەمجار.. ئەمانە بایەخ بە دەرچووە نوێکانی زانکۆ ئەدەن.. ئەگەر بهاتایە لەرێی کاری زانکۆوە شارەزا نەبوونایە چونکە بەرامبەر کۆمەڵێك ئەچن لەوانەبوو شارەزابیان تەماوی بوایە.. بەشی زۆری رۆمانی (جل)ی فیلیب لارکن لەئۆکسفۆردە.. بەلام رۆمانی (بۆ دامێن خێراکە)ی جون وین نالەی ئەوتوا نایانە دەرئەبڕێ کە بۆ لاوێکی سەرکەوتوو لواوەو هەڵەکەی تەنیا ئەوەیە ئەو کۆمەڵەی ناوێ کە پێش چوونە زانکۆی تێیدابووە. بەگوێرەی هەموو ئەو ناودارانەی سەرەکین فێربوون دەردی ئەو جیابوونەوەیە کە لەکاتی تەقەلـلادانـدا بۆ پێش جیاوازی‌یەکی لەوەویەر بۆ بەرەنگاربوونی کۆمەڵ پێویستە.. لەگەڵ ئەوەشدا لەدواییدا پاڵەوان خۆی لەو سەربەستە کەمتر ئەبینێ کە بیری لێ ئەکردەوە.. بەلام ئەوە هەیە کە بەلایەنی کەمەوە فێربوون لەرووی سەربەستیەوە شتێکی ناوەتەکەللەی بۆ ئەوەی کە رۆمانەکە بەئاسانی بەرەو گەشەسەندن بچێ‌و سەرباری ئەم شتەش دەربارەی سەربەستی فێربوون رۆشنبیری‌و چێژ و دەست بەتاڵی‌یەکی داوەتێ کە دوورە لە پەیوەندی دارێتی نوندو تیژی کۆمەلایەتی‌و چینایەتی.. کەچی لەزۆری رۆمانە ئەدەبی یە هاوچەرخەکاندا پەیوەندیدارێتی یاخود هەڵوێستیان تیا نیە کە لەکۆمەڵدا بتوانرێ دەستبەرداری نەکرێ.. راستی‌یەکەی زانکۆو بە سروشتی وردەکارو بیرو رەخنەیەوە کە هەیەتی دژی پێکهاتنی بیروباوەری ئاسانی کۆمەلایەتی‌و میسالیەتی تەماوی بەختیار کار ئەکات.

تەنیا کوڕێ کە لەوچەی چینی جیهان یاخود ناوەڕاستی جیهـان کە پەیـدا ئەبێ هەر ئەو هەڵـوێستی لە زانکـۆدا ناگـۆڕرێ. . بۆ نمـوونـە پیتـەرنیکۆلاسی پاڵەوانی تۆماسی هنـدی‌یەکـەم کە پێی ئەڵێن (نیکۆلاسی مەزن 1952) (السیـد نیکـولاس) قوتـابیـەی دەستەی پێنجەمەی زانکۆی ئۆکسفـۆردە، کاتێ پشـوویـەکی درێـژ هاتـەوە ماڵەکەی. . لەسـەرەتـای ڕۆمـانـەکـەوە تا کۆتـایی پیتـەر لەگـەڵ باوکـە دەسـەلاتـدارو بەهێـزەکـەیـدا ناکۆك ئەبێ . . ئەم ناکۆکی‌یە بەلایـەن ئەوەوە کەمێکی زۆرانبـازی نێـوان دوو خواستە. . لەنێـوان دەسـەلاتـداریـتی باوکیـاو هەرەتی بە تەوژمی لاوەکـەدا. . ئەم زۆرانبـازی‌یـەش نمـوونـەی دەستەکەن بە دروشمی کۆمەلایەتی دەستنیشان کراوەوە. .

باوکی پیتەر کە نموونەی دەستەی سەردەمی خۆیەتی وا هەست ئەکـات کە پێـویستـە لەسـەر کوڕەلاوەکـەی کە لە ئۆکسفـۆردەوە تازە هاتـوتەوە شارەکەی بچێتە یاری کرکتەوەو مل کەچی خۆی بۆ پارتی پارێـزگـارەکـانی ناوخـۆ دەربڕێ‌و لەکـاتی ئاهـەنگی کۆکتێلدا پێش نان خواردن پێشـوازی میـوانـەکـان بکات. . کوڕەش بەلایەوە واباشە لەژوورەکەی خۆیـدا بێ‌و بخـوێنێتـەوە یان وێنـە درووست بکات. . بەرهـەڵستی هەمـوو تەقـەلـلایـەتی باوکی ئەکـات کە ئەیـەوێ بیبـە ستێتـەوە بەکاتی دەست بـەتـاڵی چینـە پەسندەکەیانەوە. . هەرچۆنێك بێ‌و لەگەڵ ئەوەی کە باوکی پیتـەر باوەڕێکی گەورەی بەخـۆی هەیـە کەچی ئەوەنـدە وەستـانـەبوو کوڕەکـەی بهێنێتـە ڕیزی خۆی . . واتە ڕیزی پیاوێکی بەساڵاچوو لەبەرئەوە کاك نیکولاس گەلێ‌جار توڕە ئەبێ‌و هەڵئـەچێ. . بەلام هەمـوو دروشمی دەستـەکـەی‌و پیاوەتی‌و ڕاستگۆیی بێ‌کەڵکن. . تا هەرەشەی زیاتر بکردایە بیری زیاتر لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا بەلای ئەوەدا ئەچوو کە کارەکـە بەلای شکـانـدنی ڕژێمـە توونـدوتیژە تایبەتیەکەیدا ئەچێت و تەواو توانـای چارەسـەرکـردنی گیـروگـرفتی یاخود پەیـوەنـدی‌یـەکـی نیـە ـ لەلایـەکـی ترەوە پیتـەرکـە بەپـەیـوەنـدی‌یـەکی دەسنیشـان کراوی توندوتیژەوە نە بەستـرابـووەوە توانی بەشێـوەیـەکی باشتر ڕاستی‌یـەکـانی ئەوتـاقی‌کـردەوانـە تێ‌بگـات کەرووی تێ‌ئەکەن. زانکۆ ئەو خاسیـەتـەی نەدایە کە لەنـاو کۆمـەڵـدا کاربکـات. . بگرە وای‌لێ‌کـرد ئەو شێـوازانـەی هەمـوو نەوێ کە دواکەوتوون و لەگەڵ تاقی‌کردنەوەدا ناگونجێن. . بەرامبەر بەمە پاڵەوانێکی کە لەپـاڵـەوانـەکـانی تۆماس هندی ڕۆمان نووس لەڕۆمانی (لەپێناوی کۆمەڵەدا 1961) دەرئەکەوێ کە خۆ فەوتاندنی دڵسۆزانـە لەکـاری باش و خوشی بەخشین بەخـەلـك و پیشـانـدانی ڕۆشنبیـری لەو کو مپـانیا گەورەیەی کاری تێدا ئەکرد سەرکەوتن مسوگەر ناکەن. . لەو کومپانیەیەشدا کاری ئەکرد کە باوکی کاری تێدا ئەکردو ئەیویست باری شانی باوکی سووك بکات کە شێتۆکەبوو.

کەوابێ فێـربـوون گەلێ‌جـار ئەو باوەڕە تێکناشکێنێ کە بەڕێزگرتنی چینایەتی‌و ڕێزگرتنی کاری بەرزەوە هەیە. . زۆر لە دەرچوانی زانکۆ لە ڕۆمانە بەریتانیای‌یەکانی هاوچەرخدا شەیـدای بەڕێـوەبـردنی خواستـەکـانی هەمـوو پلە کۆمـەلایـەتی‌یـەکانن. . بۆ نموونە جیمی بورتر یاخود جارلز لوملی لە ڕۆمـانی (بـۆدامێن خێـراکـە) هەڵوێستی‌و بەرامبەر کاری چینە کارگـەرە ناشارستانیەکان ئەپشکنن. . زۆر لە نووسـەرە هاوچـەرخـەکـان وا ئەبینن ئەوچینـە کارگێـرە بێ‌بـەشـانـەی هەمـوو نموونـەیەکی بەرزن شایەنی ئەوەن وەلامـدانـەوەکانیان بەرامبەر جیهان تاوتۆ بکرێ. . بینی کە سەرسـام و شێـواوە وەك ئەو جیهـانـەی کە دەرچووی زانکۆ تیـائـەژی . . هـەنـدێ نووسـەری هاوچـەرخ وەك دورس لیسـنـگ بەشـوێن جۆرێ لە جۆرەکـانی یەکێتی سیاسی لەگـەڵ چینە گشتی‌یـەکـانـدا ئەگـەڕێن. . بەلام بەگوێرەی زۆری نووسەرانی هاوچەرخ ڕەگی چینایەتیان کە لیـوەی هاتـوون هەرچیـەك بێ بایـەخ بە چینە کارگێرەکان بایـەخێکی سیـاسی نیـەو ئەمـەش لە ڕیـبازی چینـایـەتی‌و وچوونیاندا بە پێچەوانەی نووسەری وەکو ئوزبورن و وین و ستیلادیلنی‌و ستوری‌و کیث و ترهاوس . . بگرە ئەمانە گشت هەڵـوێستی تەقلیدی گشتی چینـەکـانیان تاوتـۆ کردووەو

ئەمــەش نەك لەرووی ئەوەوە کە مل کەچییــان بکــەن. . لایــەنی کورت ـ کردنــەوەی رێگــەی هۆش مەنــدانــەو کاریگــەرتر گرتنیـانە کە پاڵەوانەکانیان پیا ئەڕۆن. . تاکو لە کۆمەڵێکی هاوچەرخدا بەزیندویی بمێنن.

لەرووی مێژ ووییەوە چینەکـانی کرێکـارانی بەریتـانیـا لەشارەکاندا خوستی مەبەستی تەماوی یاخود مەبەستێ کە زۆرتر تەماویتر نیە بەرەو ئەرەستو کراتیەت ئەچێ. . ئەم دوانـەش ئەو مەبەسـتـەن کە یارمەتی زانکۆو مێژ ووی ساڵە بەتاڵەکانی پەنجای دا بۆ لەناوبردنی. .

هەمـووان چینەکـانی کرێکـارانیان وا بینی کە بێ ئەوەی خواستێکیان سەرباری خواستەکەی خۆیان هەبێ . . ئەگەر دەسکـەوتنیشی دووربێ زۆر زەحمـەت ئەتـوانێ پارێزگاری مانـەوەی خۆی بکـات. . رچـارد هوکارت لە نووسینەکەیدا (قازانجەکانی فێربوون 1975) پەنجەی بۆ ئەوە کێشاوە کە چینەکانی کرێکار بەگشتی بەگیانی لالێ کردنەوەوە سوورن لەسـەر هەڵـوێست و شوێنی خۆیـان و گومـانی تەواویان بە مووچـە خۆرەمـەدەنیو ئەوانـە هەن کە لەپێنـاوی شاردا کار ئەکـەن و باوەڕیـان بەوانـەش هەبـوو کە پایـەیەکی ئابوریو کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە و ئەڵێن (ئەوانەش) دەستەیەکی تەواو جیاوازن (لێمان).

باربـارنـاهـاو سانی ئابـوری تێپەڕیو پاش ئەوە نزیکەی دەساڵ پێش جەنگی دووەمی جیهان بار بۆ بێ کارەکان بوو ئەمــانــە بوون کە بوونـە هۆی ئەوەی چینـەکـانی کرێکـار لەنـاخـەوە رقێـك بەرامبـەر کاربـەدەستان و ئەوانە پەیداکەن کەپێیـان لەنـاو کۆمـەڵـدا چەقـانـدووەو ئەم رق لێ بوونەوەیە ناخییـەش تائێستـە تیـانـدا چەسپاوە لەگەڵ ئەوەدا کەباری ئابووری گشتی لەبەرنیادا لەجەنگی دووەمی جیهانەوە بەرەو باشی چووە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی چینەکانی کرێکار هەر لەخـۆیـانـەوە. . هەر لەنـاخـەوە وا هەست ئەکـەن کە دوژمنی پۆلیس و سەرکـردەکـانی کۆمـەڵ و هەموو رێبازێکی سیـاسیو میری کاربـەدەستانن لەبەرئەوەش کە ئەندامێکی چینی کرێکـار بەرهـەڵستکـاری کۆمـەڵ بوو ناتـوانـرێ داگیـریکـەن و بەسەربازاڵ بن و ئەویش لە ئەستوێدابوو کە هەمیشە داوای هێمنی بکات بۆ پارێزگاری بوونیو پاراستنی خۆی دوور لە کڕنوش بردن بۆ کاربەدەستە موچەخۆرەکان و ئەوانــەی کارگێــری مەدەنین و بۆ جیهــانیش بەوچــاوەوە ئەڕوانێت کە دارستـانێکی بەیـەکـداهـاتـووە ئەویش کار بۆ قازانجی ئەوانە ئەکا کە لەوەوبەر داراییو پایەیان هەبوو. . لەبەرئەوە هەست بەوە ئەکات ئەوەی پێ ی ئەکرێ بیهێنێو بەم کارەیـە ئەتـوانێ لەنـاوەراستی ئەو دارستانەدا پارێزگاری خۆی پێ بکات.

ئارثرماکن ی پاڵەوان لەرۆمانی (ئەم ژیانە وەرزشییە) لە چینی کرێکـارەوە سەرهـەڵـئەدا. . هەرچەندە باوك و دایکی زۆر هیــوایــان پێیبـوو. . بنـەڕەت یاری «رکبی» کرد بۆ ئەوەی پارێزگاری ناسنامە تایبەتیەکەی خۆی بکات.

ئارثەر لەپێناوی ئەوەدا سەری نەچەقێتە ناو قوڕو بەرزبێ ئەبـوایـە ئارەزووی سۆزی تایبـەتی فڕێبدایە. . بەم جۆرە رۆمان نووس (ئالن سللتو) ئەویش لە رۆمانەکەیدا (شەوی شەمەو بەیانی یەکی شەممە)وا هەست ئەکات پیاوی چینی کرێکار لە چوارچێوەی دارستانەکەدا بێ هیوای چاك بوون و یان گۆران ئەیەوێ بەزیندویی بمێنێتەوە.

لە تەقەللایەکیدا بۆ بەرگری کردن لە هەڵوێستی خۆیو پەســەنــدکـردنی ئەو راستیـە کە نەیتـوانی لەدەوری خۆی جیهان بگۆڕێ دەگمەن لەرۆمانی ئینگلیزیدا پیاوێکی چینی کرێکار ئەبینی لایەنگیریکی بەپەرۆش بێ. . ئەبینی بەلای بازرگانێتی رژێمەکاندا لانادات و خواستی ئەوەی نیە کە لە مل کەچ بوونــە زیـادرۆشتــووەکــان لەپلەی تایبــەتی دا یەکســەریو تەنیـا بدوێو گومانی لەتواناو گۆڕان و ئامانجی سیـاسـیو توانـای راکـانی گشتی هەیـەو کەمێ باوەڕی بەدوارۆژ هەیەو هەست ئەکات بەوەی کە بۆ ئەو ئەبێتە فەری تایبــەتـی رۆژانـی هەنـدێ ئاسـایش و پێشکــەوتن. . ئارثـرمـاکن و برادەرانی تەماشـائـەکـەی لەتیپی «رکبیدا» بۆ دەست راوەشـانـدنی فەرمـانی کار ماندو ئەبن کە بەجۆشەوە پەنجــە بۆ نەبــوونی دڵنیـابــوون لەدوارۆژ و بۆ پێـویستی

کاسبی کردن راتەکێشن و کەچی دەست بەجێ جیابوونەوە.. کەواتە ڕەنگە جەنگە ساڵی داهاتوو دەست پێ بکات یاخود ئەبنە قوربانی تیشکەکان یان لە سوپاگەی کارکردندا لە سیبریا ئەبن.. هەستێك لەچینەکانی کرێکارەوە بە کەمی هەر نرخی بێ کە لەژێر دەسەڵاتیا بێت هەیە چونکە هێزی هەیەو گورج وگۆڵە وای لێ ئەکات بەهەموو توانا یەوە پەرێشانی کارکردن بێ.

لەبەرئەوەی دە یەکەم رژێمێك نیە بۆیە ئەو ناتوانێ دواڕۆژ مسوگەر بکات.. چینەکانی کرێکار لایان مەبەستە کە بە کاری ئەو دواڕۆژە بەختی خۆیان پتەو بکەن.. ئەمەش وەك پاڵەوانی ڕۆمانی (ئالن سللتو) کە لەسەر دەستارەکە کاری ئەکردو خەڵکی بەلاێ، ئەوەدا ئەچوون بگەنە بەرهەمێ لەوەی کە بەخت جێ دەستێکی گەورەی هەیە لەچارەنوسی توانای مرۆڤ و یاخود کومەڵێکدا.. ئەو مرۆڤەی هەست بەکەمی فیلەکەی ئەکات بۆ دەسەڵات بەسەردا پەیداکردن بەختێکی باش بۆخۆی ناهێنێ و بەختە خراپەکە بەوە چاك ناکات.

باوەڕی پیاوی چینی کرێکارانی ئینگلیز بەدواڕۆژ و سووربوونی لەسەر پاراستنی سەربەستی تایبەتی و پەسەندنەکردنی ئەوەی باوەڕی بەرژێمەکان و نموونەی باڵا هەبێ.. ئەمانە هەموو کارکردنی بەرگری کردنن لەناو کۆمەڵێکدا کە دەسەڵاتی سەرەوەی هەرگیز تێدانیە.. هەندێ جار ئارەزوی پارستنی هەڵوێستی سەرپێی هێڵی پشتەوە ناکات و مێشك لەسەریانیەو لێوی نوقاندووەو ئەوە پەسەند ناکات دەست لەهیچ شتێکی ناسامەو جێگەکەی هەڵگرێ و بەدرێژایی ساڵان لەکۆمەڵ دورکە وێتەوە.. لەو کۆمەڵەی لیبریالیەتی زیاتر تیایە دیفیدستۆری ئەم بەرگری کردنە رەقە بەنایابی لەهەردوو رۆمانەکەدا پیشان ئەدات.. ئەمەش بەبەکارهێنانی ئافرەتی چینی کرێکاران.. ئاشکرایە ئافرەتێکی ساردوو گاڵتەبازەو توانای ئەنجامی ئەو خۆشەویستیەی نیە کە وەك پەنجە راوەشانێك بەرامبەر بەو بەرگری یە رەقە هەستی پێ کرد کە لەناو رۆڵەکانی چینی کرێکاراندا بڵاو ئەبێتەوە ئارثەرماکن دڵی بەئافرەتێکی گەنجی چینی کرێکاراندا ئەچێ کاتێ کە ژورێکی لەماڵە ساکارەکەی ئەم ئافرەتەدا گرتبوو.. کە چەکی پارەی زۆری لەیانەی «رکبی» دەسکەوت بەرگ و تەلەفزیۆنی بۆ ئافرەتەکە کری و داوای لێ کرد کە بەیەکەوە بە ئۆتۆمبیلە جیکوارە نایابەکەی بچن لەدەرەوە نان بخۆن.. دوایی بووە دۆستی بەڵام ئافرەتە کە هیچ خۆی بەدەستیەوە نەداو بەساردی و رەقی یەوە سوربوو لەسەر ئەوەی کە پارێزگاری ناسنامە شرە تایبەتی یەکەی خۆی بکات.. لە چینێکا گەورەبوونی چاوەروانە، هیچی لەجیهاندا نەئەکردو مردنی کوتوپڕی مێردەکەشی لەکارێکدا کە هەڵکەوتوویی ئەم ئافرەتەی لەگیانی گاڵتەبازی یەوە پێچا رێگەی ئەوەی نەئەدا بەدڵداری بکات.. بەهۆی ئەو سەرکەوتنانەشەوە کە ئارثەر دەستی کەوتبوون و بەهۆی گیرۆدەبوونی ئیستەی بەرەوشتداریتی یەکانی چینی ناوەراست.. لەلایەن ئەم دوانەوە وا گوێچکەی راکێشرا کە چاکەی لەبەرچاو نەبێ..

لەبەرئەوەی ئەم دۆستەی ئارثەر خاتو هامۆند ئافرەتێکی کرێکاربوو. ئەم ئافرەتە رێگەی بەخۆی نەدا کە هیچی بۆ بخوازێ بەرامبەر ئەوشتە کەمە بەنرخانەش ناسنامەکەی نەتوایەوە.. بگرە هەر ئەوە ناوردەوردە زیاتر پەنای بردە بەر هەڵوێستی بەرگری کردن . ئارثەریش لەگەڵ ئەوەدا کە لە یاریدا سەرکەوتووبوو زۆرجار لایەنی بەرگری کردنەکەی ئەگرت.. ئەیزانی کە پێویستە لەسەری کە هەستی خۆی دەرنەبڕێ تاکورکبی باشتر یاری بکات و هەستی بەرامبەر خەڵکی فەرامۆش کات تاکو لێیان نزیك نەبێتەوە.. تەنانەت مارگرێت لە (هەڵاتن بۆ کامدان)داو کە کچی کرێکارێکی مەنجەمەو سەربەستە، داماڵینی ئەو هەستە چینایەتی یەی کە تیایدا پێ گەیشتوە کۆڵەی کوتا کە ئەویش هەست کردنە بە نەریت و هەڵەکردنت لە وەڵامدانەوەی، تەواوی خۆشەویستەکەیدا!

کەچی ماڵ و دایك وباوکی جێ هێشت لەلەندەن دوایی بە دڵدارەکەی گەیشت و دڵدارەکەشی هەمیشە ناوی

بەبێ گـەرد ئەبرد. . لەگەڵ ئەوەی ئەم ئافرەتـە شێـوازی بەرگری‌کردنی خۆیی بەشێك نەبوو لە دەست گرتن بەتەنیا بیـروبـاوورێـك و یان بەنمـوونـەیەکی بەرز، راستی‌یەکەی ئەوەبـوو کە ئەو ئافـرەتـە گەورەبـووی پەروەردەی ماڵ و چینـایـەتی‌یەو بەئاسانی ناتوانێ رژێمی بەرگری‌کردنی قایم لەخـۆی دامـاڵێ. . لەکۆتایی رۆمانەکەدا ئەو خۆشەویستەی بەجێ‌ی ئەهێڵێ کە لەبـەرئـەوەی نەیئـەتوانی پەیـوەنـدی ناشـەرعـی لەگەڵیـا درێـژە پێـبـدا چونکـە لە هیـچ چینێك نەبـوو. . ستـووری بەدەربـرینەکانی پەنجە بۆ ئەوە ئەکێشێ کەمـارگـرێت هۆیـەکی لەرووبـوو بۆ ئەوەی لەبەرگری‌کردن دودڵ بێ. .

ئەوەی کەڵ‌چوارچێوەی دنیای ماڵەکەی دەرچێ کەتیایدا پەروەردە بووە بووە هۆی ئازاردانـێـکـی گەورەی ئەم خۆدامالینەی ئەم ئافرەتە ئەوەندەشتی‌فێری ئافرەتەکەکرد کە نەیتـوانـی دەست بە ماڵ و چینـەوە بگـرێ‌و جارێکی تر نەیتوانی لێیان یاخی‌بیت.

بەڵام لەرۆمـانی (جـل)ی ئەرکن بەرگـری کردنی جون کیـمـب شێـوەیـەکی تری وەرگـرتـووە، هەستـی بەو پەسەندنەکردنە ئەکرێ کە کرێ‌گرتە یاخی‌بووەکەی ژوورەکە (کـوزمـو بولتـانی)یـە کە لە ئۆکسفـورد بەرامبەری هەیەتی‌و لەبـەرئـەوەی توانـای نیـە هەست بە ئارام بکـات لەنـاو ئەو قوتـابیـانـەی بەپانی لەبارەکاندا کۆبوونەتەوە هات پەنای‌بردە بەر بە جیهـانی ئەندێشـە. . ئەم ئەنـدیشـەیـەشی بەرامبەر کرێ‌گرتەی ژوورەکەی بوو کە گوایە خۆشکێکی تەلیسمبازو تازە هۆشمـەنـدی هەیـە ناوی (جـل)ـە . . ئەم ئەندیشەیە هەرکـاتێ لەئـۆکسفـورد خەفـەت دای‌بگرتایە زۆر ئەبوو. . ئەیوت کە ئەوکچە لەقوتابخانەیەکی تایبەتی بچوکی جوان ئەخـوێنێ‌و پشـوو دانـەکـانی لەوێلز بەسـەر ئەبـات. . لەم رێ‌یەوە لەخۆیەوە بە ئەندیشە گوێ‌ی بۆ خاسیەتی رۆڵەکانی چینە بەرزەکانی خوشکەکەی شل ئەکردو کچەکەش هەرگیز سەربـەشتی وانیـە. . لەکۆتاییدا ئەم ئەندیشەیە تێکدەشکێ چونکـە پاداشتێکی گونجـاو نەبوو بۆ جۆن. . لەبـەر ئەوە ئەندیشەیەکی تر دروست ئەکات بەڵام زۆر ناسەرکەتووئەبێ تیـایـدا. . بازنـەیـەك برادەری رۆشنبیر دەوری کرێ گرتەی ژوورەکـەی ئەدەن. . هەروەهـاش شوێـن ئافـرە تێکیش ئەکەوت کەناوی (جل)ە.

. . مـاوەی سەرکـەوتنی ئەم ئەندیشەیەدا بەسەریا ئارام و پشووی لەئۆکسفۆردی دور (لانکش)ی شارەکەی خۆی دەستگیرئەبوو.

ئەندێشە هەرچۆنێك بێ نیشانەی نایابکاری‌و بەرەنگاربوو نەوەی ئەو ناخـۆشی‌یـەبـووەیـەکـە نووسـەرێکی سەرەتـایی رۆشنبیـر تووشی ئەبێ. . بەپێچـەوانـەی جون کیمب. . نەدەست بە تالـەبـۆ ئەنـدیشـە ونـەبایەخیشی ئەداتێ. پارێز گاری خۆی ئەکـات و وەك شێـوازێکی پێشـەوانەی بەرگری کردنی هەڵکـەوتنی خۆی دڵنیـائـەکـات. . ئـەم بەرگـری کردنـەش زۆرجـار بەلـەش یاخـود لەخۆوەیە. . لەنووسینی (کـۆتـایی هەفتـە لەدنلوك 1960)ی کلاس سیکـال باسی نووسەرێکی ئەمەریکای‌یە کۆتایی دوو هەفتەی لە کۆمەڵی کانـزایـەکی بچکـۆلـەی سەرو ئینگلتـەرە رابواردو زانی کە کرێکارێکی مەنجەم چۆن شانازی زۆر بە توانای لەشیەوە ئەکات کە بەستراوە بە کارێکی نارەحەتەوەو بەلایەوە خۆش نیە.

بەڵام کرێکـارەکـەی لە لەشـدا لەو لاوازتـر بوو کەکاری لەسـەر زەویـدا ئەکـرد هەسـتی بە لەدەست چوون و بێ باوەڕی ئەکـرد. . هێـزی لەش نیشانـەی هێـزو بەهـرەی پیـاوە. . ئەوەش یەکێکـە لە ورێگـایانەی بۆ دەرخستنی خۆ کەمن و کۆمەڵ لە سەرپشت لەبەردەمیا بەجێ‌ی هێشتووە.

کرێکـارانی مەنجـەمەکانی سیکاڵ باوەڕیان بە بەمەست یان بروایـاخـود کەنیسـە نیـەو چاوەڕوانی کەمێ فەرنـەبێ ئیتـر لەمیـری‌و ئەنجـوومـەنی خەلوزی نیشتمانی گومان ناکـەن. . هێـزی لەش بەجـۆرێك یان هەرجۆرێ بێ تەنیا وەسیلەیە کە زەلام بوون و کاریگەرێتی خۆی لەناو خەڵکا زیـاتـر تێـدادە رخـات. . مـارگـریت ئورب لە (هەڵاتن بۆ کامـدن)دا باسی هێـزی بێ‌هـاوتـای کرێکـارێکی مەنجەم

ئەکات. . گەرچی ئەوکارەش لە ڕووی چینایەتی‌وە لێ‌ی‌ئەدرێ لەبەرئەوەی کە ئەم کرێکارە فێری‌بووە. . لەبەرئەوە هەندێ جار ڕقی لەدایك و باوکی ئەبێتەوە کاتێ کە بەرامبەر هەڵوێستی ویژداناویانەی بەپیرەوەچوونی مەسەلەی لەشی لیوە دەرئەکەوێ. . کاتێ تەنگاوئەبێت قاپەکانی خواردنەکەی فرێ‌ئەدات و شتی دڵ ڕەقانەی لەدەم دێتە دەرێ‌و بەتوندی بوی دەرئەچێ ئەمە لە کاتێکدا زۆر لەگەڵ یەکێکدا جیاوازین. . ئەم ئافرەتە واهەست ئەکات کە ئەم شتە لەکەرامەتی کەم ئەکاتەوە، هەروەها تێشوەگا

مرۆڤ لە دەربڕینیا بەرامبەر ئەو بێزاری‌یە توندە ڕێگەیەکی تر گومان ناکات و هەمیشە وشەی کۆك دەست وبردو دەمەتەقێ‌ی ڕەوشتدارانە نیە. . لەبەر ئەوە کاری خۆی کە توندوتیژەو تەنانەت کاری لەشی کە زبرە ئەبنە وەسیلەیەکی ساکاری «دەربڕین» بەتایبەتی لای نەوەکانی چینی کرێکارو دەست گرتنیشیان بە سنوری ئەرستۆکراتی‌یەتەوە هەرچیە. کە بێ لەهەموو پشوویەك هەر بێ بەشیان ئەکات. بەزۆری پاڵەوانانی ئافرەت وپیاوی ستوری ولارکن لە ونیرو مێ لاوانەن کە تەقەللای دەرچوون ئەدەن لە خاسیەتی ئەو چینەی کەتیایدا پەروەردەبوون. . ئەمەش بە پەسەندکردی سنورداریتی چین و بنکە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە هیوای ئەوەی جیهانی دروست کەن کۆتی کەم.

بێ‌و سیفاتی چینایەتی کەمێ جیاوازبێ. . لەبەر ئەوەی کەسانێکی فێربووی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمن حەزیان لە پشت گوێ‌خستنی بیروباوەڕی ڕەوشتداری ساغی باوك و دایکیان ئەکردو تەقلایاندا کە بێ بیری کۆکی لەوەوبەر تەماشای تاقی‌کردنەوەی ژیان بکەن. . لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان تارادەیەك هەڵوێستی ئەو چینەیان پێوەدیارە کە لیوەی هاتوون.

مارگریت ئورب نەیتوانیوە تەماشای کۆمەڵی پیاو بکات ئەگەر نەیپرسیبێ:

کێ تیایاندا کرێکارەو کێ کرێکارنیە؟ جۆن کیمب یەکسەرتێبینی بەرگی هەموو لاوێکی ئۆکسفۆرد ئەکات و لەبەرخۆیەوە وەك دایکی ئەڵێ. . ئەم لاوە ئەگەر نوێنەرایەتی خۆی بکات یان نەیکات چیە؟.

ئەمەش بەلایەن ئەوکەسانەوە بۆچوونێکی ناهەستداری‌و درێژخایەنە. . جا ئایا ئەگەر بە ئاشکرا بەرهەڵستیان کردبێ یان نەیان کردبێ چیت لەبەردەمی هەموو هەست پێ‌کردنێکیاندا هەیە؟. . لە هەرکاتێکدا هەوڵ بدەن ببەسترینەوە بە کۆمەڵێکی فراوانترەوە هەست و تێگەیشتنی چینایەتیان پەرە ئەسێنێ. . مارگرێت کاتێ کە براکەی لەگەڵ خۆیدا ئەیبات بۆ ئاهەنگی پێشوازی کردنی کۆلیج لە زانکۆ لەخۆی زۆر باشتر لەجاران تێ‌ئەگات. . براکەی مارگرێت لەگەڵ ئەوەی وانەی لاوەکی ئەڵێتەوە خاسیەتە جیاوازەکانی چینەکەی خۆی لەدەست نادا‌و کارەکەی بۆئەوە تەرخان ئەکات کەخواستە تایبەتیەکانی هەر وەك کاری پیاوێکی کرێکار ئەیکات بۆخۆی دەستکەوێ. . بەڵام خۆشەویستەکەی مارگرێت کە سەر بە هیچ چینێك نیە «زۆر سۆزدارەو زۆر بەگران بەرەو دەمەتەقێ‌یەك ئەچێت کە دەربارەی چینایەتی ئەکرێت. . لەگەڵ هەموو تەقەللایەکی جۆن کیمبدا کە ئەویش کەمتەرخەم و ڕۆشنبیرێ وەکو کرێ‌گرتەکەی. . بەڵام ئەو نەیتوانی کەپاشڵە کۆمەڵایەتیەکانی لە کۆڵ خۆی بکاتەوەو شانازی بە ئێستەی چینانستانیەت و ڕژێمی پاراستنی کاغەزەکانی ئەکردو ناتوانی کە ئەو نەریتی خۆ ئامادەکردنە بنیات بنێ کەپاڵ بە خۆیەوە بنێ پەرداخێ بیرە. . پیاڵەیەك چا لە ژورێکی تر بخواتەوە. . بەڵام (وتبرید)ی برادەری کە خوێنەرێکی هەژاری باکورە. . لەجۆن زیاتر سوور بوو لەسەر بنەچەی خۆی (وترید) ئەم ڕەنجکێشە بەتوانایە وا لە بنەچەکەی ئەکات خاڵی شانازی‌کردن بێ‌و هەمیشە ئەڵێ کەکەشی کۆمەڵایەتی فێری لقەکانی کاری ڕاستەقینەی کردووە کە بریتی‌یە لە سووربوون بۆ کۆکردنەوەی زانست لە سەریەکێ لە شیوەی ئیسپارتیەکاندا. . هەندێ جار وا دەرناکەوێ کە کەشی نوێ تەنانەت زانکۆش توانای گۆڕینی کەسێکی تازەپێشگەیشتووی هەبێ کەپێگەیشتنێکی چینایەتی هەبێ.

لە هەندێ هەڵوێستا لە کارەکانی ستوری لارکن زەبری ترش و هیچ وپووچ لە خاسیەتەکانی چینی ناوەڕاستی جیهان ئەکرێ.. هەڵکەوتوان حوکمیان بە پێی کارو پاڵ پێوەنان و لێهاتویی پەسەند بەسەردا نادرێ.. بۆ نمونە جون لەچاخواردنەوەیەکدا زۆر بەزبری داوای قەرزەکەی لەکرێ گرتەی ژورەکەی ئەکاتەوە.. ئارەزووی وایەکە بەتوندی خۆی لەبەرچاوی هاورێ باشەکانی کرێ گرتەی ژورەکە پیشان بدات..

ئارثەر ماکن دەربارەی ئەو ئافرەتانەی لە شەقامەکاندا جگەرە ئەکێشن تێکەڵی دەمەتەقێیەکی توندو دور درێژ ئەبێ.. کەچی برادەرێکی ئاخی یاریکەرانی رکبی ئازاری ئەدات و هەمووجارێ خێزانەکەی بیری وشەی (دایەوبابە) ئەکاتەوە وئافرەتێکی چینی ناوەڕاستە.. لە کاتی ڕق هەڵساندا براکەی مارگرێت کە وانەوانێکی لاوەکی زانکۆیە داوا لە خوشکەکەی ئەکات کە لەبەرئەوەی پایەیەکی هەیە ئەبێ خۆی لەگەڵ برادەرێکیدا نەخاتە بەرچاوی خەڵکی.. لە لایەکی ترەوەو لە هەموو ئەم ڕۆمانانەدا.. ئەوانی تر بێ هۆی رون پاڵەوانەکە پەسەندناکەن کە لە چینێکی جیهانی بێ.. هەروا ئەو پاڵەوانە بەهۆی کەشە کۆمەلایەتیەکەیەوە تەنگتاو ئەکرێ.. جون کیمب لە ئۆکسفورد خراپەی لەگەڵ ئەکرێو کرێگرتەی ژورەکەیو برادەرانی گاڵتەی پێ ئەکەن و فێڵی لێ ئەکەن.. کاتێ جۆن دەوری خۆی ئەبینێ دوایی غیرە ت ئەیگرێو (جل) بەڕاستی ماچ ئەکات ودوان دەربارەی دەستەیەکی کۆزمۆ بولیتیتی).. هەر کە ئەم ماچە ئەکات.. کە شەوێك لە شەوە ساردەکانی مانگی کانوونی یەکەم ئەبێ هەڵی ئەگرن و فڕێی ئەدەنە گۆمۆڵکەی زانکۆوە.. هەر لەم بابەتە ئەو دەوڵەمەندانەی کەتیپی یاری فوت بۆڵێنیان هەبوو ئارثەر ماکن لە گەڵیان بوو.. وا دیاربوو گاڵتەیان پێ ئەکرد.. بۆ ئاهەنگەکان بانگیان کردو بە کاری گومڕایی مەستیان کرد.. هێندەی نەخایان لێی دورکەوتنەوەو بەرەییان پیا نەهاتەوە.

لە کارەکانی دیڤید ستوریو کارەکانی هەندێ نووسەری هاوچەرخدا.. هەر وەك چۆن موچەخۆرێکی بێزارکارو هیچ وپوچ زۆر جار دەرئەکەوێ تێکەلاوی چینایەتیش وەك نرخێکی ڕەق سەر دەرئەهێنێ.. پاڵەوانەکان ئافرەت و پیاو بە گشتی ناگەڕێنەوە سەر ئەوەی کە دایك و باوکیان تێدابوون چونکە جیهانی نوێیان زۆر بە روونی ئەبینیو ئەیانزانی کە خەڵکی ناتوانن ئەوە بەجێ بێڵن کەبەرپایان کردووەو لەسەری گەورەبوون.. لە کاتێکدا کە ئارثەر ماکن تەلیسمی ساختەی یاری رکبیو ئەو چەکانەی ئەیدرێتێ ئەیزانی چین هەستی بەوە ئەکرد خاتو هاموند ئەندامی چینەکانی جیهانی بەرهەڵستکارو گاڵتە بازی بەجۆش ئەوە کە بە ڕاستی سۆزی ڕاکێشاو.. بەرامبەر بەمە.. مارگریت ئورب لەگەڵ پاك بوونەوەی گۆڕانی جۆربەجۆریا دلسوزی خۆشەویستەکەی ئەبێت و خۆشەویستەکەش.. مامۆستایە کەی وێنەیە هەمیشە بە ناچینایەتیو بێبنەچە ناوبراوە.. لاوازبوو جێگەی بڕوانەبوو.. ستوری دەریخستوە کە ناچینایەتی خۆشەویستەکە لەبەر ئەوەیە توانای خۆی لەدەست داوەو شتێکی نیە کە بەرگری لێ بکات و ناسنامەیەکی جیاوازی نیە.. لەبەر ئەوە ئاسانترین باوەڕی نەریتی چینی ناوەڕاست ئەگرێ بۆ ئەوەی بێ هیوا بگەڕێتەوە لای ژنەکەی.. شان بەشانی ستوری نوسەری تری وەکو سللتوو جون وین هەن بەدەربڕینێ کە پەیوەستی نەریتی چینی کرێکارانە دووپاتی نرخەکان ئەکەنەوە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا نووسەرانی بەریتانیا بەو هەڵوێستە تەقلیدیانەی چینی کرێکارانی ئینگلیز لەزانینی واقیع بوونەوە.

کە ناباوەڕی بە کار بەدەستان و سەرکردایەتیو ون بوونی دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر چارەنووسیداو هەست کردن بەوەی کەمرۆڤ ناتوانی دەستنیشان کراوو تەنیا خۆی وەدەستی بێنێ گرتەوە.. هەموو ئەم هەڵوێستانە بەهێز بە درێژایی پەنجا ساڵی دوایی باش بوون.. مرۆڤی هەستدارو تێگەیشتوو بەرەو نرخ ڕۆیی.. هەر لەو دەمەدا بووە خاوەن

هەستی بەرگری کردن و هەڵوێستی ئەوتۆ کە ڕێگەی ئەدا کە لە ناو جیهانێکی جەنجاڵدا بێ ساختەو درۆ بژی. . لە شوێنێکدا لە ڕۆمانی (ئەم ژیانە وەرز شی یە)دا ئارثەر ماکن تووشی نائومێدی یەکی زۆر دێ بەرامبەر یاری ڕکبی و دڵدارەکەی و برادەرە ڕێك وپێکە تازەکانی. . ڕۆمانێکی ئەمریکایی دێتەوە بیر کە پاڵەوانەکەی پۆلیسێکی نهێنی یەو ناوی (ستلتن)ە . . ئەم پاڵەوانە وەك ئەم بێزاربوو . . سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو لەدەست گیروگرفتەکانی چەندان میل بۆی دەرچوو. . ئەم پاڵەوانە سەرنجی ئارثەری ڕاکێشا.

پیاوی چینی کرێکار ئۆتۆمبێلی نەبووەو هەرگیز بواری لێخوڕینیشی نەبووە. . بەڵام ڕۆڵەکانی ئەم چینە ئێستە نموونەی پارچەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانن و بە بڵاوبوونەوەی سنووری چینایەتی خەڵکی فێربوان و دەرکەوتوانی چینی کرێکاران لەگەڵ پارێزگاریان بە هەندێ هەڵوێستی چینایەتیانەوە زۆربوون. . درێژی کات و پەرەسەندنی پەیوەندی نێوان گەلان و تێکشکانی کاری لێ و ڕەوشتداری یە کۆنەکان و زیادبوونی گۆڕان بە ئاسانی بۆ چینێکی تر یارمەتی دروست کردنی هەڵوێستی چینی کرێکارانیان دا لە وانەش: سووربوون لەسەر لایەنەکانی خۆی و لەش و گومان کردن لەو ڕاستی یە چەسپاوانەی کە هەن و باوەڕ پەیداکردن بەوەی کە مانەوەی مرۆڤ بەستراوە بە بەختەوە. . مەسەلەی بەخت بە سەر کەرتێکی زۆری کۆمەڵگەی بەریتانیادا ئەسەپێ.

ئەم کارە بە مەودا کاتی و زانستی و مێژووی یەکانیەوە لە ڕۆمانی دووەمی فیلیب لارکندا کە ناوی (ئافرەتێ لە زستاندا 1947)دا جیا کراوەتەوە. . (کاترین لند) کە لەجەنگی دووەمی جیهاندا پەنابەرێکی ئەڵەمانیای یە لە ئینگلترایە. .

ئەگونجێ بۆ ئەوەی کە نوێنەرایەتی بۆچوونی مەڵبەندی بکات کە هەموو ڕووداوێکی پێ تەماشا ئەکات. . سەردانەکەی لەئینگلتەرا پێش جەنگ لە وەرزی هاویندا بە لەوەڕگایەکی سەوزەوە یەوە لەگەڵ ئێستەیدا بەراوردئەکات کە لە کەژێکی سارددایە. . لە نامەخانەیەکی مدلاندیای بەدوکەڵ داپۆشراو بەرگی لە کتێب ئەگرت.

ئەم بەراوردکردنە بە شێوەیەکی زۆر کارداری لە هەڵکەوتوویی ڕوین دا ڕەنگ ئەداتەوە. . ئەمەش کوڕی ئەو خێزانەیە کە لە ناوچەی ئۆکسفۆرد لە ماڵی خۆیاندا پێشوازی میواندارێتی کاترینیان کرد. . ڕوین پێش جەنگ کاتی سەردانەکەی کوڕێکی بە ڕەوشت وپاك بوو هەمیشە ڕێك وپێك بوو ئامۆژگاری هەستی خەڵکی تریشی ئەکرد. .

کە گەیشتە شازدە حەڤدە ساڵی وای لێهات بڕوای بە کارەکەی لە وەزارەتی دەرەوە وەك ئەو باوەڕە پەیداکات کە ئەبێ ئەو هەنگاوە پێویستانە بنێ کە گەیاندویەتە کار لەو وەزارەتەدا. بۆ چین و دەستەکانی لاوێکی نموونەیی بوو . . کاترین لە بەربێ دەنگی و پاکی ئەم کوڕە کە نەیتوانی خۆی لەلا خۆشەویست بکات زۆر پەشیمان بووەوە. . کاتێ دووەم چار لەکاتی جەنگدا کاترین کە پێی گەیشت ئەو بەتەواوی گۆڕابوو. . ئێستە وا لە سوپاداو دەسەڵاتی بەسەر خۆی و دوارۆژیدا نەماوە. . دابڕینی لە کارەکەی شتێکی ناوەندی بوو. . بە هۆی کاری سەردەمەوە کە زۆر لەو بەهێزتربوون. . باوەڕی بە خۆی و ڕێبازی تەواوی بۆ بەرەنگاری کردنی توانادارانە بەرنامەدارانەی بەرامبەر هەموو نارەحەتیەك تێکشکان و پەنا ئەباتە بەر دۆخی بەرگری کردن و پشت لە لایەنی خۆیی و یەکسەری ئەبەستێ. . حەزی ئەکرد ئەگەر بۆ شەوێکیش بێ لەگەڵ کاترین بخەوێ چونکە کاری ساکاری تایبەتی بەتەنیا ڕەنگە واتای شتێ بێ. . ئێستە کاترین سەبارەت بە گەیشتنەوە بە ڕوین بۆ خۆی ئەندێشەی بە پەرۆش و جیاکراوەی درووست کردووەو پێشنیارەکانی ڕوینی پەسەندکرد. . کە لە ئەندیشەکانی ڕزگاری بوو ئەویش واتە : کاترین هەستی بەوە کرد کە پەیوەندی ساکاری کاتی نێوان دووکەس لەم جیهانە ئاڵۆزاوە شت ئەبەخشێ.

جەنگی دووەمی جیهان لە (ئافرەت لە زستاندا) تەنیا

کارێکی کاریگەرو روشێنەرە.. هەرواش لای زۆر لە نووسەرانی هاوچەرخ گرنگترین رووداوە لە رووداوەکانی گۆران لە نرخێکی چەسپاوەوە بۆ نرخی ناچەسپاوە کە لە بەسەربردنی تەنیا شەوێك بەجوتە لەسەر پێخەفێکدا دەرئەکەوێ گۆڕانی نووسەری هاوچەرخ بەرەو نرخە تەقلیدیەکانی چینی کرێکاران مەبەست دۆزینەوەی شارێکی چاکی کرێکاران یاخود پتەوکردنی هەندێ بیروباوەڕی تەماوی نیە کە پەیوەندی بە چاککردنی دۆخ یان هاوسانی نێوان هەموو خەڵکەوە بێ..

سەرەتا ئەم گۆڕانە هەڵسەنگاندنە لە لای نووسەرەوە وەڵامدانەوەی خواستە تەقلیدیەکانی چینی کرێکارانە لە چوارچێوەی کۆمەڵێکدا کە ناتوانی دەسەڵاتی بەسەردا پەیداکات.. هەروەها لە پێناوی فێرکردنی چوونیەتی ژیانە لە بواری دەستنیشان کراودا.. بەم واتایە گیروگرفتەکانی چینی کرێکاران بووە گیروگرفتی هەریەك لەپیاوانی بیرکارانی ناو کۆمەڵ وەك: چوونیەتی دووپات کردنەوەی خودو بەرگری لێ‌کردنی لە ناوەند جەنجاڵی و کەمتەرخەمیدا.. لە کۆمەڵی هاوچەرخدا مرۆڤ ئەگەر مەودای دەستنیشان کراوی توانای هێزو دەسەڵاتی خۆی نەزانێ بە کەر دائەنرێ و هەروەك ئەو نرخەجێ گیرە سەردەمێکی تردا بێ و چێژێکی تر گۆڕانی نەدیبێ ئەگەر نەدوێ و نەجوڵێتەوە زۆرجار دەست کردکاران ئەبنە جێ ی پێکەنین.

لە (کچێ لە زستاندا) فیلیب لارکن گاڵتەی بە (ئالتی) ئەو ئەمینداری نامەخانەیە دێ کە هەمیشە ئەو ئامۆژگاریانەی دائەدا کە دەربارەی سەرکەوتن لەکاردا تێیدا پەسند نەبوو ئەمەش بە ئاوڕدانەوەی پڕ لە سووربوون لە درێژەپێدانی هیچ وپوچدا..

ئانتی کەرو هەستێکی خۆیی هەبوو هەمیشە قسە گاڵتەجاڕیەبە بێ سەروشوێنەکانی یان بەستایشی خۆی یاخود بە دوکەڵی سەبیلەکەی ئەبڕی کە نەیئەتوانی نەیەڵێ بکوژێتەوە.. هەرواش لارکن لەرۆمانەکەیدا (جل) گاڵتەی بە ویتریدی بشکنکاری خۆ ستایش کار ئەکرد کە هەمیشە باسی بیروباوەڕە کەمەکەی ئەکات کە گوایە خوێندن و کاری باش هۆن بۆ مسوگەرکردنی دوارۆژێکی خۆش..

لەکۆتایی رۆمانەکەدا بەهۆی قسە دادانەکانی ویتریدەوە جون کیمب تەواو بێزاربوو شەوێك سەرکەوتە ژوورەکەی ویتربریدو هەموو بەرگەکانی رۆنای وەرەباوی کرد.. دەستکردکاران و بێ مێشکان.. ناتوانن ئەوە ببینن کە جیهان رێگەیان نادا دەربارەی نرخی چەسپاو شتی هیچ وپووچ بڵێن هەرواش ناتوانن دان بەوەدا بنێن کە ئەوان خۆیان بیروباوەڕێکیان هەڵگرتووە لەرۆژگار بەجێ ماوەو بەرەو جیهانێکی نوێ هاتون کە خاوەنی نرخی راپەراندنی کەمی هەیەو لەجیهانێکدا کە پڕی‌یەتی لە خراپەی جگەربڕو داخ لە دڵی ئارادەیەکی زۆر وتەماوی‌و دوور لە وەرگرتنی مرۆڤی نەزان کە هەست بەوە ناکات کە بیروباوەڕە بۆ بەجێ ماوەکەی کەپەیوەندیداری پاشەکەوتی چاکەو پێویستی زیرەکی‌یە لەگەڵ تاقی کردنەوەی ژیانی نوێدا ناگونجێ چەند بارەکردنەوەی وتەی سۆزاوی‌و نا زانست ئاوانێکی گەورەئەبن.

نووسەری هاوچەرخ.. بەرێگەیەك.. زۆرتر پەیوەندارترە لەوانەی لەوەوبەری.. چونکە تاقی کردنەوەی ژیان هەرچەندە ماوەت بۆ چۆڵ کرد نەخشەی پێکەنیناوی دروست ئەکات یاخود مەسەلەی رەوشتی ناباب ئەهێنێتە پێشەوە.. نووسەری هاوچەرخی ئینگلیز لەرووی ئەوەوە کە ئامادەیە گومان لە هەرشتی بکات کە وەك نمونەیەکی بەرز دیاربێ لە ئەندامێکی چینی کرێکار ئەچێ‌و ئەمەش ئەو نموونە دورەیە کە مرۆڤەکە لەرێیدا تێ ئەکۆشێ‌و ناتوانێ بیگاتێ.

بیروباوەڕ لاوازی پیاوی کرێکار بە ئامانجی چپان و بەڵێنی تەماوی بەرەوئەوەی ئەبەن بیری زانستی هەڵسەنگێنێ زیاتر لەوەی نموونەی بەرز تەنیا هەڵسەنگێنێ.. لەبەر ئەوە ئەبینین کرێکارانی مەنجەمی رۆمان نووس کلانس سیکال لە رۆمانەکەیدا (کۆتایی هەفتە

لە «دنلوك» بەو كرێكاری مەنجەمە گاڵتە ئەكەن كەپاچەكەی (أمان) لە چاڵەكەدا بەجێ هێشت (گەرچی ئەوان خۆیان رقیان لەم چاڵەبوو) بۆئەوەی ببێتە وێنەكێش. . ئەوانیش هەست بەوە ئەكەن كە كاری راستەقینەی مرۆڤ خۆبەستنەوەیە بەوەی ئەیزانێ واتە بە پاكژی برادەرەكانیو شارو ژنەكەیەوە. . لەجێی ئەوەی كە شوێن شتی هیچ وپووچی تەماوی وەك هونەر بكەوێ. . رۆمان نووسە هاوچەرخەكان ئەوانیش گاڵتە بەوكەسانە ئەكەن كە وەك سووتاوی خوداوەندێكی پیرۆزبن ئاوا كوژراوی هونەرن. .

زۆر جار ئاڤروین و ئینكسن وەولسن هێرشیان كردۆتە سەر ئەو پیاوەی كە سەرلەنوێ رەوشتداریتیو رێبازو سیاسەت دائەرێژێ. . لەگەڵ ئەوەدا زۆر لە نووسەرە هاوچەرخەكان بە باس كردنی تەسك دەستنیشانی ئەوەیان نەكردووە كە كرێكارانی مەنجەمەكان لە دنلوك سەبارەت بیری كاركردن و بەجێ هێناویانە تەپێشێ . .نووسەران وین وامزو ولسن دوژمنی رۆشنبیری نەبوون و گاڵتەیان بە هونەر نەكردووە. راستیەكەی ئەوان داوای ئەوە ئەكەن كە هونەر لەگەڵ بووندا بجووڵێتەوە. . لەسەر هونەر ئەوەیە دەسەڵات پەیدابكات و دابڕێژرێو رێپیشانی ئەو گرێیانەی تاقیكردنەوەی ژیانی هاوچەرخ بۆ كردەنەوەیان بدات لە جیاتی ئەوەی دەورو خولی تارمایی وێنەی رزیوی سەردەمی كۆن بدات.

تەقەلای جیابوونەوەی هونەرمەندی رەسەن و هونەرمەندەكەلەك چی ئەدەن. . هونەرمەندی رەسەن ئەو مرۆڤەیە كە بە دۆزینەوەی هەڵوێست و تێگەیشتنەكانی هاوچەرخ بۆ كارەكەی رێبازێ دەستنیشان ئەكات. بە بۆچوونی ژمارەیەكی زۆری نووسەران وایە تاوتوو جیاكردنەوەی ئەو بیروباوەڕانە بكرێ كە چینەكانی كرێكار تەقلیدیانە دەستی پێوە ئەگرن چونكە خواستێكی نموونەیی راستە بۆ بەریتانیا.

ئەمە لە رووی پێویستەوە ئەوە ناگەیەنێ كە بیروباوەڕی چینی كرێكاران زۆرو تەواو بەرزكردنەوەیەكی چینەكانی كرێكارنیە كە خاوەن چاكەن و یاخود لە چینەكانی تر پاكژترن. . راستیەكە ئەوەیە تێگەیشتنی چینەكانی كرێكار پێویستی بە تاوتوێ كردن هەیە چونكە ماوەیەكی زۆر ئەخایەنیو بەتایبەتی ئەوانەی كە بەشان و كۆڵ ئیش ئەكەن نوێنەری خواستەكانی كەرتێكی فراوانی خەڵكن.

هەرچەند كە جیاكردنەوەی توند لە نێوان چینەكاندا لاوازبوو زیادیكرد هەرچەند كە مرۆڤ باشتر فێربوو رۆشنبیری بەریتانیای بەكار زیاتر سەربەست ئەبێ لە هەڵبژاردنی شوێن لە هەرچینێكدا بیەوێو هەست بەوە ئەكات كە دوورە لە شوێن كەوتنی دایك و باوك و قوتابخانەكەیو وانەدادانی سەر كارەكەیەوە.

رۆشنبیری بەریتانیایی ئاواتی گەردونی بە نارەحەتی ئەبینێو سیاسەتی نێو دەوڵەتان بە تاقیكردنەوەی بەستراوە بە رووداوەوە دێتە بەرچاوی. . چاكی پاڵەوانێتی رابوردوو ئەندێشەیی بەشێكی دروست كراوو جیاواز ئەزانێ . .مێژووی ئەم دواییەی ساڵەكانی پەنجا پارمەتی رۆشنبیرانی بەریتانیای دا كە لە هەڵوێستی گەلێ جۆردا شان بەشانی چینی كرێكاران راوەستێ بەجۆرێ لە رووی سووربێ بۆ بەرگریكردن لە پلەی خۆیو گاڵتە بەو شێوازە میسالییەی بۆرەوشتی ئادمیزاد دروست كراوە بكەن. . لە بەریتانیا چینی كرێكاران لە ناو كۆمەڵدا جڵەوی دەسەڵاتیان وەرنەگرتووەو بەكاری گەرمیش لایەنگیریان بۆ بۆچوونەكانی نەكراوە (بەتایبەتی سروشتی پۆلاینی بۆ چونەكەیەتی كە بۆتە هۆی وەستانی ئەم گورج وگوڵیبە) رەنگە رۆشنبیران تا ئێستەش تەنانەت لە كۆمەڵگەی بەریتانیادا نموونەی ژمارەیەكی كەم بن لەگەڵ ئەوەدا رۆشنبیرانی بەریتانیا لە بەرەو روو بوونەوەی كۆسپی لەم بابەتە شتێ لە خۆراگرتنی دەستنیشان كرا وبنیات ئەنێن ئەو خۆراگرتنەی كە بۆ ماوەیەكی دوور لە كۆمەڵگەیەكی پیشەسازیدا مایەوە. . ئەوەش بەرگریەیە لە كرێكاران.

1 ـ الأقلام ـ ژمارە (7) تەموزی 1984 .

**2 ـ شیخ نوری ودەنگی رەسەنی شیعر ـ مصلح جەلالی**

# شاعیری دەشتی تەراج

# مەلا خەلیلی موخلیس

## 1910 - 1985

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

نووسینی: جلال مولود ئەحمد

پاش ئەوەی کە ئاشنایەتیم لەگەڵ رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان پەیدا کرد بەتایبەتی دوای ساڵی 1973 دەستم کرد بە کۆکردنەوەی شیعری شاعیرە نەناسراوەکان وە لەرۆژنامەی «هاوکاری» ئازیزدا بڵاوم کردنەوە وەك: - «شێخ عبدالقادری فیغانی «1908 - 1966»[1] وە مامۆستا «عبدالمجید گوێری» «1939 -»[2] وە ملا علی سوریژەیی ناسراو بە غەریب «1916 - 1978»[3].

هێشتا خواڵێ خۆشبوو مامۆستا ملا خەلیلی موخلیسم بەباشی نەناسی بوو.. بۆ یەکەم جار کە ئاشنایەتیم لەگەڵ شیعرەکانی - پەیدا کرد لە ساڵی 1973 بوو پاش ئەوەی چامەی «وولات هەی وولات» لە لایەن دکتۆر عبدالله نقشبندی بڵاو کرایەوە کە سەرەتاکەی بەم جۆرە دەست پێ کردبوو: - «هەر هەنگاوێ بەختێکی زێراو لیستەییکی شانازی بەخشێندرێ لۆ «بویژەکانی» نەتەوەی کورد چەند



ناوێکی وەك نالیو صافیو سالم و موخلیس هەر وەك کۆمەڵە ئەستێرەکانی گەلاوێژ لە ژۆرای ئەم لیستەیە دەتریسکێنەوە..»[4].

ماوەی چەند ساڵێکی پێ چوو بەسەر بڵاو کردنەوەی ئەم چامە - رەنگینەی «موخلیس» بەڵام من هەمیشە عەودالی ئەوە بووم کە دیوانە دەستخەتەکەم چنگ کەوێت.. تاکو رۆژێك پاش ئەوەی باوکم و مامۆستا ملا قادری دووسەرەی لە سەردانێکی تایبەتی گەرانەوە کە چوو بوون بۆ دیدەنی مامۆستا «موخلیس»وە یەکێك لە دیوانە دەستخەتەکانیان بۆ هێنا بووم.. منیش زۆر پێی - خۆشحاڵ بووم وە دەستم کرد بە بڵاو کردنەوەی مێژوی ژیان و شیعرەکانی لە رۆژنامەی هاوکاریو رۆشنبیری نوێ..

هەر بەوش دڵم ئۆقرەی نەگرت.. دەمێك بوو سەودای ئەو رۆژە بووم کە بلوێ بۆم و بە دیدەنی شاعیری کلاسیکی هاوچەرخ و لێ هاتوو مامۆستا خلیل موخلیس

خاوەنی چامـەی «وولات هەی وولات»و «بـواری دەشتی قەراج»و «کە قارە قاری مەڕ هات» بکەم و چاوم بە دیدەنی رۆشن بکەم و هەندێ پرسیاری ئاراستە بکەم بۆ ئەوەی لە یەکێك لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان بلاوی بکەمەوە..

ئەوە بوو لە رۆژی [27 ـ 7 ـ 1974] لەگەڵ هاورێی خۆشـەویستم مامـۆستا «مستـەفا محمـد قادر» چووین بۆ گونـدی «دووسـەرە»و لە حوجـرەی مزگـەوت چاوم روون بووەوە بەدیدەنی مامۆستا «موخلیس»...

پاش ئەوەی بەخێر هاتنێکی گەرم و گوڕی کوردانەی لێ کردین منیش چەنـد پرسیـارێکم لێ کردو لە رۆژنـامـەی هاوکـاری بلاوم کردەوە لە ژێـر ناوی «مـامۆستـا خلیل موخلیس وەلامی چوار پرسیـار ئەداتـەوە».. لە سەرەتـادا نوسی بووم: ـ

[ئـای چەنـد خۆشـە تاکو شاعیـرانمـان لەژیاندا ماون باوەشی رێـزو حورمـەتیـان بۆ بکـەینەوەو کۆڕی ئەدەبیان بۆ ساز بکـەین و بە خزمـەتیـان بگـەین.. بۆ ئەوەی لەدوا رۆژا پەنجەی پەشیمانی ـ نەگەزین و نەبێتە کەسەر لەدڵمانا..]. [5]

شاعیر ناوی «خلیل»ە کوڕی فقێ رەسول کوری حاجی مستـەفـایەو لە تیـرەی «سنجاوی»ە.. نازناوی شاعیریشی لەسەرەتاوە «وافی» بووەو دوایش کردویەتی بە «موخلیس».. [6] بنەماڵەکان ـ نیشتەجێی گوندی «شـۆڕەزەرتکـە» [7] بوونە.. لە ساڵی (1910)ی ز بەرامبەر بە «1329»ی. ك لەدەشـتـی قەراج، [8] لەرەشـمـاڵان لە ئامێزی بەهارێکی دەم تەردا چاوی ژیانی هەڵهێناوە...

جاران ژیانی کۆچ و کۆچ بارو مەڕداری خۆش بوو.. بەتـایبـەتی لە بەهـاری دەشتی قەراج.. خەڵکـەکـە لێکـرا سونگی رەشماڵی لەبنارو بناری چیای «قەرەچوغ»و [9] پانایی دەشتی قەراج دادەکوتا.. تاکو بەهاری کۆتایی پێ دەهات لەوێ دەمـانـەوە.. «رەسـوڵ»ی باوکی «مـوخـلیسی»

شاعیریش وەك عادەتی جارانی بارگەی کۆچ تێك ـ دەنێ و بەمەڕو ماڵاتەوە بەرەو هەوارگەی دەشتی قەراج.. دەکەوتە رێ، «مـوخـلیسی» شاعیـریش هەر لەم شوێنـە خۆش و دڵگیرە لە دایك بووە.. شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێ: ـ

من جێـگـەی پێشوم «شـۆڕەزەرتکـە»یـە
ئەو «شـۆڕەزەرتکـە»ی کـەنـدینـاوەیـە
دێـیـەکـی زۆرە، زۆر خۆش ـ هەوایـە
ئاوەکـەی شۆڕی وەك دەرمـان وایـە
پیشـەی کوردانـە لەوێ وا بووە
هەر کەس مەڕ دار بێ بۆ قەراج چووە
لەو کاتـان، «قـەراج» کەم ئاوەدان بوو
کەژی بوواران جێـگـەی سەیـران بوو
کوردان لە هەر لا بۆ «قـەراج» دەچـون
تا دەمـی دوورنـە لەوێ گیـر دەبـون
هەر وەکـو ئەوان ساڵـێـك لە ساڵان
باوکـم ماڵ دەبـا دەچـتـە رەشـمـاڵان
بووار خۆش بووە، لەو بووارەدا
منـی دەر خسـت خوا لەم هەوارەدا
مێـژوی «هـیـجـری» لەو دەم وای دەگـوت
هەزارو سێ سەد بەر لەبـیـسـت و نۆ

کە تەمەنی دەگاتە «پێنج ـ شەش» مانگان باوکی کۆچی دوایی دەکـات لە دونیـای غەریبی و کەسـاسیدا بەهـەتیوی لەئـامێـزی دایکی کلۆڵ و دڵسـۆزی دەمێنێتـەوە.. لێرەدا زنجیرەی ژیانی ناخۆش و پڕ لە گیروگرفتی شاعیر دەست پێ دەکات.. بەڵام راستە کە؛

«بەهەشت لە ژێر پێی دایك دایە».. «موخلیس» هەر چەنـدە تاقـانـەی دایـکی بوو.. بەڵام پەروەردە کرا بە شێوەیـەکی راست و رەوان.. دایکی بەو پەڕی دڵسـۆزی و

وەفاداریەوە بەخێوی دەکرد. . وای نەدەکرد کورەکەی هەست بە کەم و کورتی ژیان بکات و خۆی لە منداڵانی ئاوقەرانی بەکەمتر بزانێت. . ژیانی هەژارێکی ـ بەگزادانە

دەژیا. . هیواو ئاواتی دایکی لەژیاندا تەنها ئەوە بوو کورەکەی لای مەلاو زاناکانی ئەم سەردەمە بخوێنێت و بێت بەمەلا. . وە زۆر جار «بۆ حوجرەی مزگەوت لە ئامێزی دەکردو دوایش دەیهێناوە ماڵەوە». .[15] ئەوە بۆ ئاواتی دایکی هاتە دیو دایکی کۆچی دوایی کرد. . شاعیر دەڵێ: ـ

بوم بە پێنج ـ شەش مانگ باوکم باری کرد
دایکی بەتەنیا بە خێوکاری کرد
لۆ دایکیو واچاك من تاقانە بووم
بۆژین لەو دەمدا بەگزادانە بووم
تا عومرم دەبو بەپێنج ـ شەش ساڵان
رام بووارد بۆ خۆم هەر وەك منداڵان
رۆژو شەو دایکم هەر دوعای دەکرد
ژین و چالاکی بۆم داوای دەکرد
دەیگوت: ئەی خوایە هەر بۆ خۆم ئەبو
من کە «خەلیلم» داوا کرد لەتو
دەمەوێ چاك بیی دەمەوێ مەلا بی
بۆ دین و دونیا ئیشی بێ چابی
هەرچی لە خوای خواست ئەوی لەبوکرد
من کەتمە خوێندن ئەویش کۆچی کرد

سەرتاپای سەر دەمی خوێندنی فەقێیەتی شاعیر وەك فلیمێکی ناخۆش دێتە بەر چاو. زۆر گەراوە لەم گوند بۆ ئەو گوند لەم ماموستا بۆ ئەو ماموستا تاکو ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. .

ماموستا مەلا خلیل لای ماموستایان [مەلا ئەحمەدی رەش و مەلا صالحی کۆزەپانکەو مەلا حمدامین سوێری و مەلا قادری سوریژەیو مەلا شێخ جلال»] خوێندویەتی، بەڵام ئیجازەی مەلایەتی لە لای ماموستا مەلا صالحی کۆزەپانکەی وەرگرتووە. .[11] شاعیر دەڵێ: ـ

خۆم ئەوا نەدا زۆر بە دەستو برد
گەر چی هەژار بوم خوێندنم دەکرد
بێ کەس و دەر بەبێ رەقابەت
بێ جلو جۆرو شتی کیتابەت
خۆراکی رۆژیم بەحاڵ و بێحاڵ
دوو نانی رەق و سێ دیشلەمەی‌تاڵ
زۆر شەبرزە بوم تاکو سوختە بووم
دەست و پێ چلکن زۆر نابوختە بووم
لۆ نان و لۆ ئاش لەدێ دەسوڕام
کۆم ئەکردەوە لەبۆ ماموستام
هێوارەو بەیان لەکەژی زستان
باران لێی دەدام بەڵام چ باران
هەر وەك سولاوکە دەرژا بەسەرمان
دەرژاو دەرۆیی تا سەر جگەرمان
هێندێ جار بەفرو هێندێ جار تەزرە
دەیکردە گێژەن، گچکە یا گەورە!

زۆربەی ژیانی مەلایەتی لە گوندی «دووسەرە»ی فتاح ئاغا کردوە لە دوایش دا لە مزگەوتی (حاجی تەها قەساب) لە هەولێر پاشان لە ساڵی 1965 رووی لە شام و حیجاز کردوە بۆ ئەوەی بەیەکجاری تەرکی دونیا بکات و لە شاری «مەدینە» بمینێتەوە بەڵام لە بەر هەژاریو کەم درامەتی نەی توانیوەو گەراوەتەوە بۆ گوندی «دووسەرە» تاکو ساڵی 1975 لەوێشەوە بۆ «خانەقای شێخ مستەفا» لە شقلاوە.

«موخلیس»ی عالیم و زانای هێژاو مەلای پسپۆری سەردەم و ـ شاعیری کلاسیکی هاوچەرخ لە کات ژمێری دوانزەو نیوی شەوی چوار شەمەی رێکەوتی (1985/6/5) لە نەخۆشخانەی «صدام» لە هەولێر کۆچی

دوایی کردو لە گۆرستانی گوندی «پیرداود» تەسلیم بەخاك کرا.. هەزار سلاو لەگیانی پاکت بێت ئەی شاعیری دەشتی قەراج..

بەکورتی.. «موخلیس» شاعیرێکی کارامەو لێ هاتوو مەلایەکی پیتۆڵ و زیرەك و بەهرە تەقیوو بوو.. خاوەن بیرو هۆشێکی فراوان و بەپیت بوو.. شیعرەکانی لەگەڵ ئەوەی لەقاڵبێکی کلاسیکی دارژاند بوو لەهەمان کاتیش دا تام و بۆی فۆلکلۆریان لێوە دێت.. خوا لێ خۆش بوو ئەستێرەیەکی وورشەداری ئاسمانی ـ کوردستانی ئازیزو شاسوارێکی خەباتگێری رێگەی پڕئێش و ئازارو ئەشکەنجەو غونچەیەکی پشکوتوو بولبولێکی لالەزاری سەر شاچڵی ئەدەبی کوردی بوو.. ڕووبارێك بوو لەئاوە ـ شیرنەکەی هەزارەها تێنو ئاویان دەخواردەوە.. دارستانێك بوو لە سێبەرەکەی چەندەها رێبواری ماندوو ئەحەسانەوە..

ئەی شاعیرەکەی دەشتی قەراج، وولاتی حەکایەت و ئەفسانەو فۆلکلۆرو حەیران بێژ و سوار چاکانی سۆرانی.. ئەی شاعیری عەشقی سروشت و جوانی.. ئەم ساڵ لەیادی غوربەتی زاتی پاکت لەرەشماڵانی دەشتی قەراج شەمعی شەبوستان دەکوژێتەوە.. بەزم و سەفای مەجلیسی رەندان نامێنێ و شەنگەبێری بەکزی پێشوازی قارەقاری مەر دەکات و شوانەکانی بنارو بناری چیای قەرەچوغیش هێدی هێدی بەشمشاڵی رەندی دەستیان ئاوازی خەم بۆئەم دەشت و چیایە لێ دەدەن...

## موخلیس و شیعر: ـ

مێژوی ئەدەبی کوردیمان هەر لەکۆنی کۆنەوە بگرە تاکو ئێستا وەك ئەدەبی گەلێکی زیندوی سەر ئەم زەمینە بەچەندەها قۆناخ تێپەڕ بووە تاکو گەیشتۆتە رادەی ئێستای.. وە لەهەر دەورو زەمانێکدا توانیویەتی بەپێی توانا دەوری خۆی لە ـ پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواریو ووریا کردنەوەی بیرو هۆشی لاوانی کورد ببینێ و بەهیچ جۆرێك درێخی نەکاو کەمتەرخەمی نەنوێنی لەم مەیدانەدا.. ئەدەبی کوردیمان لەسەدەی نۆزدەهەمدا گەیشتە سەر شاچڵی پێشکەوتن و گەشەداریەتی.. هەر بۆیە ئەم سەدەیە بەسەدەی زێرین لەئەدەبی کوردیدا لەقەڵەم دەدرێ.. لەشاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی ئەم سەردەمە:

[نالی و مەولەوی و حاجی قادر].. هتد. کەتا دونیا دونیایە ئەدەبی کوردی شانازیان پێ دەکات..

لەگەڵ ئاوا بوونی خۆری پرشنگداری سەدەی نۆزدەهەم و دەست پێ کردنی سەدەی بیستەم گەلێك شاعیری جگەر ـ سۆزو شۆرش گێر هاتنە مەیدان چەشنی: پیرەمێرد، بێکەس گۆران، قانیع، ئەسیری، مخلس.. کەتوانیان تارادەیەك ئەو کەلێنە بەتاڵە پربکەنەوە کەنالی و مەولەوی و حاجی.. لەدوای خۆیان بەجێیان هێشتبوو..

مامۆستا «موخلیس» یەکێك بوو لە قوتابیە زیرەکەکانی قوتابخانەی «نالی» لەپیاهەڵدانی سروشت و شیعری دڵداری.. شاعیرێکی هێژای سەردەمی خۆی بوو بەلام حەزی لە خۆهەڵکێشان و ناوداری نەدەکرد.. بەداخەوەش کەسانی واش نەبوون بەپێی پێویست بایەخ بە شیعرەکانی بدەن و لەگۆڤارو رۆژنامەکان بلاوی بکەنەوە.. چەند پارچە غەزەلێکی کاتی خۆی لە گۆڤاری «گەلاوێژ»[12] بلاو کردۆتەوە.. هەروەها بەهەشتی گیوی موکریانی زۆری خۆش دەویست و ناو بەناو لەگۆڤاری «هەتاو»[13] شیعری بلاو کردۆتەوە.. بەم دوایەش د. عبداللە نقشبندی چامەی «وولات هەی وولات»ی بلاوکردەوە..[14] وە نوسەری ئەم باسەو کاك خالید جوتیاریش دەربارەی مێژوی ژیان و شیعرەکانی لەرۆژنامەی هاوکاری و رۆشنبیری نوێ هیچ درێخیمان بۆ نەکردوە.. بەلام ئەوەی راستی بێت هێشتان هەقی خۆی نەدراوەتی..

لەو چاو پێ کەوتنەی کەهەمیشە لەیادم ناچێ «موخلیس» پێی ووتم: ـ

له دەورو بەری ساڵی 1930 کە ئەوسا تەمەنم (20) ساڵان بوو بە تەواوەتی شیعری ڕێکم داناوە. . وە بەزۆری بەرهەمی (ناڵیو سالمی سنەو مەولەویو حاجی قادر)م خوێندۆتەوە لە فارسیشدا (سەعدی شیرازیو حافیزی شیرازی).

لەپیا چونەوویەکی ووردیلانەی شیعرەکانی «موخلیس» دەتوانین بەم جۆرە دیوانە دەستخەتەکەی دابەش بکەین: -

1 - شیعری ئاینی
2 - شیعری پیاهەڵدانی سروشت
3 - شیعری دڵداری
4 - شیعری نیشتمانیو کۆمەلایەتی.

## 1 - شیعری ئاینی: -

کار تێ کردنی ئاینی ئیسلام بەگشتیو گرتنی ڕێگای نقشبندی بەتایبەتی «موخلیس»ی وا لێ کردووە کە زۆربەی زۆری شیعرەکانی لە قالبێکی ئاینی دابرێژێت. . خوا لێخۆش بوو چەندی بلێی پیاوێکی خواناس و بەدین بوو. بەزۆری هەڵبەستە ئاینییەکانی بریتییە لەستایشی خواو پێغەمبەرو خۆشی بەهەشت و ناخۆش دۆزەخ. . وە داوا لە موسوڵمانەکان دەکات کە لەفەرمانەکانی خواو پێغەمبەر سنور بەدەر نەبن و لەدەستوری قورئان نەچنە دەرەوە. . لەم پارچە هەڵبەستەی خوارەوە کە «تەخمیسی» شیعرێکی - «حزین»ە. . [15] شاعیر روو لە خوای گەورە دەکات و دەڵێ: -

چیم لە خۆم کرد چیم نەکرد بۆ ئاخیرەت نەفعێ بدات
چاك وەبە سەر هەڵگرم بۆخۆم بکەم تەرکی وولات
بچمە رەوضە هەر بگریێم بانگ بکەم لەحزەو سەعات
یارەسولی مدەنی جانیمە خوم خستە پەنات
شەرمەزارو روو سیاهو بێکەسم روحم فیدات
کردەوەی خۆم دینمە بەرچاو دێمە سەر ڕێگەی خەتەر

چونکە هێندە زۆرە خراپەم وا لەغایەت چویتە دەر
وایە ئەما ئیعتقادم وایە ئەی فەخری بەشەر
تۆ شفیعم بی گوناهم سەد زیاد تربی ئەگەر
نادرێ ئەسلا عذابم دێمە ڕێزی ئەولیات
هەر کەسێ شاهی مەدینەی یار نەبیتن بێکەسە
بێ سەباتە تاعەتی هەر وەك بینای بێهەندەسە
بانەت ترسێن لەمەحشەر «موخلیسی» پروەسوەسە
ئەی «حزین» خوزنت نەبێ مادام ئەووت ناسی بەسە
بەحری جودو غیرەتەو ئەهلی وەفاو عالی سفات

هەروەها لە شیعرێکی تردا کە بەناوی «خودا» دایناوە باسی قودرەتی خودامان بۆ دەکات. . کەچۆن قوەتی ئەو بەسەر هەموو ئەم دنیایەدا زاڵە. . شاعیر دەڵێ: -

ڕۆژو شەو بنوارە ئاساری خودا
چۆنە نەقشی نوکی پەرگاری خودا
هەندەسەی کەونی بەتەرزێ گرتووە
جوملە رەنگین هاتووە کاری خودا
چاوی عیبرەت هەڵبرە شەو بۆ سەما
تا بلێی بێ جێیە ئینکاری خودا

شاعیر بە هیچ کلۆجێك لە رووی ووردەکارییو هونەر بەرزییەوە لە شیعرەکانیدا چۆك ناداو لەمەیدانی شیعری ئاینیشدا لە ڕوانگەیەکی مرۆڤایەتیەوە سەیری دونیاو ئاخیرەت دەکا. . زۆر کارامەو پسپۆرانە پاکانە بۆ تەمەنی منداڵی دەکات و لە تەمەنی مێرد منداڵییەوەش بەسەرەوەوە بێ باکانە خۆی محاسبە دەکات. . دیارە هەڵسوکەوتی مرۆڤی سەر ئەم زەمینە پان و پۆرەش لە قۆناغەکانی ژیان وەك یەك تەون بەند نەکراوە. . جا بەرز کردنەوەی دەستی پەشیمانی بۆ ئاسمان لەلای مەلایەکی وەك «موخلیس» شتێکی حەتمیە: -

تێ گەیشتومە خودایە تۆ خودای من کوێلەتم

گەرچی بێ شەرت و وەفامە موستەحەقی رەحمەتم
کاتی منداڵی لەسەرمان چی نەنوسیوە قەڵەم
کاتی گەنجی هەرچی نوسرابی درۆیە هەنجەتم
شەرمەزارم چۆن بتانم دەست بڵند کەم بۆسەما
پڕ بەدەم هاوار بکەم یارەب دەفع کەی ئەزیەتم
خۆی نەکا چارەم خودا، دەستم لە خۆم هەڵگرتووە
خۆم دەبینم وا مەلامەو غەرقی دەریای غەفڵەتم
هەرچی دەیکەم بێ سەرو بەر دەر دەچی هاوار لەخۆم
وا دەزانم رێی قبوڵ نادرێ بە فەرزو سونەتم
چیت نەکرد «موخلیس» لە بۆ خوا، چەن، کەرەت دەتگوت بەدەنگ
وەعدە وابی‌وا بکەم گەر خوا بداتن دەرفەتم

کێشەی بیرکردنەوەی مرۆڤ لەبوونی «خودا»و مەسەلەی گومان لێ‌کردنی رێچکەیەکی مێژوویی کۆنی هەیەو لای گەورەترین فەیلەسوفانی دونیا لێك دراوەتەوەو لێك دەدرێتەوە.. بیرورایەکانی [برونو، کالفن، نیکولا دی‌کوسا..] تا دەگاتە بیری نوێی رۆژئاوایی لای [هیگل، کانت، سارتر] بەهەموو جۆرە تاقی کردنەوەیەکی «کەون» لەرووی فیزیك و ماتماتیکەوە درێخیان نەکرد..[15] بەڵام هەمیشە لەکۆمەڵگای ئیسلامەتیەوە بەرپەچیان داونەتەوەو لە خەلانەی پرو پوچیدا تورِ هەڵدراون.. شاعیریش بوێرانە روو بەرووی [سقراط وئەفلاتون] دەوەستێ‌و دیفاع لەبوونی خودا دەکا:

ئەی خودای بەرزو تەوانا دانەری کەون و مەکان
راخەری فەرشی زەمین و راگری هەفت ئاسمان
هێنەری هاوین و پایز بەر لەزستان و بووار
خاوەنی عەرشی بڵندو سەڵتەنەت بەخشی جیهان
بەر لەتۆ کەس نەبوە تابونت لەئەو وەرگرتبێ
لەو دەقەی دەروا هەبونت بێ‌تۆ نابینن چ ئان
فەیلەسوفانی وەکو سوقرات و ئەفلاتون چ کەس
دەرنەچوو سەریان لەزات و وەسفی تۆ هەر چەند دوان
هەر کەسێکی سەیری ئاساری تەوانایت بکا
ناتوانیت هەڵیکێشێتن لەرووت تیغی زمان
گومبەدێکی‌وا بڵندو پان بەبێ‌تاق و عەموود
چۆن بەبێ تێکچون وەها وەستاوە چەندساڵ و زەمان

---

## 2 ـ شیعری پیاهەڵدانی سروشت: ـ

گەر بڵێین «موخلیس» شاعیری سروشتەو بەس. وابزانم بۆچونەکەمان لەراستی زۆر نزیکە. چونکە شیعرە ئاینیەکانی لێ بهێنینە دەرەوە سەرتاپای دیوانەکەی دەکەوێتە قالبی سروشتیەوە.. ئەمەش شتێکی سەیر نی‌یە بۆ شاعیرێك کە لە بەهارێکی خۆش لەرەشماڵان لەدایك بوو بێ وچاوی بەم دیمەنە رەنگین و تەلیسماویەی دەشتی قەراجی نازدارو بەژن و باڵای چیای قەرەچوغ کردبێتەوە:

ئەگەر چی پایزی رەنگ و هەژارم
لە دڵ ئەمما هەموو دەم هەر بەهارم[16]

شاعیر لە چامە دوورو درێژەکانی هەرچەندە باس کوردستانی کردووە، بەڵام شوێنێکی تایبەتی بۆ قەراج داناوە کەوەك خاڵێکی رەنگین لە شیعرەکانی رەنگی داوەتەوەو لە دڵ و دەروونی شاعیریش پەنگی خواردۆتەوە... ناسکترین چامە سروشتیەکانی «موخلیس»: [بواری دەشتی قەراج و کەقارە قاری مەر هات و وولات هەی وولاتە].. کە تێکرا باس بیرەوەری شاعیر دەکەم لە تاقی لاوێتی‌دا لەبواری دەشتی قەراج و ژیانی مەر داری رەشماڵان.

بەهاری جارانی ئەم ناوچەیە وەك ئێستا نەبوو. خاوەن مەرو ماڵات دەبوایە سەرێك لەو قەرەبۆتکە بدەن.. بەرەو گۆمی «مارواشان»و گۆمی «قولینگان»[15] مێرگی رازاوەی ئەم دەشتەو مرازو نیازی مەرداران.. کە گەیشتن: رەشماڵ هەڵ دەدرێ‌و «بێر» بۆ شەنگەبێری ئامادە دەکرێ‌و شوان مەر رادەدات بۆ دەشت.. ئیتر سەرەتای بەهار دەست پێ

دەکات. .

بەیانیان. . کە خۆر تیشکە زێرین و ئەفسوناویەکەی بەسەر ئەم چیاو دۆڵ و دەشت و دەرەدا بڵاو ئەکاتەوەو مژدەی خۆشی دەگەیەنێت و بزە ئەخاتە سەر لێوان. . ئیتر کۆمەڵ. . کۆمەڵ، لێرەو لەوێ دەستەی کورو کچان بەرەو دەشت دەکەونە ڕێ. . خۆ ڕەنگە نیە سەدە هێستەرێك لەماڵ دوور بکەونەوە دەی - کەن بە بەزم و هەرایەکی ئەوتۆ کەزمان ناتوانێ باسیان بکات و قەڵەم ناتوانێت بێتە ژێر باری نوسین!!

لە دەنگی بەلۆرەو گۆرانیو پێکەنین و قیژە قیژی خانم و خاتونەکان و لە فیتە فیتی کاکەی شوان و لە قارە قاری مەڕو لە ئاوازی پڕ لەسۆزی شمشاڵ و پیك و دووزەلەی شوانان و لە قاسپە قاسپی کەوی قەدپاڵ شاخ و ووریتەی هەوێردەو سوررەی هەڵفڕینی لەناکاوی سوسکان و لەتەقەی ساچمەی ڕاوچیان ئەم دەشتە گەورەیە دێتە - هەژان و خرۆشان: -

**کاکی خۆم دووبارە چاوت هەڵبڕەو سەیری بکە**
**پڕ بەچاو بنوارە بەرزی، بەژن و باڵای کێوەکان**
**زۆر بەئاهەستە بڕۆ تا، دەچیە سەر توقی سەری**
**پێ بپارێزە مەقنجێنە بەپێ ڕویی گوڵان**
**گەر لەپاش باران لەگەڕوان وردە وردە سەرکەوی**
**دێتە بەرچاوت وەکو کاشی نوقوشی بەردەکان**
**هەر وەکو روح وایە ئاوی ژێر گیایان پاك و روون**
**هەر دەڵێی ئاوی حەیاتە ئاوەکەی نێو هەرکەوان**[19]
**ئەو کەوانەی وا لەسەر کەپکان خەریکی قەپقەپن**
**زۆر لەدەنگی مۆسیقاو عود خۆشترە دەنگی ئەوان**
**دڵبەری تۆراوە لێی بانگی دەکا بیدۆزتەوە**
**هەر دەسورێ تادەکەوتە داوو بەندی تورەوان**
**وورده وورده چەند بەشیرینی لەسەر بەردان دەڕۆن**
**گەردەنی خۆیان لەڕوین هەڵدەکێشن سوسکەکان**
**هێند بەهێزو چاپکن گەر پێ لەناکاو هەڵفڕی**
**دوور نیە باز بەر بداو دەست کا بەبازان بازەوان**
**سەیری بەر شاخان بکە هەر کۆترە دێو دەچێ**
**گرمە گرمی کۆتران خۆش دێتە بەر گوێی دڵ کوڵان**
**ڕەو دەکەن دڵ شەق دەکەم وەك دێ شەقەی باڵیان لەبەر**
**هاتە هات و هاژە هاژی دەنگی ساچمەو ڕاوچیان**
**نوسکە نوسکی تولە دێت و ڕێویە واێچ دەکا**
**هاتە هاتی تاژیان دێتن لەدوو کەروێشکەکان**
**هەر سوارە تۆز دەکاتن وا لە دوو نێچیری خۆی**
**شێوو جۆم ناپرسی ناکاتن خەیاڵی وەرگەڕان**

ئەو کاتەی «موخلیس»ی شاعیر مەلای گوندی «دووسەرە» بوو «فتاح ئاغای دووسەرە» کە ئەدەب دۆست بوو، وە زۆر حەزی لە شیعرەکانی «وەفایی» دەکرد بەتایبەتی «شیرین تەشی دەڕێسی». . بۆیەکا «موخلیس» شاعیر ویستویەتی شیعرێك ڕێك بخات کە لەسەر کێش و سەروای شیعرەکەی وەفایی بێت بۆ ئەوەی جێگای ئەم شیعرە لەدڵی بگرێتەوە. .

بەم جۆرە چامەی «کە قارە قاری مەڕ هات» لەدایك بوو. . کە تارادەیەك لە ناسکیو هونەری شیعریدا لە شیعری - «شیرین تەشی دەڕێسی»[20] نزیکە. شاعیر دەڵێ: -

**کە قارە قاری مەڕ هات وەکو هەوری بەهاری**
**هێنایە خوار لەسەر سەر ئەو شوخە کوڵی لاری**
**بەهەوری سوری پۆشی زولف و کەزی ڕەشماری**
**پشت بەستی بەستە پشتی لەژێر مەمکی هەناری**
**ئاوی خوای خستە زاری، دەچتە بێر شەنگەبێری**
**لەسەر قوڵی کەلادا کلەنگوچکی کتانی**
**پارچە زیوی وە دەرکەوت لەژێر بەفری بەیانی**
**لەدونیا دا حەرامە لەپاش ئەو نەوجەوانی**
**خودا حیفزی بکاتن لەچاوی دوژمنانی**
**دەڕوا بەخانومانی، دەچتە بێر شەنگەبێری**
**بەینی خەزێم و گوارە نەزێر نەگارەبایە**

لە شەرمەزاری هەر دوو ڕویان زەرد هەڵگەڕایە
قەڵبی لەقەڵبە هەرکەس بڵێ ڕۆژ پاچرایە
هەر کەس کەدیتییتن هۆشی لەسەرنمایە
بۆدینی هەر بەڵایە، دەچتە بێر شەنگەبێری

لە کۆتایی چامەکەدا شاعیر دەڵێ: ـ

موخلیس ئەگەر چی پیرە قامەتی وا چەماوە
ئەمما لە دڵ جەوان و لاوچاك و تازە لاوە
بۆ گرتنی غەزالان کەیفی لە سەیرو ڕاوە
بەتیری پەچە کوردێ جەرگ و دڵی بڕاوە
کاری بەقین کراوە، دەچتە بێر شەنگەبێری

هەروەها لە وەسفی جوانیو دڵڕفێنی دەشتی قەراج و ـ ڕەنگاو ڕەنگی سروشتی ئەم دەشتە لەبەهاردا شاعیر دەڵێ: ـ

وولات هەی وولات لە ناوەراست
دەشتی هەولێرو چیای بەڕاست
سەیری کێوان کەن کەژی بەهاران
دڵ دەلەرزێنن هەر وەك نازداران
هێندە جێ زەردە هێندە جێ سورە
هەندە جێ سەوزە هەندە جێ مۆرە
هێندە جێ ئاگر هەندە جێ نورە
پاکو خاوێنی وەك کێوی طورە
هەندە جێ سپی هەندە جێ شینە
چۆن تەخمینی کەی هەوراز تەخمینە

## 3 ـ شیعری دڵداری: ـ

شتێکی ئاساییە لەلای شاعیرە کلاسیکیەکان کە شیعری ـ دڵداریو پیاهەڵدان بەسەر جوانیو دڵڕفێنی ئافرەتیان هەیە.

جا ئەمەش وەك جۆرە بابەتێکی پێویست لە چوار چێوەی شیعرەکانیان ڕەنگ دەداتەوە.. دیارە هەر مەسەلەی شۆخ و شەنگی ئافرەت و ڕواڵەتە دڵڕفێنەکەی هەڵومەرجێکی سەرەکی نییە بۆ ئەم جۆرە تاقی کردنەوە لە شیعر لای شاعیرەکان.. واتە مەرج نییە کە شاعیر عاشق بوبێت.[21]

بەڵکو زۆر لە شاعیرەکان تەنها ویستویانە ئەم جۆرە بابەتە لە دیوانەکانیان بخەملێنن بۆ دیار خستنی زیرەکیو پسپۆریو بەهرەی لەم مەیدانەدا.. «موخلیس» لەبابەت شیعری دڵداری تا ڕادەیەکی بێ سنور سەرکەوتووە.. بەزۆری ئافرەتی وەسف کردوە بە «مانگی چواردە»و «شەمعی شەبستان»و «کار مامزی» دەشتی قەراج» و «فریشتەی خەونی شوانی شەوبەکێ» کە سەرجەمی هیواو ئاوات، مرازو نیاز، لەجێگای ژوان.. لەبنارو بناری چیای «قەرەچوغ» تێکەڵ بە بەهاری دەشتی قەراج دەکەن.. ئەمانە هەمووی هەوێنی شیعرە دڵداریەکانی «موخلیس» بۆیە کارێزی شیعر تەقیوەتەوەو بۆتە سەرچاوەی لەدایك ـ بوونی دەیەها شیعری ڕەسەن و تەڕو پاراوی کوردی.. لەو کاتەی کەباخەوان دەرگای باخ دادەخات لەڕووی سورگوڵان.. لەو کاتەی کە شەنگەبێری لەژێر هەوری ڕەشی ڕەشماڵی ـ زولفی مانگی ڕووی دەشارێتەوە.. دەبێت پەروانە خۆی بەئاگری مۆم بسوتێنێو شوانی قەدپاڵ بەئاوازی بێ ئومێدی شمشاڵ بخنکێ: ـ

گەر گوڵی من بولبولم وەر ئاتەش پەروانەمە
خۆ گەر لەیلای منیش مەجنونی ئەو چاوانەمە
لێم گەڕێ باپێم تەماشای باخەکەت کەم سینەباغ
چەند دەمێکە ئارەزووی ئەو سێوو ئەو خۆخانەمە
ڕۆژی ئیحسان و خەڵات بەخشینە ئەورۆ جەژنەیە
وەك هەتیو هاتومە دەرگات چاوەڕێی جەژنانەمە
شار بە شارو دێ بەدێ کوچە بەکوچە دەر بەدەر

رۆژو شەو دیم و دەچم وەك تەیری بێهێلانەمە
موخلیسی بێکەس شەهیدی عەشقە دەستی لێمەدەن
خوێنی گەش بۆ رۆژی دەعوا شاهیدو نیشانەمە

لە مەیدانی جەفاکاریو دەردی عەشقی سارێژ نەبوو. .
لەو کاتەی کە برین سەر لەنوێ قەتماخەی لەسەر هەڵدەقەنێو هەواری پڕ لە نازی «لەیل» خاڵی دەبێ. . موخلیس بازی بەخت دەفرێنێ بەڵام بێسوودە بۆیە لە هەگبەی دڵێکی پڕلە نائومێدیەوە دەڵێ: -

دەری عەشقم نابێ سەرڕێژ هەر دەماتە ئەمکانەساغ.
دەردی عەشقم نابێ سەرڕێژ هەردەما ئەمکانەساغ
دارەمەیتم هەڵبەستن بمبەنە لای ڕوو چراغ
ئەی ڕەفیقان بێنە لاما شیعرو بەستەم بۆبڵێن
بانگە کەنە دیدەی غەزاڵان بمگرن دەورەو قەراغ
شین لەدەورم دابەستن بۆم بگرێین دەن لەخۆ
دولبەرم جار جار بڵێ ئۆف لاوەکەی دڵ پڕ لەداغ
گەرچی وا کوشتمی بەناهەق گەر بدا وەعدەی ویساڵ
نامەوێ غیلمان و حۆری بۆچیمە گوڵزارو باغ

مرۆڤ زۆر جار لە ژیاندا بڕیار دەدا کە چیتر خۆی بەند نەکات بەنەریت و بەندو باڵۆرەی بێهودە. . شاعیریش هەر چەندە روو بە ڕووی تەشمیلی نیگارا ئارام و لەسەر خۆبوو. . بەڵام لەکاتی تەنیایی‌دا بوێرو ئازابوو بەتایبەتی کەخۆی لەئامێزی شیعرەکانی‌دا دەدیتەوە. . پەردەی شەرم نەدەماو ئاوبە ئاگری دڵ دادەکرا. . جا هەرچی دەبێتن بابێ: -

پەردە لە ڕووتا هەڵدەوە هەرچی دەبێتن بابێ
مەستانە نەختێ لاکەوە هەرچی دەبێتن بابێ
ڕەنگە زەردی دەستی فرقەتم، مردی شەمامەی بێ خەتم
سا بمخە نێو بیستانەوە، هەرچی دەبێتن بابێ
دڵ تۆی کەدیت نەیما قەرار، گێی خۆی نەدا ئەغیار ویار
خۆی خستە وەرتەی عەشقەوە، هەرچی دەبێتن بابێ
میحرابی ئەبرۆی تۆم هەبێ، بارووم لەقیلە هەر نەبێ
دینم بە عەشقت گۆڕیەوە، هەرچی دەبێتن بابێ
موخلیس ئەوا نیوەی شەوە، هەستە بچۆ لای یارەوە
دەرمانی دەردت هەر ئەوە، هەرچی دەبێتن بابێ

## 4 - شیعری نیشتمانیو کۆمەڵایەتی: -

موخلیس شاعیر وەکو کوردێکی دڵسۆز توانیویەتی ئەسپی ڕەسەنی شۆڕشگێڕانە لەمەیدانی نەتەوایەتیو کوردایەتی تاو بدات و شیعرە ئاگرینەکانی بخاتە ڕوو. . بێشك باری ناگزورو تفت و تاڵ و ژیانی نالەبارو پڕلەشومی کوردانیش تاکە هۆیەکی سەرەکیو پاڵدەر بوونە کەبیرۆکەی شاعیریان بەم جۆرە تەون بەند کردووە. . شاعیر هەر لەمنداڵیەوە هەستی نەتەوایەتی لە دڵ و دەرونی پەنگی خواردوتەوەو جوگەلەی بەستووە: -

من وەك ئێستا کوم هەر بەمنداڵی
خاك و نەتەوەم کەوتە خەیاڵی
دڵ چرای بەزم و ڕەزمی کوژاوە
بۆیە هەموو دەم تەنیاو داماوە

هەروەها لە جێگای تردا دەڵێ: -

لە بۆ سەر بەرزی قومی خۆم سەرم وەك گۆ لە مەیدانە
کەمن خۆم ئاشکرا ناکەم بەگوێتە هەر لەداخانە
بەقوەی کارەبا گەر بێی بکەی تەفتیشی قەلبی من
دەزانی دەردی من نمرەی لەفەرقی کوللی دەردانە (22)

کە قارەمانی کورد شێخ محمودی حەفید کۆچی دوایی کرد. . شاعیرەکان هەریەکە بەجۆرێك ئەم کارەساتە دڵ تەزێنەیان لاواندەوە. . . «موخلیس»یش بەم جۆرە هەستی

خۆی دەربڕی: -

فەلەك لەرزی زەمین تاساکە شێخ محمود وەفاتی کرد
هەتیو ما کوردو کوردستان کەشێخ بوو چۆن خەباتی کرد
لەتەئریخی هەزارو سێسەدو حەفتاو شەشی هیجری
لەدونیا بردی بۆ جەننەت لەوێ مەولا خەلاتی کرد[23]

شیعرە کۆمەڵایەتیەکانی موخلیس بریتیە لەئامۆژگاریو برایەتیو وەفاداری بەرامبەر خزم و دۆست و برادەرەکانی.. تێکرا شیعرەکانی لەدڵ و دەرونێکی ساف و بێغەش - هەڵقوڵاوە... سەرەڕای ئەمەش شیعری «غەریبایەتی» هەیە کە لەدەرەوەی وولات دایناوە..

وا ئەم هەڵبەستە دەکەین بەدیاری شیعرە کۆمەڵایەتیەکانی: -

پەرێشانم لەدەست جەورو جەفاتان [24]
بەهانام بۆچی نایێتن وەفاتان
لەعەهدی ئێوە خۆشیم گەرچی نەبووە
دوعا گۆمە لەبۆ شاهو گەداتان
لەیەزدانم دەوێتن تەندروست بن
گەرم بێ مەجلیسی سەیرو سەفاتان
فەلەك قەت بەر هەڵستیتان نەکاتن
خودا قەت تێك نەدا کۆشك و سەراتان
هەتا ئاوا دەبێ رۆژی وجودتان
بەکەیفی ئێوە بێ ئەرزو سەماتان
شەوو رۆژ چاوەرێمە بۆم رەوان کەن
سەلامێکی لەگەڵ بادی سەباتان
پرسن گەر لەئێمە جارو باری
چ نەقسێ روو دەدا بۆشاهی شاتان
دیارە ئێوە نازانن کەوا من
دەژیم بەوبای کەبێ بۆمان لەلاتان
دەبێ بۆ دابڕابێ ئەو غەریبە
سەری هەڵگرتووە وابۆ وولاتان
ئەوەك رۆژێکی دەستی لێوەشابێ
دوعای یابۆ بکەن شێخ و مەلاتان
ئەگەر پێ لەو پەلکەمە دەرچی سەلامەت
دەبینن حازرم کاتێ لەلاتان
ئەمن ئێوە لەبیر ناکەم ئەگەر چی
نەکەن قەت ئێوە یادی ئاشناتان
وەتەن ئەورۆکە رەنگە وەك بەهەشت بێ
بووارتان زۆر تەڕو سافە هەواتان
ئەگەر چی زۆر لەمێژە دوورە موخلیس
زرینگەی هەر لەگوێ ماوە سەداتان

«موخلیس» شاعیرو زانا ئەم دەستخەتانەی بۆ بەجێ هێشتوین هیوادارین رۆشنایی چاپ ببینن: -

1 - کاکلەی عقیدەی کوردی
2 - هیجرەت نامە
3 - دین و دونیا
4 - ئیسلامەتی ئەوەیە
5 - مجمع العقائد
6 - موائد الفوائد
7 - دیوانی باغی لاوان

8 - چوارتایەکانی موخلیس
9 - یەکتایەکانی موخلیس
10 - مەولود نامەی کوردی (لەچاپخانەی کوردستان لەهەولێر لەلایەن بەهەشتی گیوی موکریانی چاپ کراوە).

**پەراویزەکان : ـ**

1 ـ هاوکاری ژمارە (266) 16 ـ 5 ـ 1975

2 ـ هاوکاری ژمارە (260) 28 ـ 3 ـ 1975

3 ـ هاوکاری ژمارە (253) 7 ـ 2 ـ 1975

4 ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ژمارە (1) بەرگی (1) ساڵی 1973

5 ـ هاوکاری ژمارە (232) 30 ـ 8 ـ 1974

6 ـ زۆر شاعیری تری کورد هەن کە نازناوی «موخلیس» یان هەیە بڕوانە د. مارف خەزنەدار گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات ژمارە (20) 1976

7 ـ شۆرەزەرتکە ـ گوندێکە لەکەندیناوە ئاقاری لەسەرگوندی (سید عوبێد)و (ماجیداوە)و (تل الخیم)ی گچکەیە.

8 ـ قەراج. ناوچەیەکی بەپیتی کشتوکاڵە دەکەوێتە قەزای مخمور لە خواروی شاری هەولێر بڕوانە: ل 270 ـ جمال بابان ـ اصول اسماء المدن و المواقع العراقية ـ الجزء الاول.

9 ـ قەرەچوغ: ـ چیایەکی وشکە دەشتی کەندیناوە لەدەشتی قەراج جیادەکاتەوە بەرزترین توپەڵەی (بێژینگە بەسەرە) کە ( ) مەتر بەرزە.

10 ـ ئەم زانیاریەم لەمامۆستا محمد خليل موخلیس وەرگرت. کوڕی گەورەی شاعیر.

11 ـ ئەم زانیاریەم لەمامۆستا ملا سيد محمد وەرگرت کەئێستا مەلای مزگەوتی (الفرقان)ە لەهەولێر گەرەکی «حي العدالة».

12 ـ گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (5) ل 38 ساڵی 1944.

13 ـ گۆڤاری هەتاو ژمارە (71)و (77) ساڵی 1956.

14 ـ هەمان سەرچاوەی (4).

15 ـ (حزین) ناوی ملا حەمەدەمینی سوێریە چەند پارچە شیعرێکی تەڕوپاراوی هەیە بڕوانە هەتاو ژمارە (71) 31 آب 1956 ل ٥.

16 ـ الله في الفلسفة الحديثة ـ جيمس كولينز ـ قاهيره ـ 1973.

17 ـ ئەم شیعرە لە ساڵی (1940) وەڵامی نامەیەکی (موخلیس)ە بۆگیوی موکریانی. بەسوپاسەوە لە د. کوردستانی گیوی موکریانیم وەرگرت.

18 ـ دوو گۆمی خۆشن لەقەراج لەبستی (شەواشینکی).

19 ـ هەرکەو: ـ قوڕتە ئاوی گچکەوگەورەیە لەچیا پاش باران ئاوی لێ دەمێنێتەوە باڵندەو مرۆڤ و گیاندار ئاوی لێ دەخواتەوە.

20 ـ دیوانی وەفایی: ل 192 ـ لێکۆڵینەوەی: محمد علي قەرەداغی چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد بەغدا ـ 1978.

21 ـ زۆر شت هەیە دەربارەی شیعرە دڵداریەکانی موخلیس حەزم نەکرد باسیان بکەم لەچلەی شاعیر. پاشەڕۆژ روون دبتەوە.

22 ـ هەمان سەرچاوەی ژمارە (17).

23 ـ گۆڤاری هەتاوژمارە (77) ساڵی چوارەم ل 12 31 تشرینی یەکەم 1956.

24 ـ ئەم شیعرە هەوێنەکەی لەشیعری نالی وەرگیراوە:

رەفیقان من ئەوا رۆییم لەلاتان.

بڕوانە: ل 317 دیوانی نالی: مەلا عبدالكريمى مدرس وفاتح عبدالكريم چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا ـ 1976.



# بوسکە

ئاسمان هەور بێ یا سامانٔ
زەوی هەتاو. . یا باران بێ
لەم گۆشە تەسکە بێدەنگەی ژوورەکەمدا
کرێکارێکی تۆزاوی هەموو ڕۆژ دیدەنیم دەکا
لەو دەمەیدا ئەو دەبینم

هەموو شتێك دەخوێنمەوە
وەکو ئەو شیعرە مەزنەی
دەستە ملانێی کۆچ و مەرگە
بەڵام دڵە بچکۆلەکەی هەر لێ دەدا ،

عوسمان شەیدا

# ل خەلکی تەحلێ ل من شرینێ

عبدالرحمن مزوری

کچکێ دینێ
ل خەلکی تەحلێ ل من شرینێ
توریکا هاتونەهاتێ هەلبژێرە
سەرخاترا تە،
ئەم دێ چینێ
ئەز هەر ئەڤینداری تەبوم
کا باخڤە
وێ داستانا ڤینا من و تەیا دژوار،
ژکیرێ بێژم..؟!
کیش خرارێ
خەمێد خوێید سەنگ وگران..
بوتە ڤالاکەم وبریژم؟!
بیرا تە تێت
دەما منێ ژارو رەبەن ددەستێد تەدا
کەڤرو حەلان..
ل [گەلیێ سپی]
بسەر تاریێدا گرێل کرین
تەڤ تاژیکێد [زەینەفونی]
بن برکرین
بان گێژ وبەنگ و گێل کرین
من گو نەوە بێنە کوینا..
نولا گورگا
ئەو بلورن
یان بێنەکێ،
تە ژبەر جانێ منێ دەلال
رارەڤین و.
رەنگ وروێ تە بگهورن
کچکێ دینێ
ل خەلکی تەحلێ ل من شرینێ
ل [دەرێ ئالان]
ل دەرێ پر هاوار و نالان
جەنگز هاتن
تەڤ تەتارو خونمژ هاتن

بێ شەرم وسنج،
لسەر بێدەرا مە لەیزتن
خەون وئومێدێر مە بێ بەخت،
رێتن.. گەزتن
مانێ تە دیت
چەوا من خو
کرەسیمر.. کرە باهوز
ڤولکانەکا ئاگری و سوز
ئەو پوچکرن
هند ژێ گوران ولوچکرن
هند حوچکرن
پێد مایی ژی
هەر ژبەر خاترا بەژنا تەیا،
شەنگ وزراڤ..
من ژوەلاتی حەتاحەتایێ
کوچکرن
کچکێ دینێ
ل خەلکێ تەحلێ ل من شرینێ
بیرا تە تێت
دەما ئەزێ
دگەل لەشکەرێ [خانێ] مەزن
چ ببومە سواری بەزێ
دگەل شریفو - پریڤێنا..
شیرێ منێ دتەبیسی،
وەك بروسکا غارو لەزێ
ئەژدەهاکەك دوەرگەریا یان دتەزی
هوڤگ دخوینا خو،
دگەڤزی
دا تە چوجارا ل مالا
لناڤ کوما دوست و هەڤالا

نە گوتبا.. یان نەبێژی:
کلێ چاڤێد من رەڤاندن
لاوکێ منێ تم خەمسارو بێ خوەیی یە..
ژارێ ئەزێ!!
کچکێ دینێ
ل خەلکێ تەحلێ ل من شرینێ
[لبازیانێ] هاتن.. هاتن
قەلە رەشك بون
تەڤ هندوك و قەلە رەشك بون
دڤیان کەزیێد تە ببرن
تە بو بەردەستێ (Queen) ێ..
ژمن بلدزن یان بکرن
لەورا منێ جارەکا دن،
کارێ خوەکر
دار وبەرێد گەلی و چیا راکرنەڤەو..
کرنەڤ ئاگر
تژی سەرسەرێ وا دیسا،
خولی و هش کر
دا تو هەرا سەربلندبی
سەرفەرازو.
شەنگ و رندبی
بو کوژتنا شەڤکێد منێد،
تەنگ و تاری.،.
هەنیگاڤا چراو فندبی
کچکێ دینێ
ل خەلکێ تە حلێ ل من شرینێ
تو رێکا هاتونەهاتێ هەلبژێرە
سەرخاترا تە،
ئەم دێ چینێ

# مەلای جەزیری و «سەلمای زێڕین»

«شیعر» «محسن ئاوارە»

لە ئاسماندا هێشووی ئەستێران
وەکو میوەی درەختەکانی
ناو چەم و لێرەوار
شۆڕ بوونەتەوە سەر بەرەو خوار
لە ناو دڵی تۆشدا
(سەلما)و یادگاری زۆر
ئەو یادگارەی دەتبرێتەوە
بە مشارێکی دەنك کۆر
نازانی چەند ددانی هەیە
بەڵام مشارەکەت هەر لە لا پیرۆزە
خۆشاوی بیرەوەری سەڵمای پێوەیە
★ ★ ★

ناو و یادی سەلما
وەك کراسەکەی (یوسف) ئاسا
بۆ چاو هەڵهێنان و ڕۆشنایی
بە سەر گیانی تینووت دادێ بە ئەسپایی
چەشنی جوگەڵە ئاوێکی ساردو تەزیو
گەش وەك چاوی قرژاڵ
روون وەك زیو
★ ★ ★

ئەی پیری خەرابات
وا دەفە،
بە دیوارەوە هەڵواسراوە
(دروێش)یش لە سەفەر نەگەڕاوەتەوە
پەڕەی دڵی تۆش دابێژ دابێژ کراوە
بە عیشقی مەجازی سەلماوە
کێ دەفە بژەنێ...؟
بە ناڵەو زایەڵەی.. ئای ئای تێی چریکێنێ
لە ناو ئەلقەی کۆڕی یاراندا
ئاهەنگە برەخسێنێ
(سەلما)ی شیرین بە ئاگا بێنێ؟!
★ ★ ★

هۆ مامەی جەزیری
جارێك دەتبینم لە سەر کوتك و سندانا
چاوە چاوتە لەگەڵ تێڵەی گەرمی کورە
شیشەی سزایش لە ناو ئاگراد
وەکو پشکوی سوورە
جار جاریش
وەکو میری میران
لە ناو باخ و ڕەزان
دەستت ناوەتە ژێر سەری خۆی
شەراب لە سوراحیو بەرداخی بلوورین
هەرمێو سێوی لاسوور لە سەبەتەی دارین
لە گۆشەی خەڵوەتی سەریشتا
سەرتۆپی نێرگزان

(سەلما)ی پەرچەم زێرین

★ ★ ★

ئاورۆی جوگەڵەیەك دێت و تێدەپەڕێ
چیلکەیێ بکەوێتە سەری
چۆلەکەیەك بە دوای دەکەوێ..!!
ئەی پیری مەیخانە
لە ژێر ركیف و تەوەری ئەو زەمانە
بە چاوی شاعیری ژێر چراوشکەوە
بروانە هۆنراوەی بەر گلۆپی جۆشدار
چۆن تەلە داوی ئێجگار باریك
وەك ژێی تار و کەمان
وەك تەلی کارەبای بەینی دوو ئەستونگان
لە نێوانی دڵ و مێشکدا
هەر دوو لا جەمسەری
لەم سەرەوە بۆ ئەو سەری
توند بەستراونەتەوە
هەر رۆژێ بە سەدان پاساری
خۆی لێ دەدا و دەلەرێتەوە
سەدەها ئاوازی هەمە جۆر
بەرز دەبێتەوە
مامە گیان...
زۆر جار وایش هەیە
تەوژمی گەورەیە
تەلێك لە سەریا هەڵدەنیشێ
دەنووکەکانی تێ دەژەنێ
ئەرکی ئەو سەردەمە و..
ئێشی ئەم تەلانە
نەك وەك بەرد کێشانە
تەنیا شان و مل برەنجێنێ
باری گرانایی لە سەر مێشك و دڵانە

★ ★ ★

هۆمامەی جزیری
(سەلما) بەو قەبارە گەورەیەی خۆیەوە
لە قوڵایی ئەو دڵە بچوکەی تۆدا
جێی بۆوە
منیش بەو بچوکیەی خۆمەوە
لەو دونیایە فرەوانەدا
جێگام نابێتەوە
هەرە شیعرەو شیعرە دیفرۆشم
بۆ دایکی نەخۆشم
لە دەریاوە بۆی دێمە خوارێ
تا دەگەمە سەر باریکترین جوگەڵە
ئەنجام.. دەڕوانمە بەر پێی خۆم
ئەچەمێمەوە بۆ ئەم گوڵە

★ ★ ★

ژوورەوەم،
وەکو شەقامێکی پەلە بەرد رێژ کراو
لە هەر چرکەیەکدا
سەدان ووشەی نامۆ..
تاسەو خوێنی تکاو
لەگەڵ خەمی رژاو
دادەرژێتە سەری،
لە کەلێنی چەوو بەردەکان
بەرەو قوڵایی شور دەبنەوە
تۆ بلێی..
لە کوپەلەی هۆنراوەیەکدا
رۆژێ کۆبینەوە..؟!

پەراوێز: -

---

پیری خەرابات = پیری تەریقەت (لە خانەی تەسەوفەوە)



# ئەوا من دڤێت

ئەوا من دڤێت زینە زەریە

شوخە پەریە
ئەز بو حەلیام

ژ بە دیتناوێ ئو ڤیناوێ

من ژ خوکرن
کچ و کور مام

چاف نێرگزە پرچ ئارمیشە

روی گول نارە
ئەز بوهژیام

لمن بەرزەبو غەوارەبو

لەوێ رەندەکێ
ل ڤی شەقامی
ل وێ کولانێ



**شعر**

- صديق شرو مزوری -

وەکی شێتا
ئەز لێ گەریام

ئەز ب سەر یاراخو هەلبوم
بێهناوێ هاتە دفنا من

دلێ من سوت
ئەز تێر گریام
ژ کەیفادا
بێ شلکی بوم
ب عەردی ڤەمام
هاتم و چوم
روژێ دەهـ جار
ل وێ کولانێ
ژن و زەلام
پیرو بچویك

هەمی بێکڤە ب من وەرهاتن
ئەڤە دزە وەرن لێ بدەن
من گوت هەوارە خەلکینو
ئەز نە دزم بێ دزیمە
بێ نەخوشم بریندارم
ل نوژدارەکی ئەز بێ دگەرییم
هەمیا گوتێ درەوینە
- لێ دیارە کو دلدارە
لدویف کچکێت تاخێ مە دگەرییت
من گوت بابو وەسانینە
جهی دووا ژڤێ رەندەکی
د سولێ دلێ من دانینە
لێ دێ بێژم ئەز ناترسم
ئەڤین دارم......
ئەڤین دارم......
ئەڤین دارم......
ئەوا من دڤێت
یال ڤێ تاخێ
ل ڤێ کولانێ
ناڤ و نیشانێت وێ ئەڤە
دەرگەهێ وێ رەش و شینە
ئو چاڤێت وێ نێرگزینە
چار کەزیێت هەیێ
گرێدانەك بێ سەروبەر
د نەشەکرێ
ب سەر ملا داهاتینە
روی بەفرینە
دگەل روندکێت ئاخ و ئوفا
بێ د سوربینە
دێ ژ من بگەرێن
ما بەس نینە.

# مناڵێکی زۆرزان



نوسینی: م گۆرکی

دکتۆر هیوا عمر احمد

لە ئینگلیزی‌یەوە کردویەتی بە کوردی.

پیپ ـ کوڕێکی دەساڵانەبوو، لاوازو بێ‌هێز، وەکو مارمێلکە بزێو بوو. بەرگێکی ڕیشاڵ ڕیشاڵی لەبەردابوو، بەشان و ملە لاوازەکەی‌دا هاتبووە خوارەوە. پێستەڕەش داگیرساوەکەی بەچڵك و خۆرەتاو، لە قەڵبەی بێ‌شوماری کاڵاکەیەوە سەرەتاتکێ‌ی ئەکرد. لەگیایەکی ووشکەڵاتوو ئەچوو، بەدەم نەرمەبای دەریاکەوە بشەکێتەوە.

لەکازێوە تا زەردەپەڕ، ئەم بەردو ئەو بەردی ئەکرد. ماندووبوونی نەئەزانی، بەدەنگە ناسکەکەی گۆرانی ئەووت ـ

* چەندە جوانە ئیتاڵیای

نیشتمانی من *



چێژی لە هەمـوو شتێ وەرئـەگرت، چ گوڵ یا ئەو مارمێلکـانـەی لەنێوان بەردەکـانـەوە دەرئـەپـەڕین، چ ئەو باڵندانەی لە نێوان گەڵای دارزەیتونەکان دا زیتەیان ئەهات، یا گەپری گەڵا مێـوومـاسی بن دەریـا، یان ئەو نگـانانەی لەنـاو شەقـامی تەسـك و تەنگـەبـەری شارەکەدا ئەبینران. یەکێکیـان ئەڵمـانی یـەکی قەڵـەو بوو، جێ قەڵـبـەیـە بەدەم وچـاوی یـەوە بوو. یەکێکی تریـان ئەمـەریکی یـەك بوو، هەمیشـە هەوڵی لاسـایی کـردنەوەی ئینگلیزیئەدا، یان ئەو فەرەنسی یە وەرس کەرەی نەیئەویست لاسایی کەس بکاتەوە.

کاتێ - پیپ - بەچـاوەتیـژەکـانی لەو ئەڵمـانی یـەی ئەروانی، کە زۆربـە فیـزبـوو، بەهـاورێکـانی ئەووت: - [سەیرکەن، چ دەم وچاوێکی هەیە، ئەڵێی تەندورەو پێی گرتووە].

ئەڵمـانی خۆش نەئـەویست، خولیای ژیانی ناوشەقام و گوڕەپان و ساڵونە بچوك و تاریکەکانە. خەڵکی شارەکەی تیا ئەخوێنـەوەو یاری کاغـەز ئەکـەن و ڕۆژنـامـە ئەخـوێنـنـەوەو وتوویژی ڕامیاری ئەکەن و ئەڵێن: -

- [ئێمەی ڕۆڵەی باشور، خزمی - سلاڤی - یەکانین، هاوسوێندەکانمان لە پاداشتی چاکەدا، خۆڵی ئەفەریقایان داینێ].

ئەمەی هێندە لە خەڵکی بیستبوو، لە مێشکی دا چاپ بوویـوو، لە بیـری نەئـەچـووەوە. جارێـکیـان لە پشت کابرایەکی لۆقنی ئینگلیزی یەوە ئەڕۆیشت، سرودێکی غەمبارانەی ئەووت:

**[هاوڕێکەم مرد**
**ژنەکەم زۆر غەمبارە**
**منیش نازانم چی یە؟**
**هۆی ئەم هەموو ئازارە].**

هاوڕێکانی ئەتریقانەوەو دوای ئەکەوتن. هەر بێگانەیەك بەچـاوە خەفـەبـووەکـانی یـەوە لێی ئەڕوانین، ڕایان ئەکردو خۆیان لە تەنیشت دیوارێ یان کۆمەڵە دارێکەوە ئەشاردەوە. ڕۆژێکیـان خانمێـك ڕایسپارد بەرچنە سێوێکم بیات بۆ هاوڕێیەکی وپێی ووت:

- «گەر ئەمەم بۆ بکەیت یەك سوڵدۆت ئەدەمێ].

بەرچـنـەکـەی هەڵ گرت و خستی بـەبـان سەری و تێی تەقاند، تاکو ئێوارەیەکی درەنگ نەهاتەوە بۆ - سوڵدۆ - کە. خانمەکە پێی ووت: -

- [بۆ هێندە خاوو خلیچك بووی؟].

بەهەناسە برکێوە، وەڵامی دایەوە:

- [خانم، زۆر ماندووی کردم لە [دە] زیاتر بوون].

- [بێ گومان لە [دە] زێتربوون. بەرچنەیەکی قەڵاپۆیە بوو].

- [من باسی سێو ناکەم، باسی منالەکان ئەکەم].

- [ئەی سێوەکان چییان بەسەرهات؟].

- خانم، یەکەم کوڕیان - میشێل جیوڤانی - بوو].

خانمەکە پەست بوو، پیپی گرت و شانی ڕاتەکاندو قیژاندی بەسەریا: ـ

ـ [پێم بڵێ سێوەکانت چی لێ کرد؟].

ـ [خانم گوێ بگرە چیم کرد، گشتیم تاگوڕەپانەکە هەڵ گرت، لەسەرەتادا گوێم نەدانێ، ووتم، وازیان لێ ئەهێنم، با بڵێن کەرە. بەرگەی ئەمانەم هەمووی لەبەر ڕێزی توگرت. بەڵام کە گاڵتەیان بەدایکم کرد، جامی تورەییم پڕبوو. بەرچنەکەم دانا، بریا ئەت دی ئەو بەچکە شەیتانانەم چۆن سێو باران کرد].

ژنەکە هاواری کرد:

ـ [میوەکەیان دزیم؟].

پیپ هەناسەیەکی غەمبارانەی هەڵکێشا ووتی: ـ

ـ [نەخێر، سێوەکەیان نەدزیت، ئەوەی بەردیوارەکە کەوت، فلیقایەوە.

ئەوی تری پاش ئەوەی بەسەریان دا زاڵ بووم وشاشت بووینەوە. بەوبۆنەیەوە خواردمان].

ئافرەتەکە هەژدە هەژدە جنێوی بەسەریا باران، ئەویش بێ فیز گوێی بۆشل کردبوو، جار جارەش بەقسەی خانمەکەی ئەووت:

ـ [چەند خۆش گوفتارە، قسەی چەند خۆشە].

کاتێ پەستی یەکەی ڕەوی یەوە بانگی کردو پێ ووت:

ـ [گەر ئەت دی، چۆن بەو سێوە جوانانەی تۆ، تۆڵەی خۆمم لێ سەندنەوە.

ئێستا لە جیاتی ـ سوڵدۆ ـ یەك، دووانیشت ئەدامێ].

ئافرەتەکە تێ نەگەیشت، چەموڵەیەکی لێ نا.

خوشکی ـ پیپ ـ بەتەمەنتربوو. کارەکەری ماڵی دەوڵەمەندێکی ئەمەریکی بوو، بەرەنگ و ڕووبوو، کوڵمی لە گوڵی هەڵوژە ئەچوو. ئەتووت هەرمێ ی مانگی ـ ئاب ـ ە ئەدرەوشێتەوە. جارێکیان براکەی لێ ی پرسی: ـ

ـ [بەڕاستە، ئەڵێ ی هەموو ڕۆژێ نان ئەخۆم؟!].

بەشانازی یەوە ووتی: ـ [گەربمەوێ، ڕۆژی دووسێ جاریش نان ئەخۆم].

ـ [ئاگاداری دانت بە هەڵ نەوەرێ].

دوای پشوویەك پرسی: ـ [خانەخوێکەت دەوڵەمەندە؟].

ـ [بەڵێ وابزانم لە پاشا دەوڵەمەندترە].

ـ [یەکجار وانا!، چەند دەست جلی هەیە؟].

ـ لە ژماردن نایەن]

ـ [دە، ئەبن؟]

ـ [نا، زیاتر]

پیپ ووتی: ـ [کەواتە دەستێ جل وبەرگم بۆ بهێنە، دەرلنگەکانی زۆر درێژ نەبێ، تائەش توانی بازستانە بێ].

ـ [بۆ چیتە؟].

ـ ئەی ئەم جل وبەرگەی بەرم نابینی؟].

بەجل وبەرگەڕیشاڵ ڕیشاڵەکەی خوشکەکەی قایل کرد:

ـ بەڕاستی دەستێ جل وبەرگت پێویستە، بەڵام ئەی بەدزی دانانێ؟].

ورەی خستە بەرو هەڵی نا ـ [نا نەخێر دزی نی یە، ئەو زۆری هەیەو ئێمە کەمێکی لێ ئەبەین، کەواتە هاوبەشی کردنە، دزی نی یە].

ـ [قسەی بێ فەروسەیر ئەکەی].

بەڵام پیپ زوویەزوو بەسەردڵە ڕاوکێ کەی دا زاڵ بوو. خوشکەکەی نارد، کە گەڕایەوە چێشتخانەکە، دەستێ جل وبەرگی خوڵەمێشی کاڵی بۆهێنا.

بەبەری ـ پیپ ـ گەورەبوو.

ـ [چەقۆیەکم بۆ بهێنە].

پێکەوە بەرگی کابرایان هەڵ وشاندو خەریك بوون دەستێکی لەباری لێ دروست بکەن، ژنی خانەخوێکە بەسەراهات. وەك باوەڵە ناو ئەمەریکی یەکان دا، بەچەند زمانێك جنێوێکی زۆری پێ دان. (پیپ) ناوچەوانی گرژکرد دەستێکی گرت بەسەری یەوەو دەستەکەی تری بە سەردڵی یەوە، کەوتە هەناسە برکێ. خانمە کە هێمن نەبووەوە تامێردەکەی هاتە سەرشانۆی کارەساتەکەوە.

ـ [چی بووە؟].

ـ [قوربان، سەرم سوڕماوە، نازانم ئەم خانمە بۆ وا

خۆی شێواندووە وا ئەزانێ کە ئێمە دەستێ جلی تۆمان دراندووە، ئیتر تۆناتوانی دەستێکی نوێ بۆ خۆت بکەیتەوە].

کابرا بەهێمنی یەوگوێی بۆ قسەکانی شل کردبوو، پاشان ووتی:

- [لاوە ئەبێ پۆلیس بانگ کەین].

پیپ - بەسەرسوڕمانەوە پرسی: - [زۆر بەجێ یە، بەڵام بۆچی؟].

- [بۆ ئەوەی بەندت بکەن].

خەریك بوو بگری، خەم و ترس دایگرت. ئەسرینەکانی قەتیس بوون، بەوپەڕی بەئابڕوویی یەوە ووتی: -

- [قوربان، گەربەوە شاد ئەبی بەبەندیم بدەیت، فەرموو. بەڵام گەر من لەجێی تۆبوومایە، وام نەئەکرد، دوو دەست بگرە سێ دەست جل وبەرگیشم ئەدایتێ، هەرچەندە بەم گەرمایە سێ دەست پێکەوە لەبەرناکرێ].

- کابرا دایە قاقای پێکەنین و چەند چکلێتێك و دراوێکی - فەرەنگ - بایی‌دا بە پیپ.

ئەمیش دەستی لە پارەکە خست، ووتی:

- [قوربان، سوپاست ئەکەم کە پارەکەت ساختە نی یە].

پیپ - کە بەتەنیا لەنێوان گاشەبەردەکان دا ئەوەستێ و لە درزی گاشە - بەردەکان ڕائەمێنێ. وەکو یەکێ مێژووی بخوێنێتەوە، بەو پەڕی خۆشی یەوە چاوی‌یان لێ ئەبلەق ئەکاو دەستەلاوازەکانی لە دواوە لەیەك ئەئاڵێنێ، وەکو گوڵێکی سەرچڵ بەدەم نەرمەباوە بەم لاو ئەولادا ئەلەنجێ و گۆرانی ئەڵێ. جارجارە سەر بڵند ئەکاتەوە خۆرەکە چاوی پێ ئەنوقێنێ، ئیتر لەو پەپولانە ورد ئەبێتەوە بە سەر گوڵەکان دا یەکتر ڕاوئەنێن. کە مارمێلکەیەك ئەبینێ، لێی نزیك ئەبێتەوەو دەست بەیەکائەداو ئەقیژێنێ [کوو]، تا مارمێلکەکە بترسێنێ.

کاتێك گاشەبەردەکان لە کەفی خێزاوی دەریاکە ئەبنەوە. لەسەر بەردێ دائەنیشێ و لەئاوەکە ڕائەمێنێ، سەیری ئەو ماسی یانە ئەکات لە نێوان ڕووەکە ئاوی یە سورەکانەوە ئەخزێن. سەیری کێچی دەریا ئەکا، چۆن بەقونەقون ئەڕۆن و خۆیان ئەماڵن بە قرژاڵەکان دا.

دەنگی زوڵاڵی گۆرانی ووتنی جامی خامۆشی ئەشلەقێنی و ئەڵێ: -

[دەریا، دەریا، ئای دەریا].

پیرەکان سەر لە - پیپ - ئەلەقێنن و ئەڵێن - [ماڵێکی سەر بەگۆبەندە].

مرۆڤە پیاو چاك و بەبەزەیی یەکان، بەپێچەوانەوە ئەڵێن: -

- [ئەبێتە شاعیر]

زۆرکەس باوەڕیان هەیە بەو قسەیەی [باسکالینۆ]ی کەل وپەل فرۆش.

ئەیکا: - [منداڵەکانمان زۆر لەخۆمان باشتر ئەبن و باشتریش ئەژین].

* لەم کتێبەی خوارەوەکراوە بە کوردی:
لاپەرە [277 - 287].

Tales St Italy

M. Gorky

Moscow - Foriegn Langnages Publishing House Page

[277 - 287].

# چیرۆلۆلە

عەبدوڵلا سەڕاج

پێشکەشن بە هونەرمەندی هێژا
محمد عارف

## 1 ـ سەوز

نیگـارەکـەی نایـە بەر دەستم. چەنـد ئەستیـرۆکـەیـەك هەروەکـو لە کونی کراسـە شڕیکی خامـەکـەوە سەرەتـاتکی بکەن؛ وابوون. چوار داری شین؛ بەدار بەڕوو دەچوون. زەویەکی بەیار وەك زەردێنەی هێلکە.

ـ مامۆستا . . بە دڵتە؟

ـ بەڵام بۆ درەختەکانت سەوز نەکردووە!؟

ڕەنگی گۆڕاو دەنگێکی مزری لێنام:

ـ مامۆستا . . ڕاستیەکەی ڕەنگی سەوزم نەبوو.

ویستم بڵێم: «ئەی بۆ ڕەنگی سەوزن لە هاوڕێیەك وەرنەگرت!؟»

کەچی لە بری ئەوە خەندەیەکی کە سکم بە ڕوویا هەڵوەراند.

ـ شێرکۆ، دەڵێی چی ئەگەر فێرت بکەم چۆن ڕەنگی سەوز دروست دەکەیت!

سەر سوڕمانێکی پەمەیی بووە خونچەو لە کوڵمەکانیەوە پشکووتن.

ـ هانێ، ئەم ڕەنگە زەردە بێنە بەسەر درەختە سەوزەکانا.

چۆنم گوت وای کرد. سەری هەڵبری. لە چاوەکانیەوە جووتێ چرۆی تازە ڕسکاوم دیت.

ـ خۆ وایە!!

دەنگی ئاوێتـەی حەپـەسـان و گەشکـە بوو. کەوتـە سەوزکردنی درەختەکانی دیکە.

ـ مامۆستا خۆ لە گشت سەوزێك پاراوترە!!

## 2 ـ پشیلە

پشیلە ڕەشەکە دەتگوت لە شەوە زەنگ جیا بۆتەوە. تەنیا پاوپل و گوێچکەی ڕاست و دوو بەشی کلکی نەبێت، کە دەتووت لۆکەی چڵکنە.

خەریـکـی ئەوە بوو بە دگـان هەرسـێ بێـچـووە چاو نەپشکـووتـوەکـانی دەگوازتەوە بۆ پەنایەکی ئاسوودە. بەلای



خۆیـەوە، توونی ژێـر گەرمـاوی ماڵـەکـەی بە دڵارای جگـەرگۆشـەکـانی زانی. هەر بۆیـە کە سێهـەمیانی لەوێ دانا، قەڵەمبازی کردە سەر دیواری بەرامبەر.

پشیلەکـە هەتـا مابێت ئەوەی لە یاد ناچی کە کابـانی ماڵـەکـە بە قاپێ نەوتـەوە چووە کن تـوونی گەرمـاوەکـەو بە دەنکـە شقـارتـەیـەك؛ ئەو ناوەی رۆشن کردەوە. ئەمجا بەگـورجی بەتـەك پشیلە کەوە گوزەری کردو نەپـەرژایـە سەرئەوەی سەر هەڵبڕێ؛ چ جای ئەوەی بزانێ ئەو پشیلەیە بۆ دەمیاوێنێ. پشیلەکە بە ئاسپایی ڕۆیشت و سێـەرێکی لە خۆی کاڵتری پەلەکێش کردو خزایە ژێر کوپە ئاوەکەوە.

## 3 ـ بێشکە

دار تاشە پشت کۆمارە ریش چەرمووەکە ئیشی ئەوە بوو، بێشکـەی منـداڵانـەی گچکـە دروست بکـات. لەگـەڵ کەلـەبـابی گەرەك ڕاپـەڕیو دوو ڕکـاتـەکـەی لە کۆڵ خۆی کردەوە. لە دوکـانیش فەقیـانـەکـەی بە مەچـەکیـا ئاڵانـد. چەکـووش و هەرەو گازو بزمـاری لە پێش خۆی دانـا. لەو لاوەش، بۆیاخی ڕەنگاو ڕەنگ و سورمەیی؛ بۆ نەخشاندنی بێشکـەکـان و گلدانـەوەی سەرنجی کێژ وڵـەو دایکان. ئەو بەیانیە، منداڵێکی تولەکی سوورفل وەك دۆمبەلان لە نووای دوکانەکەدا؛ هەڵتۆقا.

ـ ها! بێشکەت دەوێ؟

ـ . . . . . . .

ـ هەر یەکەی بە دوو روپییەیە.

منداڵەکە زۆر کز هاتە بەر چاوی؛ بۆیە دەمی لێنایەوە.

ـ دیارە . . . دەتەوێ. . .

ـ خاڵە . . . دەمەوێ . . . بمگری بە . . . شاگرد.

ـ شاگرد! ـ دوای هەڵوەستێك ـ خۆ شاگردم گەرەکە. ناوت چیە؟

ـ دلێر. خوشکەکەیشم ناوی خونچەیە ئائەمەندە دەبێ.

بە دەست باڵایـەکی لە خۆی کورتتری بە دارتـاشـەکـە

نیشان دا.

- چاکە، چاکە. ڕۆژانەی یەك ڕوپیەت دەدەمێ.

دلێر هەر چەندە ڕوپیەی نەدیبوو، خاڵەش دەمی بەڕوپیە ڕاهاتبوو، وەلێ ڕووی بووە لاڵەیەکی گەش و گورج چووە کن بێشکەکان و دانەیەکی سووری پەنجە نوما کرد کە هێلێ و خاڵە سورمەییەکانی، دەبریسکانەوە.

- خاڵۆ، لە جیاتی دوو ڕۆژانەم بێت.

وەستاکەی دەمی نەکردەوە.، کەچی چاوو برۆی زۆرشتیان درکاند.

- وەستا، خونچەی خوشکم دلی بەم بێشکەوەیە.

خاڵە بە شێنەیی دلنیای کرد.

- چاکە. دە ئەو قوتووە بزمارانەم لێ نزیك بکەرەوە

## 4 - ئەمڕۆش هیچ

ناسکەی ژنت پرپاسکەکەی دایە دەستت و بەو بەربەیانە تاریك و ڕوونە پێلاوە لاستیکەکانت ڕوومان کردە چایخانەی ئەحمەد ئاغا. لەوێ خاوەند تۆێوتاکان هەریەکەو چەند کرێکارێکی ئاخینە ناو پیکابەکەی تۆیش بە ئومێدەوە چاوە نواڕی پەنجەیەك بوویت فێنکی بخاتە دڵتەوەو کێچ ئاسایی ڕاپەڕیت لەتەك جەندانێکی وەك خۆت لە سەرمانا هەڵکورمابوون. کاتێ برندەش وەکو گوێزان ڕۆژگارەکەی دەقرتاند بە ڕادەیەك، پەژاەت لێنیشت. دەمت لە هاوڕێ گەچاویە ڕدێن هاتووەکەی تەکت نابڕوا ناکەم ئیتر کاتێ ئەوە مابێت بمانبەنە سەر ئیش ئەو هیچی هەڵنەوەراند تۆ هەڵسایت و بێ هوودە،گەڕانەوەت سپاردە پێلاوە لاستیکە ڕەشەکانت.

ناسکە بەپیرتەوە هات

ها!!

ئەمڕۆش هیچ

- جوامێر، ئەو چاو چنۆکانە کرێکاری هەرزانیان دەوێ.. هەرزان.

ئافرەت، چ ژیانێکی بێرەنگ دەگوزەرێنین!

ئەوجا وات هەست کرد کە دەیان زەردەواڵە لە مێشکتا دەگزێنن.

## 5 - شلکێن

دوو کەنیشکە شلکێنیان دەکرد. خانە خانەکانیان لەسەر زەوی بە کۆزەری گەچ، لە شێوەی فروەیەکی کۆن؛ کێشا بوو. لە ناو هەر خانەیەکدا ژمارەیەکی سێی پێدەکەنی پێشتریش پەلکی نارنج و پرتەقاڵیان بە قایچی خڕ بڕیبوو، لە دەزوویەکی مۆریان هەڵکێشا بوو. ئەوەیان لە باتی بەردی پان دەهاویشت. لەم دیوو ئەو دیوی خانەکانەوە، پێلاوە پلاستیکەکانیان - شینی کوژەکەیی و سەوزی قەرسیلی - سەرنجی هامشۆکەرانیان گل دەدایەوە.

- خەجە چاوت لێبێ. نۆرەی منە. بە قاچ یان بە دەست؟

- بە قاچ

نەرمین ڕستە پەلکەکانی فڕیدایە خانەی ژمارە یەك و کراسە پولەکە چنەکەی هەڵماڵی، لەسەر پێیەك، بە شەلە شەل ئالایە گوازتنەوەی بۆناو خانەکانی دیکە. کە گەیشتە ژمارە هەشت، هاوار لە خەجەوە بەرز بۆوە.

- خورچایت.

- بۆ؟!

- لە خانەی شەشەوە یەکسەر چوویتە خانەی هەشت!

- ئای لەم حەوتە! خۆ حەجەکەی پێم دۆڕاند.

خەجە بە چاو نوقاوی بە بان خانەکاندا بازی داو نەخورچا لە پڕ، دەنگی دایکی نەرمین بێدەنگیەکەی کون کرد.

- کچێ.. تێنکت بوڕن.. وەرەوە ئەو پرپۆلانە هەڵخە.

## 6 - هونەرمەند

هونەرمەندەکەی هاوڕێم لە تابلۆکەی دوورکەوتەوەو

لاچاوێکی لە من بڕی. ئەمجا چەند پەڵەیەکی خاك ڕەنگی گەشی لێرەو لەوێ، گەیاندە ئەو دیوارە قوڕانەی کە شەستە بارانی ڕۆژی پێشوو خوساند بوونی.

ئافرەتێکی شڕپۆش لە پێش دەرگایەکی نزمدا مەڵوتکەیەکی بە شانەوە بوو، دەیڕوانیە نامەیێکی تازە ڕسکاوی دوور لە گۆشەی چەپی تابلۆکەوە خۆرێکی کز هێڵی دەرەوەی نیگارەکەی بە زەقی دەردەخست و بە پێچەوانەش، سێبەری خەستی وەنەوشەیی دەبژاندە لایەکانی تر. لە خوارووی ڕاستی تابلۆکەش، لە تەنکاوێکدا ماسیەکی وردیلە؛ لمۆزی هێنابووە دەر بۆ ئەوەی بزانی لە هەندەران چ باسە.

من سرەوتم نەگرت و خامۆشیەکەی شڵەقاند.

- براڵە، ئەمانە گشت جوانن. جوانتریش دەبوون ئەگەر بزانین ئەو ژنە هەژارە چاوەڕوانی چیەو ماسیەکە نیگای بۆ کوێ دەنێرێو مەلۆتکەکە بۆ وا سیس و ژاکاوە!؟

هاورێکەم، پەرەموچەکەی بە دەستیەوە مەیی کە ئەو دەمە ڕەنگی ئاڵی پێوە بوو. سەرنجی دام و ڕەنگە ئاڵەکەی لە کراسی ئافرەتەکە، ڕوواندو بە شینەیی؛ بەرچنەی بۆچوونی خۆی هەڵڕشت.

- کاك میرزا، ئەوەی کە فەرمووت لە ئەستۆی ئێوەدایە، چونکە ئێمە بە زمانی هێڵ و ڕەنگ دەدوێین.

وەڵامەکەیم بە دڵەوە نووساو توند بە خۆمەوە گوشیم.

## 7 - خاڵخاڵۆکە

ئاسمان بڕێ هەوری بێ شێوەی بە خۆیەوە هەڵواسیبوو. لە خوارەوەش، خڕینگەی پاوانەکانی «گەژاڵ» چەند شەقاوێك پێش خۆی دەوبوو. بەرەو کانیژنان لێژ دەبووەوە. گۆزەکەی ئەم شان و ئەو شان دەکرد. لە ناکاو خاڵخاڵۆکەیەك، سوخمە کەسکەکەی کردە ئارامگای خۆی!

خوێن زایە ڕووی کەژاڵ و دەستێکی سۆزناکی بۆ مێخەکبەندی سەر سوخمەکەی درێژ کردو بە ئاسپایی خاڵخاڵۆکەکەی لە ناو مستی شاردەوە. هەڵپەی کردو هەنگاوی بەرینی نا، هەتا گەیشتە سەر تاشە بەردەکە. خلخالۆکەکەی نایە بان پشتی دەستی.. فوویەکی نەرمی لێکرد.. نیگای ڕژاندە بان دەستی. خاڵخاڵۆکەکە کەمۆکەیەك ڕۆیشت ختووکەیەك بە لەشیا هات. خاڵخاڵۆکەکە سووڕایەوەو وەستا. کەژاڵ چاوی بڕیە خاڵە ڕەشەکانی سەر دوو توێکڵە سوورەکەی باڵەکانی لەپڕ، دوو توێکڵەکە لێك ترازان و.. بڵند بۆوە. کەژاڵ چاوی لە خاڵخاڵۆکەکە نەترووکاند هەتا وەك خاڵێکی لێهات و خاڵەکەش تووایەوە. دڵی تەژی بوو بەوەی کە بەو زووانە داخوازیکەری لە دێیەکەی خوارووویانەوە بۆ دێ هەر بۆیە بە هەوسەوە، لە کەرتە ئاوێنەکەیەوە، تۆزێك چاوە بە کلەکانی بەسەر کردەوە دەمی وەکو گوڵیلکە نازنازێکی تێراو خۆی نوواند. گورج گۆزەی تینووی پڕ کردو بە خڕینگە، نازو لەنجەو فیزی هەرسێ پێکەوە گرێ دان و بەرەو گوند؛ هەورازیانی کردەوە.

## 8 - شەوارە

شادی ڕووی خێزانەکەی گەشاندەوە. گوێزو مێوژ و ئەشرەسیان دەخوارد. باوکە دڵی خۆش بوو بەوەی وەچی خستۆتەوەو ئیتر کوانگی کوێر نابێتەوە. دوو کەنیشکەکەش فیسکە فیسکیان بوو. لە پڕ دەمەوەرەکەیان گوتی: «ئیدی لە کۆڵان» کەس پێمان ناوێرێ.» دایکە نەبێ کە سێبەری پەژارەو ئەندۆیەکی بۆر؛ کانیاوی دیدەکانی شێلو کرد بوو.

- ئافرەت هیچ ترست نەبێ. مەلەمان دا بۆ ئەوەی زەردوی نەگرێو بە نۆرە ئێشك دەگرین نەبادا شەوە بیباتەوە.

لە دارو بەردەوە دەنگ هات کەچی «حەوسەت» ورتەی لێوە نەهات!!

هەندێ لەو شەوچەرەیە بخۆ بەشکو تینێکت دێتەوە بەر کەنیشکەکان گەمەیان بە گوێزەکان دەکردو جار نا جاریش

نیگایان دەنارده لای کوڕیەکه.

- ئافرەت چیته! بۆ وا مەنگی؟

- چیم بێ! خۆ...

- ده بڵێ خۆ تەقم کرد. حەوسەت ناوی چی بنێین؟

- زۆراب، تۆ له ناونان گەڕێ پیاوەکه چیت لێشارمەوه خۆ تاکه... گونێکی ...هەیه!!

زۆراب که ئەوەی ژنەوت دەمی دابچڕاو چاوی به بن میچی ژوورەکەوه هەڵواسران.

## 9 ـ خەناوکه

هەرەتی بەهار ئەژنۆیەك باڵای بەخشیبووه قەرسیله پاراوەکەی گوێی جوگاکه. قەرسیلەکه وێنەی خۆی له ڕووی ئاوەکەدا دەبینی ئاوەکەش بەستێکی دەبڕیو لێرەو لەوێ، بەردو چەوی ڕەنگینی بەڕووی ورده ماسیەکاندا؛ دەخەناندەوه. ورده ماسی که چوار سمی ڕەشیان دەدیت، به هەڵەداوان خۆیان له ژێر سایەی ترشۆکەو پونگەکاندا؛ مەڵاس دەدا. ترشۆکەو پونگەش دەبوونه بابۆڵەی قەپۆزی کەره دێزەی بەرەڵڵا. کەره دێزەش هەتا بۆی لووا ،خۆش گوزەرانیی خۆی به کلك ڕەپ کردن و زەڕین دەربڕی. دەزەڕیو قەپی له قەرسیلی ئەم لاگیر دەکرد.

کلکی ڕەپ دەکردو لایەکەی تری کەل دەکرد. لەم لاو ئەو لای جوگاکەش برێ هەرزەکار گرد بوونەوه. خەناوکەیەکیان به مل کەره دێزەدا هەڵواسی هەچه دەی ،ڕووەو شار نەقیزەیان لێژەند.

له شاردا، چاوەکان کرانەوەو دەمەکان چرپاندیانه گوێیەکان و هەر بۆ ئێوارەکەی تراکتۆرێکی ژەنگن کەلاکی کەره دێزەی ڕاکێشایه قەراغ شار ئیتر بووه ئاهەنگی گەنەو مێشەکەرانەو داڵ و سەرگەڕ.

## 10 ـ ڕاو

گورگه زێ بوو. نم نمەی باران و دەزوولەی خۆر ڕمبازیو پێش برکێیان دەکرد تۆ سەبەتەو دارو دەزووەکەت هێنا. سەبەتەکه دایکت برنجی پێ دەپاڵاوت. دەزووەکه پاشماوەی دەسڕازەکەی خۆت بوو. دارەکەش جاران تیرۆکی داپیرەت بوو. دارەکەت به سەرێکی دەزووەکەوه بەست و لێواری سەبەتەکەت پێ بڵند کردەوه. ئەمجا له گیرفانتەوه قەمچێ دانه خۆرەت ڕۆ کرده ژێری. به ئاسپایی سەرەکەی تری دەزووەکەت ڕاکێشایه پەنایەکی داڵانەکه. خۆت مەڵاس دا. لەوێ به خۆتت ووت: «هەر ئێستاکه ئەو ڕیشۆڵه هەڵکورماوانەی بان تەل ئەلەکتریکەکه ڕاو دەکەم.»

چاوت بوونه کانیلەی خەندەوئاوات. به کاوه خۆ، پۆلی ڕیشۆڵەی برسی خۆیان کوتایه بن سەبەتەکەو تۆ دەزووەکەت به پەله ڕاکێشا. به دوو شەقاویش خۆت هاویشته سەر سەبەتەکەو دەستێکت ڕەوانه کرده ژێری. هەستت به نەرم ونیانی کرد. بەڵام هەرچەندت کرد. له دوو ڕیشۆڵه پترت بۆ دەسگیر نەبوو، بۆیه چەندانێکی تر دەرفەتی گیان قوتار کردنیان بۆ ڕەخسا هاتیته ژێر داڵانەکەو هەر ڕیشۆڵەیەکت به دەستێکەوه بوو. له ژوورەوتداکەسێك هاته گوتن: «خۆ چاویان به زەنگیانه دەکات! قەدەرێك بەزمیان له گەڵدا بکه، کەی بێزاریش بووی با دایکت ئاوەڕوویان بکا بۆ بان پلاو ساوەرێك.»

کەسێکی دیکەی ناخت بەرپەرچی دایەوه: «ڕیشۆڵه خۆی چی بێو گۆشتی چی بێ! ڕەهایان بکه بەشکو ئەمساڵ به یەکەم دەردەچی»

تۆ هەمان قسەت له داپیرەتەوه بیستبوو، بۆیه چاوت بووه هێلانەی بەزەییو... پەنجەکانت شل بوونەوەو... هەر دوو ڕیشۆڵەکه هەڵفڕین و له تەك هاو ڕەگەزەکانیان نیشتنەوه چالاك کوڕم، من چاوێکی باوکانەم لێت بوو، تۆش ئەو دەمه به گوێرەی چڵه پۆپەی درەختەکان، سەرنجت بەرزو نزم کردەوەو ڕووانیشته گەڵا شۆردراوەکان ئەو دیمەنه گشت ماندوو بوونەکەتی هەڵمژی.

کورتە چیرۆك

ئیسماعیل ڕۆژبەیانی

# کەڵە مێرد



پەپوولەی ئارەزووی متەبووی بن سەهۆڵ بەندانی مەینەتی ڕۆژانەی لەئامێزی گەرمی دڵسۆزەکەیدا ئۆقرەی گرت و کەوتە هەڵمژینی شیلەی ناسکترین خونچەی ئەندامەکانی. پاش بەینێك ئەو خەوی لێ کەوت و ئەمیش لەسەر گازەرای پشت لێ ی ڕاکشاو نوقمی دەریای بیرکردنەوەی چۆنیەتی ڕووداوەکە بوو.

هەرچەندی دەکردو دەکۆشا قەت ئەقڵی نەیدەبری کابرایەکی ڕیش چەرمووی نۆلی ئەو پیاوە. توانیبێتی کردەوەیەکی وەسا بکات. بەڕاستیش کردەوەکە ئەوەندە گرنگ بوو. ئەوەندە سامناك و جێ ی مەترسی بوو.

باوەر ناکەم جەربەزەترین مرۆ تاوەکو ئەو دەمە وێرابێتی توخنی بکەوێت.

ئەگەر بهاتبایە چاوی خۆی مامە (قالە)ی بەو چەشنە نەدیتبا، هەزار کەس بیوتبایە ئەو بوو ئەم باوەڕی نەدەکرد، لەو ،س بوو لەجیاتی ئەو سێ بەسێ بیدابا بە تەڵاقداو بیوتبا ئەونیە.

بەڵام لەحاڵەتێکی وادا نەیدەتوانی خۆی بەدرۆ بخاتەوە. کاتێ دیمەنەکەی مامە (قالە)ی هاتە پێش چاو کەوا بەسەر ڕیشە سپیەکەیدا چۆراوەی خوێن دەهاتە خوارێ،

چاوەکـانی ئەبـڵەق بوون. . ڕەگی خۆشـەویستی مامـە (قالە). . لە دڵ و دەروونیەوە چوزەرەی کێشا. . بوو بە نەمام. .
بڵندبوو. . لەجێگاکەی ورێزا جغارەیەکی پێ کرد لەگەڵ یەکەم قوم لێدانی ئامبازی کەسی ناوەوەی بوو، ئەوەندەی پێ نەچـوو نوچـی بـۆدا. . لە پێشی دەستی کـرد بەسـەر زەنیشت کردنی خۆی:
ـ بەڕاستی ترسنۆك و بێ دەستەلاتم، هیچ ڕەوای هەق نەبوو لەو حاڵەتەدا خۆمی لێ گێل بکەم.
ـ باشت کرد خۆت ئاشکـرا نەکـرد، ئەگینـا تۆیانیش لە تەك ئەودا ڕاپێچ ئەدا.
ـ ئەخۆ من لەو زیاتر نەبووم.
ـ ئینجا شەڕی خۆتڕین چی لێ مەیسەر دەبێت.
ـ بە مەزنـدەی تۆ بەهـانـا چوونی کابـرایەکی وەکو مامە (قالە)وە بەشەڕی. . . دائەنرێت. !
ـ ئەگـەر شتێـك لە مەسـەلـەکـە نەگـۆڕێت ئا. . باشـە دەتتوانی ڕزگاری بدەیت؟
ـ هەی بەڵێ.
ـ کەوابو باشت کرد خۆت نەکرد بەخاوەنی.
ـ باشـە بۆچـی دەبێت یەکێکی وەکـو ئەو، ئەو کارەی بکردایە؟ گوایە پیاو پڕابوو. ؟
ـ ڕاپەڕاندنی کاری مەزن بەپیاوی مەزن
ـ نەبێت ناکرێ.
ـ دەڵێی چی منیش شوێن پێی هەڵگرم؟
ـ ئەگەر بەخۆتدا ڕادەبینی لێی ڕامەوەستە.
ـ بۆچی نەء.
ـ دەبێت هەموو شتێك بنێی بەلاوە.
ـ ئەوەش دەزانم.
ـ پرس و ڕاوێژی ئاوزتیش بکە.
ـ قسەیەکی جوانە.
بەئەسپایی خزایەوە ناو جێگاکەو لاولاو ئاسایی خۆی بە (. . . .) یەوە ئالاند. . ئینجا بە کەسی ناوەوەی ووت:
ـ لەوانەیە ئەمە دما شەوم بێت لەگەڵیدا.
ـ پەلەی لێ مەکە. . باش بیری لێ بکەرەوە.
لە هەڵمی هەنـاسـەی تەنـدووری دافـراوەی ناخەوەی ژنەکەی بەخەبەر هات و لێی پرسی:
ـ ئەوە هێشتا نەخەوتووی؟.
خەوم تاراوە.
ـ بۆ؟
ـ نازانم بێژم چی.
ـ بۆ خاتری خوا شتێك ڕووی نەدابێت؟
ـ ناشتێکی وانیە.
ـ تۆ سەری خۆت ئەگەر پێم نایەژی.
وەکو باسەکەی بوگێڕایەوە ژنەکەی دەستی کرد بە کورووزاندنەوە:
ـ ئۆیش دەستم بشکێت بۆ مامـە (قـالـە) بەستـەزمـانـە لەکوێ بەرگەی ئەو هەموو جەزرەبەیە دەگرێت. بڵێ ئاخر شەڕ چیت بەسەر ئەم کەین و بەینەوە.
ـ ئەوەی ئەو کردوویەتی هەتاهەتایە جێی شانازیە.
ـ ئەوێك کە خۆی تیاچوو سودی چی‌یە.
ـ وابزانم ڕچەیەکی باشی بۆ دەس نیشان کردین.
ـ بەقسەکانت خەریکی بمخەیتە گومانەوە.
ـ لەچی؟
ـ لەوەی کەوا تۆش دەتەوێ. .
ـ دەم خۆش.
ـ ئەوە بەڕاستتە؟
ـ جارێ نازانم.
ـ لەمـە وازبێنـە کەمێـك وەرە پێشـەوە. . بمگـوشـە بەخـۆتـدا. . باوەشیـان کرد بەیـەکـداو چوونـە ناو دەریـای بێ دەنگی ژوورەکەوە. پاش بەینەك ئەو خەوی لێ کەوتەوە، ئەمیش دەستی کـردەوە بە تاوتـوو کردنی مەسـەلـەکە. دمای هاوردو بردێـکی زۆر لەسـەر ڕای کەسی ناوەوەی بڕیـاری شوێن هەڵگرتنی ڕچەڕێیەکەی مامە (قالە)ی‌دا.
بەیانی وەکو چاوی کردەوە خۆر ڕمێك بەرزەوە بووبوو.

# وەڵامی ڕەخنە

عەلی عارف ئاغا

لەگۆڤاری بەڕیزی ژمارە (107)ی بەیاندا لەلاپەرە (7)دا نوسینیکم دی کەبرای بەڕیز دڵشاد مەریوانی نوسیبوی لە بابەت شیعری گوڵوخونچەی منەوە. تێدا بەدی کرد کە دوربون لەڕاستی ئەوهەڵەو کەموکوڕیەکە بەرچاوم کەوتوە لای خوارەوە بۆ خوێندەوارانی بەڕیزی ئاشکرا ئەکەم.

1 ـ کاك دڵشاد غەزەلە چاپکراوەکەی منی خوێندەوەتەوە کە لەسەر دەفتەرە دەستنوسەکەی خۆم چاپکراوە بەڵام زۆر بەداخەوە گەلێ لە شیعرەکە بە غەڵەت نوسراوە دەسنوسەکەی لای خۆی وەکو خۆی هێشتوتەوە مانای ئەوەیە کە غەڵەتەکانی بەباشتر زانیوە لەئەسڵی شیعرەکانی من کە ئەمە کارێکی نارەوایەو ڕەو شتێکی شاعیرانە نی یە.

2 ـ کاك دلشاد وویستویەتی لەگۆڤاری بەیاندا شتێك بڵاو بکاتەوە تینجا شیعرەکانی گوڵوخونچەی لەبەر دەستدابوە بەشێوەیەکی هەڵە وەناشارەزایی شیعرەکانی شی کردنەوەتەوەوە هەروەها ویستویەتی پێنجینەکەی خۆی لەگۆڤارەکەدا بڵاوبکاتەوە بیسەلمێنێ بەهاوولاٌتیان کە شاعیرە بەڵام بەداخەوە لەو پێنجینەدا سەرکەوتو نی یە چە لە ووشەی ئەدەبی و چە لە کێش و مانادا.

3 ـ لەپێنجینەکەدا کە لەگۆڤارەکەدا چاپ کراوە زۆر دەستکاری لە ئەسڵی شیعرەکانی مندا کراوە کە ئەمەش لە ئەدەب دا شتێکی جوان نی یە.

4 ـ کاك ڵشاد ئەفەرموێت بەیتی نۆیەم لەدەست نووس دا هەیە بەڵام لە چاپ کراوەکەدا نی یە گوایە ویستومە ژمارەی شیعرەکان تاك بێت وە جووت نەبێت. کە ئەمەش شتێکە خیلافی حەقیقەتەکە تەنها بە خەیاڵی کاك دڵشادا هاتووە. ئەبوایە تەماشای غەزەلەکانی تری بکردایە کە هەندێکیان شیعرەکانیان جووتەو هەندیکیان تاکە.

5 ـ لەوە دوواوە کە گوایا غەزەلەکەی من لەچاپ کراوەکەدا دەست کاریم کردووە کە ئەمەش وانی یە چونکە ئەو دەست نووسە غەڵەتە کە بەراستر دەزانێ نەك چاپ کراوەکە لەمەدا زۆر زۆر بەهەڵەدا چووە.

وە ئەم جۆرە کردارە یاری کردنە بەبەرهەمی ئەدەبی شاعیرێك بەلای منەوە ئەمەکارێکی شیرین نی یە.

6 ـ هەندێك شتی تر لەو نوسینەدا بەدیم کرد دوورن لە ڕاستەقینەوەکە کە نامەوێ لێ یان بدووم کە خوێندەوار بەئاسانی لە ناتەواویان تێ ئەگات لەدوا بەشا تکا لە کاك دڵشاد دەکەم لەمەو دووا لەکاری ئەدەبی دا ئەوەندە بەهەڵەدا نەچێ بەرێبازێکی ڕاست و ڕێك وپێك دا بڕوات وە ئومیدەوارم لەم وەڵامی ڕەخنەدا نەڕەنجێ..

# «ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم»

«هەڵسەنگاندن و ڕەخنەکاری»

هەواڵنامەی کتێب & KURD ARSHIV

«فەرەیدون عەلی ئەمین»

که کورتــەچیــرۆکــەکانی ناو «رەشپۆشێکی جیهانی چوارەم»ی کاك «مستەفا سالح کەریم» خوێندەوە، چەند تەکنیکێکی نوێ‌و هونــەری چیــرۆکنوسین و دەستخستنە سەربرینی قووڵم هاتە پێش چاو، دیسان سەیرم کرد که کاك مستەفا پاڵەوانانی کورتەچیرۆکەکانی ئەبینێ‌و وایان گفتوگۆ پێ ئەکات، وایان هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەکات که ببێتە پاڵپشت و یاریدەدەری ئەوانەی ئەیانەوێت لە دەروونی ئەو پاڵــەوانــانــە بگــەن و دەست بکــە بە شی‌کردنــەوەی دەرونی». ئەمەش شتێکی سەیر نییە چونکە «خزمایەتییەکی زۆر نزیك لە نێوان شی‌کردنەوەی دەرونی‌و ئەدەبدا هەیە، هەردوکیان بە دوای ڕاستیدا ئەگەڕێن، هەردوکیان بایەخ بەو

هێزانە ئەدەن کە پاڵ بە مرۆڤەوە ئەنێن».

لەبەر ئەمانە لە دڵی خۆمدا بڕیارم دا کە هەڵیانسەنگێنم و بەپێی توانای خۆم لەرووی رەخنەکارییەوە لێیان بدوێم.

خۆیان چۆن ریزکراون هەر بەو پێیە لێیان ئەدوێم، تکام ئەوەیە کە خوێنەری بەڕێز یەك بەیەکی ئەو کورتە چیرۆکانەی خوێندبێتەوە ئنجا دەست بداتە ئەم نووسینەی‌من، چونکە ئەگەر وانەبێت لەیەکتر ناگەین، شایانی باسە کە هەوڵی ئەوە ئەدەم ئەم نووسینەم کورت بنووسم و هەتا بتوانم بیگوشم.

1- «باوەڕنامەی لەدایك بوونی گوڵێك»

پاڵەوانانی ئەم چیرۆلە سێ کوردن روخاوێك و نەبەزێك کە رۆژێك لەرۆژان هەرسێکیان خۆیان لە یەك بەندیخانەدا ئەبیننەوە!!.

دیارە نەبەزەکە ڕێگای خۆی گرتووەو دڵداری لەگەڵ بیروباوەری خۆیدا ئەکات و هیچ باکی نییەو باجی ئەم کارەی چییە ئامادەیە بیدات، هەرچی هەڵخلیسکاوەکەیە هەردوو کونەگوێی خۆی ئاخنیوەو وائەزانێت ئەو درۆیەی خۆیی پێ‌خەڵەتاندووە خەڵکیشی پێ‌ئەخەڵێت. بەڵام کڵۆڵ «رووخاوە»کەیە کە لە ناخی‌دەروونیدا شتێکەو بە روواڵەتیش شتێکی‌تر ،لە لایەك تووشی نەخۆشیی رارایی‌ولە لایەکی‌ترەوە شەخسیەتی دوولەت بووە، هەر لەتەیان لە ئاشێك ئەکات.. «ئەحمەد لە پووره هەنگی سەریا، هاتوچۆی بەسەر تولەماری دوودڵیی خۆیدا ئەکرد» «..پووره هەنگەکە بڕیارێکی یەکسەریی تیدا نە دەگیرسایەوە» «ئەوەندە سەرت قاڵە نازانی شتەکانت لەکوێ فڕێ ئەدەیت» «بە ددان نینۆکەکانی خۆی ئەقرتاند..» «..ووشەی چ بڕیارێکت دا؟ هەزار هەڵبەزودابەزی بەدڵی‌دەکرد» «دوو دەنگی جیاواز هاواری لێ‌ئەکرد» «ئەحمەد دوو ئەحمەد بوو».

ئەگەر بەو وردی وەك هاوڕێیەکی دێرینی کاك مستەفا لەیەك دوو چمکی ژیانی وورد ببمەوە زوو ئەگەمە ئەوەی کە «دلێر» لە هەندێك رووەوە رەنگە دانەوەی کاك مستەفا خۆیەتی، چونکە ئەم هاوڕێیەکم، گیانم، بە گیانی حەسەن تۆفیقی جوانەمەرگ بوو، کە حەسەن لە ئاوارەیدا بە نەخۆشیی وەناق مرد، کاك مستەفا زۆر بۆی پەرێشان و پەرۆش بوو، دوای چواردەی تەموزی 1958، بەماوەیەکی کەم «زڕەی زنجیرە»ی بەوێنەیەکی گەورەی «حەسەن»ەوە، بلاوکردەوە، واتە یەکەم هەلی هەڵکەوتووی بۆ یادی ئەو قوستەوە، بۆیە کە ئەڵێ «دلێر لە خەویا حەسەن تۆفیقی جوانەمەرگی بینی، من یەکسەر کاك مستەفا خۆیم هاتەپێش چاو، بەتایبەتی کە چەند جارێکیش لە ژیانیدا زیندانی دیوە.

با لە رووی داهێنانی رستەی نوێی پڕ لە ناوەرۆکی خەستوخۆڵەوە، سەیربکەین، ووشەی‌وا ئەبینین لە رستەدا کە بە پانی‌و درێژی‌و قووڵییانەوە، تەزووی سەیر سەیر بە لەشدا دێنن، وا لەخوێنەر ئەکەن کە چەندجارێك سەرنجیان بدات، «لەزیندا نێکا کە دەرگاو پەنجەرەکانی لە دیوارەکانی وەڕزبوون..» «لە زیندانێکی تاریکدا، کە تیشکی خۆر بە دزیشەوە خۆی پێدا نەدەکرد،» جاری وا هەیە «تەنیا»و وشەیەك لە لای دوو دەستەی دوژمن بەیەك،

دوو مانـــای پێچـەوانـە ئەدات، چیـرۆکنـووس لە بەرگێکی جواندا ئەمەی پیشانداوە. ئەوەی

لە زیندانا دلێر ئازار ئەدا پێی ئەڵێ: «ئەمە حاڵە ئێوەی تیـان، ئاوا ریسـوا بوون.» کەچی ئەو بە خەیـاڵ «تریفە» پێی ئەڵێ: «دلێـر نەکـەی خۆت ریسـوا بکـەیت». واتـە «ریسوا»ی کابرا «ریسوا» یەکی تری بیر ئەخاتەوە کە ئەبێتە پاڵپشتی خۆڕاگرتنی»، ئەو ئەیەوێ بە «ریسوا»ی خۆی ئەم بروخێنێ کەچی نازانێت کارتێکردنەکەی هەر تەواو پێچەوانەیە.

کابرای چەتـەوڵ ئەڵێ: «هابخۆ ئەوە دەردت بێ ئەڵقە لەگوێ..» کەچی ئەم بەو ووشەیەدا بە خەیاڵ تریفەی دێتە

بەرچاو وپێی ئەڵێ «دلێر، با ئەم ئەڵقەیەت پێشکەش کەم بۆ یادگارو لەبیرت نەچم..»، بەم خەیاڵە خۆشەوە ئیتر دلێر چۆن خۆی ئەدۆڕێنێ!.

ئەمـەوێ بە دیمـەنی «عـەبـدوڵا» هەڵخلیسکاوەکەی ناو بەندیخانە دوایی بەم نووسینەم بینم، دیمەنێکی سەیرە، لە بەنـدیخـانـەکـە بەنجـەکـە بەری ئـەدات، بە تەمـای خانوو موچەزۆربوون بوو، بۆ ریش چوو، سمێڵیشی نایە بانی، وا دیارە نازانێت کە کریارەکەی هەر ئەوەندە ئیشی پێیەتی تا ئیشی خۆی پێ جێبەجێ ئەکات و دوایی وەك خوێرییەك بەرەڵـلای ئەکـات و ریسـوا ئەبێت، لێرەدا ئەبێ عەبـدوڵا نەختێك لە شیعـرەکـەی «بێکـەس»ی شاعیری بێتەوە یاد، لەگـەڵ جیـاوازییـەکی زۆردا، بێکـەس بە ناوی میللەتی کوردەوە بەرامبـەر ئینگلیـزە داگیرکـەرەکان ئەم شیعرە ئەڵێ ،بـەڵام عەبـدوڵـلا بە ناوی خۆیـەوەو بۆ خۆی، لەگـەڵ گۆڕینی (27)ساڵە بە «ئەمە چەندساڵە» دەرحەق بە حاڵی خۆی:

ئەمە چەند ساڵە من ئەرەتێنی
بە فروفیشاڵ ئەم خەڵەتێنی،
رۆژی نەوعێکم هەڵئەپەرێنی،
کە ئیشت نەما اوازم لێ دێنی...
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بودم
بۆچی بە ناهەق و سووکت کردم!!

2 ـ «سێ وێنەو رێبوارێکی ماندوو»

ئەم کورتەچیرۆکە بە رواڵەت خەوزڕانیکە، بیرکردنەوەیە لەسێ جۆر خۆشـەویست و گفتوگۆ لەگـەڵ هەریـەکەیاندا تاوەکو چیرۆکنووس ووتەنی: «بەشەکەتی دەچێتە باوەشی خەوەوە».

تۆ با بڵێین ئەو سێ ناوە هەریەکەیان جۆرە هەڵسوکەوت و رەوشت و فەلسـەفـەیـەکی لە ژیـانیـدا هەیـە، کاك مستەفا لەگەڵ هەریەکەیاندا بە جۆرێك مامڵەی بووەو بەپێی جۆری پەیوەندیی و ئاشنایەتیی ئەوسایان رازو گلەیی ئەکەن. دوای ئەو هەمـوو کارەسـاتـانـە کاك مستەفا هیوای هەر ئەمێنێت و «لەگەڵ چاو برینە دوا رۆژا» چیروکەکە تەواو ئەکات.

زۆر جار دڵـداری لەگـەڵ بیـروباوەڕدا خەست وخۆڵتر ئەبێت وەك لە دڵداریو خۆشەویستی لەگەڵ کچێکدا، بۆیە لە ناونانی ئەو کچانەدا، هەریەکەیان بە پێی هەڵسوکەوت و رەوشتیان بۆیە لە ناونانی ئەو بیروباوەڕانەدا بە ناوی کچانەوە هیچ جۆرە نەشازییەك نابینم لێرەدا پاڵەوانی کورتە چیرۆك یەقدانەوەی چیرۆکنووس خۆیەتی.

لە ئاخـروئـوخـریی چلەکـانـدا «گێـلاس»ی بە رەنگـە ئاڵـەکـەیـەوەو چوو بەدڵـدا، هەر لە هەمـان کاتـدا لە «پرشنگ»یشەوە ئە نزیك بووو ئەویشی چوو بەدڵدا، چونکە هەردوکیـان وەك سێـوێـك وابوون و کرابوون بە دوولەتەوە، یان وەکـو خۆی بە پرشنگ ئەڵێت: «خۆشەویستیم لەگەڵ گێـلاسـا لەنـاو خۆشـەویستیی تۆدا توابـووەوە» لە بنەڕەتا دوو کچی وەك یەك بوون، ئەوەندە هەبوو بە پێی ئەو رۆژگارەو بۆسـەردەمێکی کەم خایـەن «پرشنگ» لە گێلاس» زیـاتر دەرئـەکـەوت و زۆرتـر بەسـەر دەمـی خەڵـکـەوەبـوو.

هەڵسـوکـەوت و رەوشتی سێیـەم بەلای کاك مستـەفاوە لە کچێکی پرچ زەردا بە ناوی «یـادگـارە»وە خۆی ئەنـوێنێ،

خەڵکیش هەر وایان ئەزانی کە «یادگار» رەنگی زەردی لاپەسەندترەو کردوێتی بە دروشمی خۆی. دیارە ئەم (یادگار)ەش هەر لە چلەکاندا سەری هەڵدابوو، وەکو بەقسەکانی چیرۆکنووسدا دەرئەکەوێت، ئەم پەیوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵدا نەبووە، تەنانەت لای پرشنگ پاکانە بۆ ئەو ماوەیە ئەکات کە لە ناوەراستی هەفتاکاندا نەختێك لە «یادگار» نزیك بووەوە، وەکو خۆی ئەڵێ: «بروات بێ، مەسەلە نە «یادگار» بوو نە پرچی زەردی، شتەکە زۆر لەوە گرنگتربوو، باخچە خۆشە پڕ لە درەخت و گوڵوگوڵزارەکەی ماڵی یادگار، دوشمنان دەوریان دابوو، چاویان تێ‌بریبوو ... هتد» لیرەدا چیرۆکنووس باخەکەی هەر بە باخی ماڵی «یادگار» داناوە کە بەلای‌منەوە باخی هەمووانەو نە ئەبوو بلێ «غیرەتم قبووڵی نەکرد بە بەرچاومەوە، باخەکەیان بێ‌شێل بکرێ .... هتد»، بەڵکو باخە رازاوە دڵگیرەکەی هەمووان گلەیی و مشتومرەکەی چیرۆکنووس لەگەڵ یادگاردا واتە «یادگارە»ی پرچ زەرد، گەرم وگوڕی و قسەی لەرووی زۆر تیادایە،[1] یان راستر بلێم چی لە دڵدایە ئەیلێت، داوجار ئەڵێ: «ئەمەوێ پڕ بە سیەکانم هەوای پاکی بێگەرد هەڵمژم، هەوای ژیانەوەو سەرکەوتن، هەوای بردنەوەیەکی نوێ دوای چەند جارێك دۆراندن».

با سەرلەنوێ چاوێکی‌تر بەم کورتەچیرۆکەدا بخشێنینەوە.

کاتێك کە ئەڵێ «.. شەوێکی سەیرە لەو شەوانەیە کە لە بیرناچنەوە، ئەبێ خەو لە کوێ بێ؟». خۆی وەڵامی پرسەکەی خۆی ئەداتەوە «خەو ئێستا میوانی ئەوانەیە کە دەستیان لەملی ئەو گوڵە باخە نەژاکاوانەدایەو بە مژینی شەرابی لێویان مەست بوون، پزیسکی کارەبای گۆی مەمکە قنجەکانیان لە سنگیان کەوتووەو سڕی‌کردوون، بەدەم نۆشینی گوڵاوی گوڵی ئاڵەوە خەو بووە بەمیوانیان» من دەنگی ئەو وەڵامەم لەسەر دەمی ڕێبوارێکی ماندوو، خۆش نایەتە بەر گوێ، ئەمە کارتێ‌کردنی «دڵداری کچی تازە»ی[2] چاپی یەکەمی «رازی تەنیایی» تەواو پێوەدیارە، بەڵام ئەم زۆر پێی‌لێ هەڵبڕیوە، وشەکان رووتو قووتن. پاڵەوانەکە کە ڕێبوارێکی ماندووەو بە دەست ئەو بیروباوەڕانەی کە لە «گیلاس»و «پرشنگ»و «یادگار»دا خۆیان ئەنوێنن و چاوی «دوای سەعات یەکی پاش نیوەشەو»ی ناچێتەخەوو خەوی ئەزڕێت. ئەو خەیاڵە تۆخەی لێ‌نایەت، وەکو ئەو وشانەی بۆ داتاشرابێت وا دێنە بەرچاوم، وەکو زۆر لە خۆ کردن و قسە تێترنجاندنی تیادابێت وایە. کوردییەکەی ئەمەوێ بلێم ئەمە لە خەیاڵی یەکێکی‌تر ئەچێت نەك ڕێبوارە ماندوو شەکەتەکەی خۆمان.

لە رووی زمانەوە ئەم سەرنجەم هەیە «ڕێگای ژیانی بە کوچك و کەڵەك و درکەزی چاند».[3] «چاند» بۆ گوچك وکەڵەك نابێت. لەشوێنێکی تردا (ل 31) ئەڵێ: «چونکە هەندێ قسە کار لە میشك و دەروون ئەکات»، لەبەر ئەوەی «هەندێ» لە کوردیدا لە یەکێك زیاترە، ئەبێتە «کۆ ئەوجا ئەبێ بڵێین «ئەکەن» نەك «ئەکات».

3 - ژیلەمۆ

ئەم کورتە چیرۆکە دەق چمکێکی ژیانی ساڵێکی خاوەن چیروکە. کە لەپێناوی «شەوبۆ»دا دابوویە چیاوچۆڵ. «ئازادی»ش لەو وشانەیە کە لە خۆشەویستیدا خەڵك بە ئارەزووی دڵی‌خۆی ناوی لێ‌ئەنێت ئەی بۆچی چیرۆکنووس هەقی نەبێت ناوی «شەوبۆ»ی لێ‌بنێ مەسەلا. لە ساڵی 1976دا، لەشاری (رومادی) لەو بیابانەدا نووسیوێتی، دوای ئەوەی وەکو خۆی ئەڵێ «ئەم جارەیان لەتوانامانەبوو بە شەوبۆ شادبم» دیارە ئەو رۆژانە، دوای بە شەوبۆ شاد نەبوون پشت شکاوو زامی‌برین نوێ بووە، ئەگەر چی دوایی چیرۆکەکە بەوە دەهێنێتەوە کە رۆژێك دێت دەست لە ملی «شەوبۆ» بکات و دڵنیایە لەو رۆژە.

چیرۆکنووس تەکنیکێکی نوێی لیرەدا بەکارهێناوە، بەستنی چەند چمکێکی ژیانی خۆی بە ژیانی پاڵەوانی داستانێکی «بابلی» یەوە، شکاندنەوەو بەستنەوەی رووداوەکانی خۆی بە رووداوەکانی ناو ئەو داستانە بە

شێوەیەك كە ئەقڵ بیگرێت و رێك و رەوان بروات، وا خوێنەر بەلای خۆیدا رابكێشێت كە ناچار بێت چیرۆكەكە تەواو بكات، رەنگە بووترێت خۆشەویستەكانیان جیاوازن، ئەویان «عیشتار»و ئەمیان «شەوبۆ»یە، دیارە ئەو «شەوبۆ»یەی چیرۆكنووس مەبەستێتی، لەوەلامدا ئەڵێم: هەردوكیان دڵدارن ئەویان عاشقی «عیشار» بوو، ئەمیان «ئازادی»، خورپەو تەپەی دڵیان یەكە، قوربانی و دەست لەخۆشتنیان یەكە، «عیشتارو شەوبۆ» هەردوكیان ئاواتن، ئاواتیش پێویستی بەخوێنی جگەر هەیە، سەیری ئەم پێكەوەبەستن و سەری رووداوەكانی هەردولا بەیەكەوەچەسپ كردنە بكەن. . تەمووزی شوان گیرۆدەی چاوی عیشتارە، ئەمی دڵداریش «هەر تەنیا ناوی شەوبۆ بهێنرایە تەزوو بە هەموو ئەندامی لەشیدا» ئەهات، تەمووز خەوی نەما چاوی ئەبریە ئەستێرەكان، ئەمیش لەگەل ئەستێرەدا كەوتە چاوشاركێ، تەمووز كە تووشی عیشتار ئەبوو، زمانی لاڵ ئەبوو، ئەمیش كە (شەوبۆ)ی دی هەرچی ووشەیەكی ئامادەكردبوو كە بلێت پچڕپچڕ بوون و بوونە یەك ووشەو لە دەمی دەرچوو.

ئەم جۆرە تەكنیك و بۆچوونە، چیرۆك لە قاوغەكۆنەكەی جارانی رزگار ئەكات. رادەی رۆشنبیری چیرۆكنووس پیشان ئەدات.

ئەوە دەردەخات كە خوێندنەوەو موتالا لە هەر مەیدانێكی زانست و ئەدبدا بێت، زەمینە بۆ بەهرەو هەڵكەوتن و سەلیقە خۆش ئەكات.

تەمووز لەیەكەم رۆژی مانگی نیساندا لە وولاتی هات و نەهاتەوە گەڕایەوەو «هەموو جەماوەر بەبۆنەی گەڕانەوەی تەمووزی خۆشەویستیانەوە بەشداریی ئاهەنگێڕانیان كرد» ئەمیش سالێكی بەسەر بردبوو، چاوەڕوانی چەپكە گوڵێك بوو بیباتەوەو بیدا لە سەری شەوبۆو گەڕانەوەكەشی هەر لە دەوروبەری نیساندابوو، بەلام چۆن گەڕانەوەیەك یەكێك خاكی ژێر پێی هەرەس بێنێ، ئەبێ حالی چی بێ.

لە دوای ئەو شەكەتی و شپرزەیی و دڵشكاوییە، دوای گەڕانەوە بەر تیروتوانج و سەرزەنیشتی ئەم و ئەویش ئەكەوێت، لەناو ئەم دووئاگرەدا، تووشی حاڵەتێكی دەروونی دەبێت، هەڵەچێت و یەخەی ئەوانە ئەگرێت كە تیری تێ‌ئەگرن و تانەی لێ‌ئەدەن.

ئەگەر ئێستا چاوێك بەو گەڕانەوەیەدا بگێڕینەوەو ئەو وێنانەی بهێنینەوە بەرچاو كە چیرۆكنووس لەو كات و رۆژگارەدا گرتوونی، سەیر ئەكەین زۆر راستگۆیانە هاتوتە مەیدانەوە، چ لەگەڵ خەڵك و چ لەگەڵ خۆیدا، ئەو رستەو ووشانە ئەگەر چی لەدڵ ودەروونی ئەو هاتونەتە دەرەوە واتە «زاتی»ن بەلام بۆ هەزاران كەسی دیكەی ئەو رۆژگارەی ئەوساش ئەبوون، واتە بووبوە حاڵەتێكی دەروونی نەك تەنیا كەسێك بەڵكو هەزاران كەس.[4]

دوایی چیرۆكەكەشی وەكو لەسەرەتاوە ووتمان بەوە دەهێنێتەوە كە «رۆژێك دێت لەژێر سێبەری گوڵاڵە سوورەی كوردستانا بەبێ‌ترس دەست لە ملی شەوبۆ» بكات.

لە رووی زمانەوە چەند سەرنجێكم هەیە.
«قەلەرەشەكان هەوڵیان دا چاوەكانم و زمانم هەڵكۆڵن[5]

......» هەڵكۆڵین بۆچاو ئەبێت بەلام بۆ «زمان» نابێت. بۆزمان برین ئەبێت.

واتە راستی‌یەكەی ئەمەیە كەبڵێین «چاوەكانم هەڵكۆڵن و زمانم ببڕن».

چیرۆكنووس ئەڵێ: «بەخۆما رائەبینی دیواری دەنگە كوناودەركەم» ئەمە وەرگێڕانێكی كتومتی «اختراق الحاجز الصوتی»یە كە خوێنەرێكی كورد ئەبێت عەرەبی زۆر باش بزانێ و مانای ئەو زاراوەی هەزم كردبێت ئنجا لە مەبەستی چیرۆكنووس ئەگات، تۆ با واز لە ووشەی كوناودەر بێنین و بێینە سەر دیواری‌دەنگ كە بە عەرەبی (حاجز الصوت)و بە ئینگلیزی «Sound barrier»ە، كە ئەمانەوێ بیكەینە كوردی ئەبێ لە سەری بخوێنینەوەو تێ‌بگەین كە مەبەست بۆچی‌یەو لەچیەوە هاتووە ئنجا بگەڕێین لە زمانەكەی خۆماندا زاراوەیەك مێشكماندا گەلاڵە بكەین و ووردە ووردە ئەم دیوو ئەو دیوی پێ‌بكەین تا دوابڕیاری لەسەر ئەدەین ئنجا

داى‌بنێين، هەرچەندە زۆرجار ئەمە ئەركى چيرۆكنووس يان شاعيرێك نييە بەلام لە زەمانێكى وەكو زەمانى ئێمەدا لە رووى ناچارييەوە ئەبێ چيرۆكنووسێك يان ئەديبێك ئەو ئەركە بگرێتە ئەستۆى خۆى بۆ ئەوەى خوێنەر لە بەرهەمەكەى بگات و لە لاى رەوان بێ، يان چى تێدا ئەبوو ئەگەر بە چەند دێرێك كاك مستەفا ماناكەى لەسەرچاوەيەكى زانستييەوە وەربگرتايەو لەپەراوێزدا بينووسيايە. ئەوەتا ئەگەر كاك مستەفا لەو «الحاجز الصوتى»يە شارەزا بوايە ووشەى «كوناوەدەر»ى بەكار نەئەهێنا چونكە ئەو (حاجز)ە كوناودەر نابێت بەڵكو ئەشكێتەوەو لە شێوەى قوچەكێكدا ئەچمێتەوە.[5]

ديسان چيرۆكنووس ئەڵێ: «با درك و پەيكوڵى بەپێمابچێ، با بەفروزريان رەقم كاتەوە» راستييەكەى ئەوەيە بڵێ «بچن» و «رەقم كەنەوە»

4 ـ «تەزووى خەم لە گۆرانيى دڵدارەكاندا»

بۆردومانە، خەڵكەكە شپرزەئەبن و ئەپەشۆكێن، بە پاڵەپەستۆ خۆيان ئەكرد بە ژێرزەمينەكاندا، بۆردمان هەر بۆردمانە لە هەر شوێنێك بێت ئەم شلەژان و سەرلێ‌تێك چوونەى تيادا ئەبێت ئيتر با قاهيرە نەبێت شارێكى فەلەستين بێت، نەء با ئەميش نەبێت يەكێك لە شارۆچكەكانى هەرووڵاتێك بێت، چ كارێك ناكاتە سەر پێشەكيى كورتەچيرۆكەكە، با سەرى خۆمان بەو شتەوە نەيەشێنين و خۆمان بەوانەوە خەريك نەكەين نەوەكو سەرمان لێ‌تێك بچێت) با بێينەوە سەركورتە چيروكەكەى خۆمان و بڵێين: لێرەشدا قارەمانى كورتەچيرۆكەكە هەر يەقدانەوەيەكى ديارى چيرعوكنووس خۆيەتى، لێرەشدا مەسەلەكە هەر عاشق بوونەكەيە، لە كورتەچيرۆكى پێشوودا ناوى «شەوبۆ»ى لێ‌نرابوو، ليرەدا «نيرگس».

كاتى خۆى لە «هۆڵى مروارى» هەست بەوە ئەكات كە ئەبێ زۆرتر لە «نيرگس»ەوە نزيك بێت، يان رۆشنتر بڵيم بۆ سەركەوتنى «نيرگس» هەوڵ بدات، لە پێشدا ناوى نەبردووە يان نەى‌ويستووە ناوى بەرێت يان وەكو خۆى ئەڵێت: «دەرفەتى ئەوە نەبوو كە خۆمت پێ‌بناسێنم»، دواى كپ بوونەوەى ئەو بوردومانە ئەبينێت، بەلام هێشتا هەر ناوێرێت ناوى بێنێت تا «نيرگس» لەگێژاوى ئەو نەوێرانە، يان بابڵێين ئەو شەرمە رزگارى ئەكات، سەيربكەى بزانن چيرۆكنووس چۆن هونەرێكى نوێى پيشان داين، سەرنج بدەن ئەوەى ئەو كردويەتى بە پێشەكى، لە زنجيرەى رووداوەكاندا دواى بينينەكەى «هۆڵى مروارى» دێت، لەو شوێنەوە كە ئەوى تيادايە ـ بابڵێين بينايەكى بەرزو «تەلار»ێكە لە چاو خانوبەرى ئەو ناوەدا ـ لەوێوە ئەروانێتە چياكەى بەرامبەرىو سەر لووتكەى چياكەى وا دێتە پێشچاو كە ئەڵێى «مروارى»يەو ئەدرەوشێتەوە، ئنجا بەو ووشەى «مروارى»يەدا خورپەيەك دێت بەدڵيداو «هۆڵى مروارى»يەكەى لەمەڕ شارى بەغداى دێتەوەياد. شەوێك لەو هۆڵەدا يەك دوو دەستەخەڵكى‌تر دەبينێت كە ئەوان بيروڕايان وەكو ئەم نييە «گوڵشەن و لاوەشاعير»ەكە بە دوو دڵخوازى راستەقينە ئەزانێت، لە دواييدا بۆى دەرئەكەوێت كە لاى گوڵشەن نە عەشقى راستەقينەونە پەيمانى دڵدارى پولێك ناكەن و مەسەلە هاورێيەتيى «كۆليژ»ەو هيچى‌ترا!

ئەگەر سەيرى مێژووى نووسينى كورتەچيرۆكى دووەم و سێيەم و چوارەم بكەين، ئەبينين هەرسێكيان لە ساڵى 1976دا نووسراون، لەوەش زۆرترى بنووسيايە لەو ساڵەدا هێشتا هەركەم بوو، چونكە حاڵەتەدەرونييەكەى يەكجار پەرێشانى كردبوو، ئەمەم لەمەوپێشتر باسكردووەو پێويستى بە دووپات كردنەوە نييە، بەلام شتێكى‌تر هەيە، ئەمەوێ روونى‌بكەمەوە: ئاشكرايە كاتێك گيروگرفتێك سەردڵى مرۆڤێك ئەگرێت و ئەيگوشێت، پەنگ ئەخواتەوە، ئارام لەبەر ئەو مرۆڤە هەڵئەگرێت، سەرى لێ ئەشێوێنىو خەوى لێ ئەزرێنێ‌و لێى ئەكاتە نەخۆشييەكى دەروونى، لەم حاڵەتەدا باشترين شت ئەوەيە كەهەر قسەورازێك لەدڵيايەتى چ بەقسە، چ بەنووسين، دەربيبرێت.

جارى وا هەيە ئەو كەسەى كە لەو حاڵەتەدايە، مەسەلەكە لەدەست ئەقڵ و بيرچوونەوەى دەرئەچێت،

هەرخـۆی بۆخـۆی پێش ئەخـواتـەوە، لەپڕ دڵ پاڵێـك بەو قسـەورازە شاراوەیـەوە ئەنێت و وەك کوێـرەکانی ئەتەقێتەوە، ئیتـر بەوە ئاوپـڕژێنێکی دڵی ئەکـرێت و ئاهێکی ئارامبوونی تێ ئەگەرێت و ئەحەسێتەوە. من دڵنیام کە کاك مستەفا لەو ساڵەدا ئەم سێ چیرۆکەی نوسیوە ئاوپڕژێنێکی دڵی کراوەو ئەو بارە ناخۆشەی ئارادەیەك یان بۆ ماوەیەك لەکۆڵ کەوتووە.

لەگـەڵ «نیـرگس»ی رەمـزی مەسـەلـەکـەیدا ئەژی، توانیویتی گیان بکات بە بەری ئەو وشەو رستانەدا کە لە گێرانەوەی مردنی «نیرگس»دا بە کاری هێناون، ئەوەتا ئەڵێ «گفەی زریان ئاگری زستانەمی کرد بە خوڵەمێش».

لە کورتەچیرۆکی «ژیلەمۆ»دا ئەڵێ «چاوم چاوەڕوانی ئەو کاتـە بوو کە پێم ئەڵێن، دەرمـانی نەخـۆشیەکەی «شەوبۆ» دۆزرایـەوە» لەم کورتـەچیرۆکەدا، دوای مەرگی «نیرگس». نیرگسێکی تر لە شێوەی «منداڵێکی خنجیلانەی ناسکۆڵە»دا ئەبینـێت و بەم بینینـە «بـۆ یەکـەم جار لە دوای کۆچی نیـرگسـەوە، زەردەخـەنەیەك گرتی و دەستی بە روومەتەکانی نیـرگسە پچکولەدا هێنا».

لە رووی رێنــووسی زمــانی کوردییــەوە، سەرنجێکم هەیـە، ئەویش لەسـەر «سـەرنـاوی» کورتـە چیـرۆکەکەیە، وشەی «گۆرانی» کە کەوتە حاڵەتی ئیزافەوە(ی)ی ئیزافەی پێویستە بەڵام لەسەر حسابی (ی)یەکەی خۆی ناروانە ئەبێ بنووسین «گۆرانیی خەم» نەك «گۆرانی‌خەم». لە ساڵانی پەنجادا، یان باشتر بڵێم پێش 14تەموزی 1958. مامۆستا «توفیق وەهبی» هات بۆ دیدەنی مامۆستا «نەجمەدین مەلا» لە سلێمـانی، بە رێکـەوت من لای مامۆستا نەجمـەدین دانیشتبــووم، کە هاتــە دەرەوە سەری هـەڵبـڕی دی کە بە گەورەیی لەســەر دوکـانـەکـەی نەجمـەدین مەلا نووسـراوە «کەشتی نوح» مامۆستاوەهبی وتی: «لەرووی رێنووسەوە ئەو «کەشتی»یە (ی)یەکی تریشی ئەوێت.»

5 ـ قەڵەم

لەم کورتـە چیـرۆکـەدا دووکـەس زۆر دیارن، یەکەمیان چیرۆکنووس خۆی، دووەم خاوەن قەڵەم.

چیــرۆکنــووس هەر لەنـاو دەردو ژان و ئازارەکـانی دوای توانەوەی ..فرەگەورەکەدا ئەتلێتەوە، لێرەدا دیسان ـ مەنێکی تری ناخۆش و جەرگبڕ پیشان ئەدا، ئیمەش لە گەڵ خۆیدا وا لێ ئـەکـات دووجـۆرە خەڵـك ببینین، جۆرێکیـان خەم خۆرو کسپـەلـەجگـەرەوە هەستـاو جۆرێکی تـریـان بێ خـەم و شەیـدای پارە، جۆرێکیـان رەنـگ هەڵبـزرکـاو، جۆرەکـەی تـریـان ئەڵێیت نەبـای دیوەو نەباران، ئیتر خوای ئەکرد گەورەقەڵا لەگـەڵ توانـەوەی بەفـرەگەورەکەدا داری بەسەر بەردییەوە نە ئەماو ئەبووە کەلاوە، دیارە ئەم دوو جۆر خەڵکــە پێش توانـەوەی بەفـرەکـەش هەربوون، ئەبوایـە چیــرۆکنــووس ئەم دووربینییــەی» لەیـەکێـك لەم کورتـە چیرۆکانەیدا بکردایە، چونکە کە دوو جۆر خەڵك بوون، دوو جۆر ئەنجام دێنە پێش چاو یان ئەوەتا هەرچی چۆنێك بێت بە هۆی جۆرە خەم خۆرکەوە گەورەقەڵا تەواوئەکرێت یان ئەوەتا بە هۆی‌جۆرە بێخەمەکەوە لەگەڵ هەرەسهێنانی چیاکـەدا ئەمیش ئەڕمێت[7]، چیـرۆکنـووس لە هیچ لەم کورتە چیرۆکانەیدا باسی جۆری گڵ و بەردو خاك و چەوی چیاکەی نەکردووەو هیچ پێشبینییەکی لەو بابەتانە تیادا نییە، لە هەموویاندا هەر سەری سورو واقی‌وڕ ئەمێنێت، ئەوهەرە سهێنـــانـە هەر بە رووداوێکی «لـەنـاکـاو» ئەداتـە قەڵـەم و هیچی‌تـر. لە «ژیلەمـۆ»دا[8] ئەڵێت: «لـەنـاکـاو دەردێك لە تاعون پیسترو لەرشانەوە سامناکتر بڵاوبووەوە». لە «تەزووی خەم..»[9] دا کە باسی نێرگس ئەکات ئەڵێ: «خۆشم سەرم سورمـــاوە، هەمـووی بە چاونـوقـانـدنێـك زینـدە بە چاڵ بوو»، لە سێ‌وێنەو رێبوارێکی ماندوو[10] ئەڵێ «کێ چاوەڕوانی ئەمەی ئەکرد.» لەم کورتە چیرۆکەی «قەڵەم»[11] یشدا ئەڵێ: «لەناکاو هەورەتریشقەیەکی جەرگ بر لێ‌یداو..».

کاك مستـەفـا وەك چیـرۆکنـووسێکی رۆشنبیـرو شارەزا، ئەبوایە پێش هەرەسهێنانی بەخری‌سەر چیاکە ئەمووستی بۆ ئەو راستییـــانــە رابکێشـایــە کە دوای هەرەسهێنـــانـەك بۆ

هەندێکیانی راکێشاوە، دەنا هەمووشتێك بردنەوە سەر «لەناکاوا!» و «سەرسوڕماندن!» جگە لەوەی کە «دەردە دەروونی»یەکە ئاڵۆزاوتر دەکات، هیچ رادیکی تر نادات.

ئنجا با بێینە سەر لایەنێکی تری ئەم کورتە چیرۆکە، توند شەتەکدانی پێشەکییەکەی بە دەوری شاعیرەکەی هاورێیەوەو گەرانەوە بۆ لای ئەو دەلالەی کە لە نەبوونی و دەستکورتیدا پاڵتۆکەی دابوویە، بۆی بفرۆشێت تەکنیکێکی نایاب و کەم هلوتایە.

چۆن شاعیرەکە «دری بە خەڵکەکەدا، هەناسەی ساردو رەنگی ژاکاو، بێهێزو لێوبەبار، بەڵام چاوەکانی گەش» چۆن بە تورەییەکەوە دەستی بۆ پاڵتۆکەی‌برد، لەدەست دەلالو کریارەکەی راپسکاند، چۆن «دەستی بە گیرفانی بەرباخەڵی پاڵتۆکەیاکرد، قەڵەم پاندانێکی لێدەرهێنا» چۆن ووتی: «کاکە من ئەمەیانم بۆ فرۆشتن نەناردووە»، «ئەمەیان هەرگیز نافرۆشم..» سەیری ئەم وێنەو تابلۆیانە ئەکەیت و بە ووردی ئەیانخوێنیتەوە، رەنگی دەم وچاوو تەپەیدڵ نەك لەگەڵ هەموو رستەیەکدا، بەڵکو لەگەڵ هەموو ووشەیەکدا ئەگۆڕرێن، ئەو هەڵمەت بردن و راپسکاندنی قەڵەمە، لەگەڵ ئەو هەموو بێهێزییەدا دیمەنێکی سەیرت دەهێنێتە پیش چاو با هێزی لەشیش نەمێنێت، بەڵام هێزی بروا بەخۆبوون و بریاری قەڵەم نەفرۆشتن، وا پاڵی پیوەئەنێن (نە هەناسەی سوارو نە رەنگی ژاکاو)ی لەبیر نامێنێت، دیمەنی ئەو قەڵەمە دیمەنی ئەو تیرانە بەدەست کوردەکانەوە دێنیتە پیش چاو کە گەزنەفۆن لە گەشتەکەیدا باسیان ئەکات، «درێژی تیرەکانیان گەزونیوێك بوو، تیرەکانیان ئەوەندە گەورەوقورس بوون کە ئێمە لە باتی کورتەرِم بەکارمان ئەهێنان!»[12]. ئەو قەڵەمانە چەند ئازاو بەرێزن کە پیاو بە بینینیان نوکی‌تیرو رم و نێزەو خەنجەری دێتەوەیاد، ئەو قەڵەمانە چەند ئازاو پیرۆزن کە پیاو بە بینینیان قسەکەی «گۆران»ی شاعیری دێتەوەیاد کە لە شینی پیرەمێردا ووتویەتی: «خوای گەورە گەڵێ لەپیش چەکا، لەسەرەتای داهێنانی هەستیا، قەڵەمی دروست کرد، پێی ووت بنووسە! ووتی چی بنووسم؟ ووتی: قسەی جوان بنووسە، باوەڕی راست بنووسە، اشهد ان لا اله الا الله بنووسە[13]..هتد»

لایەنی سێیەم لەم کورتەچیرۆکەدا ئەوەیە کە کاك مستەفا بەیەك دوورستە توانیویتی زۆرشت بڵێ، توانیویتی نەبوونی هاورێکەی بخاتە خەیالێکی بەرزەوە، یان دیمەنێکەوە کە رەنگەکانی ئەوەندە دیاربن خەریك بن لەوێنەکەوە بێنەدەرەوە وهاواربکەن. سەیر بکەن ئەڵێ: «نان لە قوولێنەیا نەماوە، بەڵام هیوا لە دڵیا هەر سەوزە» بزانن بەو چەند ووشەکەمەچ وێنەیەکی گرتووە. «مارۆن عەبود» لە هەڵسەنگاندنی «نەزارقەبانی»دا ئەڵێ: «نزار وەك «جریر» شیعرەکانی شیرینە، بەڵام خەیالی نزار بەرزترە، چونکە بە ووشەیەك وێنەیەك ئەگرێت کە خەڵکی‌تر بە قسەیەك ئەوەیان پێ ئەکرێت»[14]

لە رووی زمانەوە، لە دوادێری لاپەرە «78»دا «شاعیرێکی ئەشکەنجەدراو» نووسراوە، لام وایە راستی‌یەکەی ئەوەیە بووترێت «ئەشکەنجەکراو»، چونکە کورد ئەڵێت «ئەشکەنجەم مەکە» یان «فلانەکەس ئەشکەنجەی کردووم». من وام بیستووە.

6 ـ لەئاسۆی چاوەڕوانیدا

چیرۆکنووس هونەرمەندانە ئەم کورتەچیرکەی دارشتوە مەبەستی سەرەکی لێرەدا دەردێکە لەکۆمەڵگای کوردەواریی خۆماندا وەکو گەلێك کومەڵگایتر، بەرچاو ئەکەوێت، هەندێك خوێندەوار بە دەموپلێکی بەرِوتیادا هەڵتۆقیوەوە خۆی وا ئەنوێنێ کە هونەرخواهەو پشتی هونەر ئەگرێت و بە نەنگی ئەزانێت، کە ئافرەت دورەوپەرێز بوەستێت و نەیەت شان بەشانی پیاو لەم مەیدانەدا بەشداربێت و خۆی‌بنوێنێت، ئیتر هەر ئەوەندە کیژێکی تازەپێگەیشتوو ئامادەیی پیشان دا، بە کەرمی هاتەپێشەوە، یەکێك لەو هەندە خوێندەوارانە لە شوێنی خۆیەوە لێی ئەچێتە پێشەوە، هەزارویەك دروی وەك لێژنەدار بۆ هەڵئەچنێ، بە چل دەم

**پیرۆزبایی ئەو ئازایەتی‌و چاونەترسییەی لێ ئەکات، که چۆن کۆتوزنجیری کۆنەپەرستی پچراندوەو بەرگی** دواکەوتنی دادڕیوەو بەوپەڕی سەربەستییەوە هاتۆتە مەیدانی هونەروجوانییەوە، بەڵام که پاش ماوەیەك بۆی دەرکەوت، ئەو کیژە خۆراکی ئەو نییەو ملی بۆنادات، هەر هەمان ئەو هاتنە مەیدانی هونەرەوە ئەکاتە بەڵگەو دەسکەلای دەست بۆ ناوزڕاندن و سووك کردنی، له چاوتروکاندنێکا ئەو هەموو پێداهەڵدانە ئەبێتە لێ‌خوێندن، یان «کو «سەناریا»ی قارەمانی کورتەچیرۆکەکه له ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی دوورودرێژو تاڵی‌خۆیدا ئەڵێ: «هە نه خۆی نزیك ئەکاتەوە، وا تێ ئەگەی بەو هەموو ووشە ڕازاوانەیەوە فریشتەیە، بەڵام ئەوەندەی پێ ناچێت، پێستی مرۆڤایەتییەکەی لەبەر دائەماڵرێ‌و لەپێستی گورگێکدا دەرئەکەوێ، ئەمجا که ئەبینێ بەرخەکەی بەرامبەری بۆخواردن دەست نادات، ئەڕشێتەوە، چی شتی ناشیرین له فەرهەنگە شاراوەکەیدا هەیە ئەیخاتە پاڵ ئەو کەسە.»

دیسان ئەڵێت: «لەوەش سەیرتر، خۆی باسی هونەروجوانی‌و سەربەستیت بۆ ئەکا، کەچی که داوەدەزوەکەی نێوانتان دەترازێ، یەکەم کەسە تەنانەت هاتوچۆی ئەو کچەبۆ پیشانگاگان و بایەخ دانی به هونەرو تێکەڵاوبوونی به هونەرمەندان و ڕووناکبیران، ئەکات به بەڵگەیەك بۆ سەروپۆتەلاك شکاندنی‌و لێدانی.»

ئەو تاقی‌کردنەوە قوڵە ئەوەندە کاری‌تێ ئەکات، ئەوەندە له دڵ و دەروونیدا کەڵەکە بووە، تەنانەت ئەگەر «سەناریا» [یەکەم جاریشی بێت هەست به لێدانی دڵی‌بکات، یەکەم جاریش بێت لەناخەوە، به هەموو سۆزێکەوە یەکێکی خۆش بوێ،] هێشتا هەر ڕاڕایەو تاقی‌کردنەوە قوڵەکانی هەموو ساتێك ئەچنە بن دەستییەوەو ئەچرپێنن به گوێیدا: ئەوە چی ئەکەیت، نەکەی توخنی بکەویت، ئەمیش گورگێکە وەکو گورگەکانی‌تر!! تا «سەناریا»ش وای‌لێ‌دێت ڕۆژی دەجار سێ‌ودوو به دڵی‌بکات، ساتێك گوێ لەبانگی دڵی‌و ساتێکی‌تر گوێ له بانگی تاقی کردنەوەکانی بگرێت، له ئەنجامیشدا پێ بەسەر ئەو دڵەیدا بنێت که بۆ «یەکەم جار هەستی به لێدانی ئەکرد»و بیشێلێ!!.

بێنینەوە سەرەوکاری کوڕەی دڵدار، ئەمیش دوای «سێ‌سەعاتێك» چاوەڕوانی «دەستی‌بخاتە سەر ستێرنی ئۆتۆمۆبیلەکەی‌و سەری بنێتە سەر»، کۆترە تەقلەبازەکەی خەیاڵیش هەرجارە «گەلایەکی هەڵوەریو» یان «ئاوازێك»، وای لێ‌بکات بداتە شەقەی‌باڵ و به ئاسمانە بێ‌سنوورەکەی بیرەوەرییەکانی ئەم دڵدارییەدا، بگەڕێت، له بیرەوەرییەکەوە تەقلەیەك بدات بۆ بیرەوەرییەکی‌تر، لەشی لەگەڵ هەموو بیرەوەرییەکەدا لەخۆشیدا مێروولە بکات، تا دیمەنێکی ناخۆش، نوقرچێکی لێ‌ئەگرێت و بەدەم نوقرچەکەوە ئەگەڕێتەوە لانەی لەش، ئەوسا دێتەوە سەر خۆی، که هاتەوە سەرخۆی هیچ تاوانێك ناخاتە پاڵ «سەناریا»و له گەڵ کاڵتری پێ‌ناڵێت، بەڵکو گلەیی لەوگورگانە ئەکات که هەموو جارێك «سەناریا» باسیانی بۆ ئەکرد، بۆیە ئەڵێ: «ئەشێ بەراستی منیشی وەك ئەوانی‌تر سەیرکردبێت، یان ئەبێ ئەو جانەوەرانە دڵیان وا ڕەش کردبێت که له ئاستی کەسی‌تر سپی نەبێتەوە» لەم جۆرە بۆچوونەی جارێکی‌تریش پێش ئێستا هەردێت به خەیاڵدا.

ئەم دەردە ئێستاش لەناو ئێمەدا نەك هەر بۆ ئەو لایەنەی که کراوە به بناخەی ئەم کورتەچیرۆکە بەڵکو بۆ زۆر لایەنی‌تری ژیانیش بڵاوە. شایانی باسە که چیرۆکنووس له دوادێری کورتەچیرۆکەکەیدا، هونەرمەندانە، کارێك ئەکات که ووتەکەی «ئیرازمۆس»: «تا ژیان مابێت، هیواش ئەمێنێ»، نەك هەر له گوێی کوڕەدڵدارەکەدا، بەڵکو له گوێی هەموو مانا بزرنگێتەوە.

له ڕووی زمانەوە «بێزاری له لەشیا کەوتە مێروولەکردن» نابێت ئەوەی بیستراوە ئەوەیە که «لەش» له «خۆشی»دا مێروولە ئەکات. ووتراوە: «لەشی لەخۆشیدا مێروولە ئەکات.» واتە ئەوی مێروولە ئەکات «لەش»ە نەك «بێزاری» . «لەش»ەکەش لەخۆشیدا نەك لەبێزاریدا.

7 ـ جەژنێکی ئەرخەوانی:

ئەم کورتە چیرۆکە لە ئەیلوولی 1980دا لە سلێمانی نووسراوە، سەرەتایەکی پایزی ماتەم، تێکەڵ بە یادی رووداوە مێژوویی‌یەکانی ئەومانگە، پەپوولەپایزە بەو هەموو سوکەڵەیی و نەرمونوڵییەوە خۆی ئەکات بە حەوش و هەیوانی ماڵانداو لە قوژبن و پەناو پاساردا خۆی لوول ئەدا، ئەگەر هەر بە ئاستەمێك دەرگای ژوور؛ درزێکی تێکەوت، ئەم بە خشپە خۆی ئەکات بە ژووورداو گەڕانەوەی لە سەفەری یەکساڵەی خۆی ئەخاتەوە یادی هەمووان، چیرۆکنووسیش بە پەپوولەپایزەی، پایزەبرادا ئەڕوانێت، لەگەڵ ئەو ڕوانینەدا ئەمیش سەفەرە یەکساڵەکەی خۆیو چەند هاوڕێیەکی دێتەوەیاد، بەڵام ئەمان هەر یەکەیان بەخشپە خۆی‌نەکردووە بە ماڵی خۆیدا بەڵکو وەکو شێرکوی هاوڕێی ئەڵێ: «پێش ئەوەی گوڵەباخەکەم بۆن بکەم، پاسەوانەکان کردمیانە دەرێو لە بیابانێکی چۆڵی دوور فڕێیان دام.»

لێرەدا هونەر ئەوەیە کە هاوڕێکانی هەر یەکە باسی گیروگرفتێك ئەکات لە هینی ئەویدی ناچێت، بەڵام هەموو گیروگرفتەکان لەیەك سەرچاوەوە سەریان هەڵداوە کە ئەویش ئەنجامی سەفەرە یەکساڵەکەی ئەمانە. دیسانەوە هونەر ئەوەیە کە چیرۆکنووس ئەوگیروگرفتانەی وەکو ئەنجامێکی سروشتیی دوای سەفەرێکی لەو بابەتە باس کردوون، بۆیە وەکو کارێکی سروشتی دێنەپێش چاو، سواڵی بەزەیی‌پیادا هاتنەوەی نەکردوە، بەڵکو لەو هەزارەها گیروگرفتانەی دوای سەفەرەکە هەڵی‌بژاردوون و دەست چنی کردوون. بە پێچوانەی هەندێك چیرۆکنووسەوە کە بە خەیاڵ بەسەرهاتی ناخۆش ناخۆش بە سەر پاڵەوانانی چیرۆکەکانیاندا ئەهێنن بۆ ئەوەی بە خەیاڵی‌خۆیان بەزەیی خوێنەر ڕاکێشن بە لایانداو لەو رێگەیەوە ئافەرین بکرێن و بەوەستایان بدەنەقەڵەم.

لەم کورتەچیرۆکی «جەژنی ئەرخەوانی»یەدا لە پاڵ کارەساتەکانی «بایزو هاوارو شێرکۆو ئارام»دا دیمەنێکی پڕ ئاسۆزی تریش ئەبینین «دیمەنی ئەو لاوانەی لە ناو ئۆتۆمۆبیلێکی سووتاودا هەڵئەقرچێن» چونکە ئەمیشیان ئەگەر باش لێی ووردبینەوە هەر لە ئەنجامی سەفەرە ساڵ خایەنەکەوە هاتووە.. «هەرچواریان، چاویان بڕییە یەکتر، هەر بەچاو لە یەك گەیشتن، ئەو بیرەی بە مێشکیان هات یەك سەرچاوەی هەبوو.» بەلای منەوە هەر هەمان سەرچاوەیە کە کارەسات و تەنگوچەڵەمەکانی «بایزوهاوڕێکانی» لێوە هەڵقوڵاون.

سەرنجی گفتوگۆی بایزوهاوڕێکانی بدە، سەیر ئەکەیت هەریەکەیان لەگەڵ هەر ووشەیەکدا تاڵاوێك ئەنۆشێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توزقاڵێك هیوای ماوەو بە تەمای تیلماسکێك ترێی ئومێدە، کەچی ئارام کە بەلای منەوە چیرۆکنووس خۆیەتی کە بەدەم ئۆتۆمۆبیل ئاژووتنەوە قسە لە گەڵ خۆیدا ئەکات، تەنانەت گلۆپێکی کزیش لە دەروونیدا هەڵناگیرسێت، ئەوەشی کە بە برازاکەی ئەڵێت «دڵنیابە بەم زوانە باوکت دێتەوە» یان کە ئەڵێ: «ئەبێ گڕی دەروون. . . . هتد بکەم بە زەردەخەنە،» پێشەکی خۆی بۆ مندال خەڵەتاندن بڕیاری داوە وابڵێ، دەنا ئومێدێکی نییە لە دڵدا چەکەرەی کردبێت. بە پێچەوانەی ورتەچیرۆکەکانی ترەوە، بە تایبەتی کە قارەمانەکە یەقدانەوەی خۆیبێت هەمیشە هەر گەشبین بووە، ڕەنگە ئەم هەڵوێستەی ئێستای لەبەر ئەوەبێت کە جارویار مرۆڤی عاتیفی بۆ باوك و براو برازا زووترو زۆرتر دڵی پڕ ئەبێت، وەك بۆ خۆیو ماڵ و منداڵی، زیاتر سەری‌دنیای لێ‌دێتەوەیەك و درەنگتر ئاسۆی گەشبینی بەدی ئەکات.

ئێستا با بگوێزینەوە بۆ لایەنێکی تری ئەم کورتەچیرۆکە، سەیری هێزوپێزی ئەم ڕستەیە بکەن، «هەنگە لە گوڵە باخ دابڕین باجێکی گرانە» ئایا ئەمە لەو قسانە نین کە بە کەمترین ووشە زۆرترین مانا دەرئەبڕن؟!.

«بایز، گوڤارەکەی دەستی داناو جگەرەیەکی داگیرساند، لەگەڵ گڕی چەرخەکەیا بیرەوەرییەکانی وروژان.» ئەم وردبوونەوەیە لە کردارو هەڵسوکەوتی مرۆڤ کە چۆن ئەبێتە هۆی کارپێ کردنی مێشك تا وای لێ بکات دەست بکات بەخەیاڵ کردنەوە یان بیرەوەری هێنانەوەیاد یان بیرکردنەوە کە

بەمانە ئەڵێن «کردارە ئەقڵییەکان»، ئەڵێم ئەم وردبوونەوەیە بە سەلیقە لای ئەدیبێکی هونەرمەند سەر هەڵئەدات و شتەکەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو نزیکی و خزمایەتییەی لەنێوان ئەدەب و دەروندا هەن، لەم رووەوە فروید راست ئەکات کە ئەڵێ: شاعیران زۆرپێش من «لاشعوریان» دۆزییەوە. من کە ئەم رستەیەم خوێندەوە: «لەگەڵ گڕی چەرخەکەیا بیرەوەرییەکانی وروژان.» یەکسەر «کچە شخارتە فرۆشەکە»ی «ئەندرسۆن»ی «نووسەری دانیمارکی»م هاتەوەیاد کە چۆن کچۆڵەیەکی پێخواس لەجەژنی سەری ساڵدا لەپەنادیوارێکدا لەسەرماولەبرسێیدا خۆی گرمۆڵەکردبوو، دەنکە شخارتەکانی یەك بە دوای یەکدا دا ئەگیرسان، لەبەر گڕی هەر دەنکێکدا بە خەیال شتێکی خۆشی ئەدی، تا دوادەنکی سووتاند ئیتر لەجێی خۆی بەدەم ئازاری برسێتی و سەرماوە وشك هەڵهات و رەق بووەوە.

لە رووی زمانەوە «پلاوو قەیسی و شلەقاورمە» ئەو «قەیسی»یە پێویست ناکات چونکە لە شلەقاورمەکەدا، قەیسی هەیەو هەتا ئێستا هەر «پلاوو شلەقاورمە» بیستراوە، ئیتر ئەم قەیسی یە لە کوێوە خۆی هەڵقوتانە ئەو شوێنەوە.

«پێی بە بەنزینا نا» ئەمە راستەو ئێمەش هەروامان بیستوە نەك وەك دێری سێیەمی لاپەرە «77» کە ئەڵێ «پێی بەسکلێتەرا»، نا» ئەمەیان هێشتا باو نییەو ئەوی تریان خۆشتر دێتەگوێ.

8 ـ مەلەکان بەرەو کوێستان ئەگەڕێنەوە

ئەم کورتەچیرۆکە خنجیلانەیە لەوانەیە کە شارەزایی دەروونی و دیمەنی دەروونی و تاکنیکی نوێ و دەسترەنگینیی بە خەستی تیادا کۆبوونەتەوە. عەسرێکی رۆژگاری بەهار لەشارێك لەو بیابانەدا، هەواڵێکی ناخۆش، ئارامی لەبەر هەڵئەگرێت، ئەچێتە دەرەوە بۆ ماوەیەك، لەسەرەتای گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە چیرۆکەکە تەواو ئەبێت، بەڵام لەم ماوە کەمەدا توانیویەتی دیمەنێکی زۆر گەورەو رەنگاورەنگمان پیشان بدات. لە رۆژێك پێش ئەوەوە، بەدەست هەواڵی لە ناکاوی گرتنی کوڕەکەیەوە ئەیناڵاند، بەو ژانەوە ئەتلایەوە تا هەستی کرد «ئەگەر نەچێتە دەرەوە، لەوانەیە بخنکێ» هێشتا لە سەرەتای گەڕانەوەیدا بوو، چیرۆکەکە تەواو بوو، چۆن چوونە دەرەوەیەکی هەڵکەوت و لەباربوو وا ئەم چیرۆکەی تیادا هاتەدنیاوە، لە هەمووی دیارتر چەند باوکێکی راستگۆیە لەگەڵ حاڵەتە دەروونییەکەی خۆیدا، چۆن ئەو هەواڵە لەباڵی داوەو چۆن زوخاوی پێ هەڵرشتوە بێ پێچ ویەنا هەمووی ئەڵێت، خۆی ووتەنی «ئەمەوێ خۆم واپیشان نەدەم بەڵام ناتوانم فێڵ لەخۆم بکەم، دەسەلاتم نییە» بەلای منەوە مەزنی ئەم کورتەچیرۆکە لەوەدایە، چونکە وەکو باوکێك هەست ئەکات «گیانی خەریکە شەقارشەقار ئەبێ» «منال پارچەیەکە لە جگەری مرۆڤ و یەکجار شیرینە!» دڵنیام ئەوانەی کە باوك نین ناتوانن لەو حاڵەتە بگەن و ئەڵێن:

نە ئەبوو باوکەکە وا رەشبین بێ، هەقیانە وا بڵێن چونکە لەو دنیای باوکێتییەوە دوورن لە لایەکەوەو، لە لایەکی تریشە رەنگە هیچ حسابێکیان بۆ دوایی هێنانی کورتەچیرۆکەکە نەکردووە کە بەچ گەشبینییەکەوە کۆتایی دێت.

هونەر نییە پیاو واخۆی دەرخات کە گەشبینە، بەڵکو هونەر ئەوەیە یەکێك لە ناو زامەکانی خۆیدا سووربکرێتەوە، سویێ بێتەوە، ئازارەکانی خوێنی جگەری بخۆنەوە، ئنجا لەگەڵ ئەوەشدا هەر گەشبین بێت.

کێشەی خۆی و کوڕەکەی لەم چوونەدەرەوە کەم خایەنەدا، تاڵ تاڵ شی ئەکاتەوە، هەر بەوەشەوە ناوەستێت لەگەڵ کێشەی ئەردەلان و باوك ودایکی ئەردەلانیشدا ئەژی، بە شێوەیەکی مرۆڤانەی وا کە «هەستی ئەکرد بەرەبەرە خەمەکانی سەر دڵی پچووك ئەبنەوەو لە خەمە گەورەکانی ئەم خەڵکەدا ئەتوێنەوە.» فەرموو ئەگەر باوکە گەشبین نەبێت چی وای لێ ئەکات، ئەو هەستەپڕ سۆزو پیاوەتییەی بێت؟! ئەمە جگە لەوەی کە بە سەلیقە ئەو حاڵەتە دەروونییەمان بۆ دەرئەخات کە مرۆڤ دەردوخەفەتی تر ئەبینێت و ئەبیستێت وەکو لای خۆمان ئەڵێن

«ئەسەللا» یەکی دێت و ئاوپرژێنێکی دڵی ئەکرێت و گیانی لە خۆبردنی بەرزئەبێتەوە، پێشینان ووتویانە «مەرگ لەگەڵ ئاوەڵان جەژنە.»

ئێستا سەیرێکی ئەو نەخشانە ئەکەین کە بە ووشەکێشاونی.

«ئەو رۆژنامانەی دیوارە ساردەکەی ئەم لاولای‌و بەرامبەری پێداپۆشیوون، دێرەکانیان لەبەر چاوی گەورەبوون تا بوونە مانشێتێك: کورەکەت گیراوە!»، ئنجا با بزانین چەند ووردو لەسەر خۆ گەڕاوە بۆ ئەوەی «دار عەسا»[15] یەك بداتە دەستی خەیاڵ بۆ ئەوەی شتێکی یا ڕووداوێکی بهێنێتەوە یاد، ئیمە ئەزانین کە ڕووبار هەمیشە لە جوولەو سەفەردایە، بەمە یاریدەی خەیاڵی ئەدا کە بڵێ: «لە کاتی لە دایك بوونی دڵێرا لە سەفەربووم» ئەم سەفەرەش حەڤدە ساڵ لەوەوپێش بووە. چۆلەکەیەکی تەرەبوو ئەکاتە «دار عەسا»و ئەیداتە دەست بیرەوەری، بۆ ئەوەی بێتەوە بیری کەبڵێ: «ئەم بەیانییە شاعیرێکی هاوڕێم لە بیابانەوە، بە گەروویەکی تاساوەوە بە تەلەفۆن هەواڵی چۆلەکە باڵ کراوەکانی شاری لێ ئەپرسیم.»

با سەرنجێکی تریش لەم کورتە چیرۆکەبدەین، ئەو باوکە کە ئەو هەموو دەردو ئازارو ئەشکەنجەیەی خۆیمان بۆ هەڵئەڕێژێت، هەر ئەو باوکەیە کە لە دواییدا دەستە پچکۆلەکانی «ئەردەلان» ئەخاتە دەستییەوەو بە خەیاڵ وا ئەزانی منداڵی «دلێر»ی کوڕییەتی، بە «پێکەنینەوە!» تەکان ئەدات و ئەڕوات، تکایە جارێکی تریش چاو بەو کورتەچیرۆکەدا بخشێننەوە، ئەو باوکەی کە «لۆژلۆژ بەرەو پەردەکەی پشتەوە کشا، تاو تاو وەك خەو ببینێ دەستی بەگریان ئەکرد» هەر کە ئەردەلان»ی دوای نەختێك دی، چۆن «خەمەکانی سەر دڵی پچووك بوونەوە» تا وای لێ هات، بە پێکەنینەوە تەکان بدات، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئاواتێکی گەورەتر لە ئاسۆی خەیاڵیدا گزنگی دا، بەو گزنگە دانە تینی گەشبینی زیاتر گەڕایە دەمارەکانییەوە، بۆیە ووتی: «وا دیارە مەلەکانیش بەرەو کوێستان ئەگەڕێنەوە».

ئەگەر دوا جار لە ڕووی زمانەوە سەرنج لەم کورتە چیرۆکە بدەم ئەڵێم «چڵەی چاوت ئەهات» ڕاست نییە، ئەبێ بووترێت «چڵەی چاوت ئەدا». ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە، «وەك بۆ سەیران چووبێت، یان لە گەشتی قوتابخانەبێت»، ئەم «لە گەشتی قوتابخانە بێت»ە دارشتنێکی خۆماڵییانەی زمانی کوردی نییە، ئیمە بە کوردی ئەڵێین «فلانە کەس لە گەشتی شارە زووورە یان «وەك لە گەشتی شارەزوور بێت»، «وەك لە گەشتی گەرمیان یان هەورامان بێت» واتە قوتابخانەی ناوچەیەك یان هەرێمێك نییە تا بڵێین «وەك لە گەشتی قوتابخانە بێت» بۆیە ئەڵێم زۆرتر لە وەرگێرانێکی کتومی «رحلةمدرسیه» یان «سفرە مدرسیە»ی عەرەبییەوە نزیکە.

9 - «پردی وەنەوشە»

نیازم نییە زۆر لەسەر ئەم کورتە چیرۆکە بنووسم، چونکە لە ڕووی تەکنیك و هێنانەبەرچاوی دیمەنەکان، هەمان شێوەی کورتەچیرۆکی «ژیلەمۆ»یە، لەوێ قارەمانی چیرۆکەکە، داستانێکی «بابلی»ی بەدەستەوەیە کە کردویەتی بە داردەست و دارعەسای دەستی بۆ بەرچاوخستنی ڕووداوەکانی ناو کورتە چیرۆکەکە، لەم کورتەچیرۆکەشدا «ڕۆمان»ێکی بۆ هەمان مەبەست بەدەستەوەیەو ئەیخوێنێتەوە، لە سەرەتاشەوە پێش ئەوەی «ڕۆمان»ەکە بخوێنێتەوە، ووشەیەك ووتەیەدەمی یەکێك، پزیسکی چەخماخێك، زرەیەکی تەلەفون، ئەکاتە ئەو «دار عەسا»یەی لە کورتەچیرۆکی پێشوودا باسمان کرد.

ئەوەی کە لێرەدا بەپێویستی ئەزانم بیخەمە بەرچاوی خوێنەری خۆشەویست دوو شتە: یەکەم پاڵەوانی چیرۆکەکە گەیشتە ئەوەی کە هیچ رقێکی شەخسیی لە «دڵخواز» لە دڵدا نەمێنێت، بەڵکو ڕقەکەی لە دوژمنان و چەوسێنەرانی ئەوسەردەمە بێت، کە لێرەدا وا دیارە دەوری پاشایەتی پێش 14ی تەموزی 1958ی مەبەستە.

کە بەمە چەند پلەیەك لەبەر چاو بەرز ئەبێتەوەو ئەگاتە ئەو ڕادەیەی ژیرانە بیربکاتەوە، بو ناوەرۆك بگەڕێت نەك بۆ

تونێکـــل، شەڕی لابـەلایی بۆ خۆی نەنێتـەوە بۆ ئەوەی زوو بگاتە ئامانج، چونکە شەڕی لابەلایی و پەیدا کردنی کێشەو بەلای لاوەکی، چەواشەی ئەکات و مەبەستە سەرەکییەکەی لەبیر ئەباتەوە، کە دیارە ئەم ژیرانە بیرکردنەوەیە بۆ هەموو کات و زەمانێـــك، بۆ هەمـوو سەردەمێـك پێویست بووەو پێویستە. هەر لەبەر ئەوەشە کە بڕیار ئەدا دڵخواز ببینێت و لەگوڵ کاڵتری پێ نەڵێت، تا «ئاسۆ»ی ئەم و «ناز»ی ئەو بە یەك بگەن، تا ئەو پردەی ئەم شیش بەنـدەکانی بە خەم و پەژارە بنیات ناو دڵخـواز نەیهێشت بەسەریا بڕوات، ئێستا بە گوڵەوەنەوشە» بۆ ئاسۆی کوڕی بچنێت. دیسان وەك بە ئاسـۆ بڵێت: «دڵنیابـە کە پردی خەمت بۆ ئەکـەم بە پردی وەنـــەوشـــە» جا دووەم شت کە ووتـم بە پێـــویستی ئەزانم بیخـــەمـــە بەرچاو ئەم ووشـەی «وەنـەوشـە»یە کە لێرەدا هەڵەیەکی هونەری دێتە بەرچاومان، هەڵەکە زۆرزۆر زەقە، ڕەنگـەکـانی باش دانـەناوە، چیرۆکنـووس ئەڵێ: «پردی خەمت بو ئەکـەم بە پردی وەنـەوشـە»، کە وەنـەوشـە خۆی نیشـانـەی خەمـە، نیشـانـەی «مل کەچی»و خامۆشییـە، هەمیشـە خەفـەتبارو خومپـوشـە. کە دیـارە ئەو مەبـەستی پردی ئاڵ یان پردی سوور بووە.

پیرەمێرد ئەڵێ:

چنوور بۆ زوڵفت لوول و پەشێوە
وەنەوشە مل کەچ خاڵی لای لێوە (1)

گۆران ئەڵێ

گیانی من بۆ ئەڵێ وەنەوشە پەرۆشە
کە لە ژێر سێبەری توترکا خامۆشە (2)

10 - ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم

ئەم کورتـەچیـرۆکـە، پێش هەمـــوو کەسێـــك، لای چیرۆکنـووس، لەوانیتر پەسـەنـدترە، هەر بۆیەکە ناوی کۆمەڵە کورتەچیرۆکەکانی لەدوو بەرگی کتێبێکدا، بەو ناوەوە ناوناوە.

دوای ئەوە خوێنەرانیش، کە لە خوێندنەوەیان ئەبنەوە، زۆرتـر «ڕەشپـۆش»ەکـە لە خەیـاڵیاندا ئەمێنێتەوە، چونکە وا دیارە زیاتر کاری تێکردوون، ئەمە بەلای منەوە لەبەر ئەوەنییە کە لەتکنیـك و هونـەری ئەم لەوانیتر بالاتـربێت چونکـە بۆ «نیـان»ی قارەمـانی چیـرۆکـەکـە هەرهـەمان شێوەی «لەخۆ هەڵهێنجـــان» ـ یان وەکـو بڵێین «الاستنباط من الـذات»ی بەکار هێناوە، بەڵکو لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوەیە.

جارێ لەپێش هەموو شتێکدا «دڵداری» یەکەی ناو ئەم کورتەچیرۆکە دڵدارییەکی دانسقەو نەوازەیە، هەرچەندە لە سەرەتادا «نیان» کچێکی ئاسایی بوو، لە مەیدانی دڵداریدا وەکـو زۆر کچـانیتـر بیری ئەکـردەوە. «من لە سەرەتـادا ئەمـــویـســـت بمـکـــات بە ئەسـتێـرەیـەك، لە تەنیشتیـا بدرەوشێمەوە، بە جووتە بکشێین تا لە چاوی خەڵکی وون دەبـیـن» بەڵام «شـــوان» جۆرە لاوێکی تازەپێ گەیشتـــووو خاوەنی بیروباوەڕو ڕۆشنبیریکی نوێ بوو، ئەیویست «نیان» بەرەو ڕێگـەیـەکی ڕاست و ئامانجێکی بالا ببـات، ئەوەتـا «نیان» ئەڵێ: «بەڵام ئەو بەرەو ژیانێکی نوێی ئەبردم، وای لێ کردم، چێژ لە خوێندنەوە وەرگرم، فێری خۆشەویستی ڕاستەقینەی کردم»

ئەمە لە لایەك، لە لایەکیترەوە، لە وولاتی ئێمەدا هەر وا باوبـــووە، کوڕە دڵـــدارەکە خۆی پەریشـان و دڵسـوتـاو پیشـــان بدات و لەبـەرکـچـەبمـرێت و لێی بپـارێتـەوەو نازیقبـــوڵ بکـات، لە فولکلۆری کوردیو لە شیعریشـدا ئەمـــەمـــان زۆر بیستـوەو خوێنـدوتـەوە، هەر کوڕە بۆ کچە شێت بووەو «سەربەدەبازی ڕێتە»ی بۆ ووتووە. ئەگەر کچە خوانەخواستە دڵی گەر دگر تی، کوڕە پێی ئەڵێ: «هەرزە گۆییم کرد هەرچیم ووت، وا ئەو چڵکەم بەفرمێسك شت» بەڵام لەم کورتـەچیـرۆکـەدا کە کچـە دان بەو هەموو سۆزو بەرۆشییەدا ئەنێ ئەمـە وەکـو شتێکی نوێ دێتـە بەر چاوی نەك هەر کوڕان، بگـرە کچـانیش، لای کوڕان چونکـە قسەکان پڕ ئاوازو سۆزن و دانپێدانانێکی خۆشەو ختووکەی فیـــزیـان ئەدا، لای کچـانیش، لەبـەرئـەوەی ڕاستگـۆیی و لەخـۆبـوردن و ئازایـەتیی تێـدایـە، کە ئەمـانە ئەبنە مایەی لەخۆشیدا ڕەنگ سوور هەڵگە ڕاندنیان.

ئەوەشمان بیرنەچێت کە «نیان» ئەوەندە دڵی بە خۆشەویستییەکەی خۆش بوو، ئەو ناوی «سەرەخۆرە»یەی کە دایکی ناوی لێنابووو بوویوە «گرییەکی دەرونی» لە دڵیدا، ئەویش نەماو ڕەوییەوە.

ئەمە مژدەیەکی خۆش و ڕوونـاکییەکی ئەمڕوو داهـاتـووە، کە کچانی کورد خۆزگەی ئەوە بخوازن کە تووشی کوڕێکی وەك «شـوان»بن، بۆ ئەوەی وەك نیـان بڵێن: «خـۆزگـە زووتر بمناسیایە، سەرنجم بەرامبەر ژیان ئەگۆڕاو بە جۆرێکیتر بیر ئەکردەوە.»

ئەوەی زەمـینـەی ئەم دڵـدارییـەی لە لای نیـان خۆش کردوە، ئەوەیە کە «شوان» لای «سیروان»ی براشی بەڕێـزو ئازیـز بووە «نیـان ئەوە شوانی برادەرمـە، چەنـد جارێك باسیم بۆ کردوویت. یەکێکە لە برادەرە هەرە ئازیزەکانم.».

دیـسـان لەو هۆیـانـەی کە ئەم کورتەچیرۆکـەی لای خوێنـەران لەوانیتـر خۆشـەویستر کردوە ئەوەیە کە وەك «دڵـداری»یـەکـە دانیسقەیە، کۆستەکەش تایبەتیو سەیرە، کۆستی بـراو دڵـدار، خۆشـەویستی «بـرا» لای خوشـك، خۆشـەویستی «دڵـدار»یش نەخـوازەلاً دڵـدارێکی وەك «شوان»یش، شوان مەگەر هەرخۆی شوانبێت. ئەو دووجۆر خۆشـەویستییە کە وەکـو دوو میوە هەریەکەیان تام وچێژی خۆی هەیـە، هەر یەکـەیـان بە ڕەنگێـك کار ئەکـەنـە سەر «نیـان»، ئەو «نیـان»ەی بە خۆشـەویستی «براو دڵدار» دڵی لێـوان بوویـوو. لەپـڕ کەوت بە سەر کۆسـتـی نەمـان و لەنـاوچـوونی هەردووکیـانـدا. ئەم کۆستـە لە دڵدارییەکە زۆرتر ئاهوهەناسە بە خوێنەر هەڵئەکێشێت.

دیـسـان داهێـنـانی زاراوەی «جیهـانی چوارەم» شتێکی نوێیـەو مایـەی سەرنج ڕاکێشان و ووردبوونەوەیە، کاتێك کە شوان لە ڕادیـودا باسی جیهـانی سێیـەم ئەبیستێت ئەڵێ: «سـەیـرە، ئەی بۆ کەسێـك نییـە باسی جیهـانی چوارەم بکـات؟!». ئەمـانـەی ئاتێستـە باسکـران، تێکـڕا ڕەنگ و ڕوویـەکی نوێیـان داوە بە ناوەڕۆکی چیـرۆکـەکـەو لای خوێنەرای خۆشەویستر کردووە.

ئەگەر لێرەدا بوەستم و کوتایی بە نووسین بێنم، نابێت، چونکـە بەلامـەوە گونـاهە ئەگەر نەختێك لەجۆری دوایی پێ هێنـانی ئەم کورتـەچیـرۆکـە نەدوێم، چیـروکنووس لەسەر زمـانـی «شـوان» ئەڵێ: «شـارەکـەمـان.. ڕۆژانـی ووشـك وبـرنگـە بەڵام شەوانی تەڕو پاراوە..» بەم دوایی پێ هێنـانـە، ئەبێ ئافـەرینی چیـرۆکنـووس بکـرێت، کاك مستـەفـا قسـەکەی زۆر ڕاست و جوانە، پێشینان ووتویانە: «شەو قەڵای مێردانە»، پیرەمێردی شاعیریش ووتویەتی:

بەسەر شاخی ئەراراتا بە لاوك پیرەمێرد سەرکەوت

ئەڵێ: پێشم کەون کورگەل، شەوی سەرکەوتنە ئەمشەو

پەراوێزەکان

(1) بەرامبەر ئەو گلەییو مشتومڕە ڕایەکی تایبەتیم هەیە، کاك مستـەفـا لە کورتـەچیـرۆکی «قەڵەم»یشدا گەڕاوەتەوە سەر هەمان گلەیی لەوێدا منیش ڕاکەی خۆم دەرئەبڕم وەك وەڵامێك بۆ ئەویوئێرە.

(2) «ئەم دڵەی وەك بتپەرستێ ڕوو ئەکاتە چاوەکەت»

(3) ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم ل25

(4) لە لێکـۆڵینـەوەی مێـژووییـداو لە شی کردنـەوەی حالـەتی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەدا، ئەو دیمەنانەی چیرۆکنووس نیشانی داون وەکـو بڕوانـامـەیـەك پشتی پێ دەبەسرێت، هەروەکو چۆن شیعرەکەی حەمدوون:

ئەم ڕۆژە چە ڕۆژێکە کە عالەم شڵەژاوە

دنیا بە چە خارێ جگەری قیمە کراوە

لە هێنـانـە پێش چاوی حالـەتی کۆمەڵایەتی ناو کوردەواریی سەردەمی یەکـەم شەڕی جیهـان، تا ڕادەیـەك لای مێژونووسان بایەخی هەیە، ئەم دیمەنانەی چیروکنووسیش شتێکن وا.

(5) ڕەشپۆشێکی.... ل41 دێری (2)

(6) السلسله العلمیـە، عبـدالخـالق ثروت، الـرقم (26) دار ثقافة الاطفال، دار الحریة للطباعە. بغداد. 1984 ل(5)

# هوزانەك دە دوو دەستنڤیسادە

سەگڤان یوسڤی



یەك ژ نیشانێن پایەبەرزیا هوزانڤان و نڤیسەڤانێ ژیهاتی شێخ نورەدینێ بریفكی [1205ك / 1791ز - 1268ك 1851ز] ئەوە كو هوزان نە بتنێ ب زمانێ ماكێ ڤەهادندنە، لێ د كاری و سەركەفتی بو د ڤەهاندنێ دە ب عەرەبی و فارسی ژی، و نە هەر بتنێ مژویلی هوزان ڤەهاندنێ بویە.. لێ خوەیێ مشە نڤیسینێن دنە.

خویندەڤانێن دەلال: تشتا مروڤ مەندەهوش و گوهشی دكە ئەوە، چەوا شێخ نورەدینێ بریفكی كاری‌یە ڤا هەموو گەلوازێن نڤیسینا دارێژە سەر بەربەران و بەهرا پتر ژیێ خوە د (خەلوێ)دە بوراندی‌یە!!

ل سەر ڤێ چەندێ ژی دبێژن: پانزدە سالان شێخ بێ

سەر و شوین و ووندابو و کەسێ تو ژ وی نەدزانی..!
وەرن د گەل هەڤ ڤێ هوزانا لەزەت یا ژ هش و بیر و خامێ بریفکی دەرهاتی ب خوینین:[1]
«غزل شیخ نورالدین قدس الله سره»[2]
یا رەب چەزانم هەیئەتێ
ئەڤ نارە یا گوانارە حوب[3]..
بەحث و بەیانا قیصەتێ
خوش قیصەت و گوفتارە حوب..
گوهدن بەیانا موجبەتێ
ڤێ مەسئەلێ و حیکمەتێ
هەرچی کو چاڤێ دل دەتێ
زانی چ خوش کردارە حوب..
موسا یەدی بەیظایە ئەو
یا عجزا عیسایە ئەو
یا قەیصەر و کیسرایە ئەو
یا واحد و لقهھارە حوب..
یا کاسیا چین بادەیە
یا جەوهەرا جانێ مەیە
یا بنکەیا مەی خانەیە
یانی ددلدا نارە حوب..
ئەڤ روح و جانێ بولبولە
یا عەندەلیبێ دل کولە
ئەو نێرگزە یا سونبولە
یا غونچەیا بر خارە حوب..[4]
ئەڤ باغە یانی گولشەنە
یا ظولمەتە یا رەوشەنە
فنجانە یا سەر پوشەنە
یا گولشەنە یا گولنارە حوب..
ئەڤ نورا عەرش و کورسی‌یە
ئەڤ جننە یا ئونسی‌یە
یا ئەو فەرشتا قودسی‌یە
عەقرەبە یانی مارە حوب[5]..

حەییادە یانی بازە ئەو
ئاڤ کپکە یانی قازە ئەو
یا مەرکەبا جەممازە ئەو
ئەو خرکوشە یا شەنقارە حوب..
یا ئەو عەصاب و تاجە ئەو
فاروورە یانی عاجە ئەو
یا باعثێ تاراجە ئەو
جانێ مەرا بسمارە حوب..
مسکێ سیاە کیسویە ئەو
کول دەستەنێ مەمویە ئەو[6]
ئەڤ صوبحە یانی روژە ئەو[7]
رەش توزە یا رەشمکارە حوب..
زنجیرە یانی سلسلە
رەشمارە یانی کاکلە
یا فەجرە یا بەرقا دلە[8]
یا بەدرە یا ئەنوارە حوب..
دەور ولبەدری عەقرەبە
کەنعانی چاھا غەبغەبە
یا سونبلا کاکل شەبە
یا عەقرەبا سەییارە حوب..
ئەڤ کیسوا زێرێ زەرە[9]
یا موصحەفا سێمین بەرە
سەرکوشە قولفا دلبەرە
مەیخانە یا خەممارە حوب..
یا بەرقەطا شەب تاری‌یە[11]
مەحبوبە یا نورانی‌یە[12]
یا ذەییقا دەووارە حوب[13]..
مەعشوقە یا عوششاقە ئەو
مەخلوقە یا خەللاقە ئەو
بەدرا سپی بەرراقە ئەو
یا لەعلە یا گوهارە حوب[14]..
ئەڤ کەعبەئو قبلا منە

**گول دەستە یانێ گول بنە**
**پیکا ژ دلداری تنە**
**یا نشتەدار شووارە حوب**[15] ..
ئەسوەد حەجەر بو حاجیان
شێخ مرید و صوفیان
مەیدان تژی کر نیکایان
ئەو حەیدەرێ کەرراە حوب[16] ..
حوب طالعە هەم کیمیا
هەر چی ژ دیلبەریت خویا
خوش قیسمەتە کاکل سیاە
یا مەهوەت و دلدارە حوب[17] ..
حوب جەوهەرێ ئەرواحە ئەو
یا روژە یا شەبباحە ئەو
مفتاحە یا فەتتاحە ئەو
قەهارە یا جەببارە حوب .
حوب خولدێ ئابێ کەوثەرە
یا نەینکا ئەسکەندەرە
حوب شاهـ و میر و بەگلەرە
یا زولفە یا طوراره حوب..
ئەڤ نەوبە یا دلسوزە ئەو
سەرپوشە یانێ کوزە ئەو
ئەڤ تیرە یا رەش توزە ئەو
یا دینە یا هشیارە حوب[18] ..
ئەڤ دینە یانێ عاقلە
دانایە یانێ جاهلە
طولازە یانێ قابلە
ئەڤ پاکە یا فوججارە حوب..
ئەڤ قەلبە یانێ روحە ئەو
کەشتی‌یە یانێ نوحە ئەو
یا جامەیێ مەشروحە ئەو
یا سینەیێ غەمبارە حوب[19] ..
ئیرشادە یانێ هادی‌یە
ئەڤ شامە یا بوغدادی‌یە
تەعلیمە یا ئوستادی‌یە
یا مورشدێ سالارە حوب..
سالارە یانێ رەهبەرە
ئەصحابە یا پێغەمبەرە
یانێ «الله» ئەکبەرە
ئیسلامە یا کوففارە حوب..
ئەڤ قوطبە یا ئیداله ئەو
جبریلە یا میکالە ئەو
عیرفانە یا ئەحوالە ئەو
مەذکورە یا ذەککار ە حوب..
ئەقلاقە یانێ کاتبە
ئیلهامە یانێ واهبە
عەللامە یانێ راهبە[20]
ئەڤ خەطە یا خەططارە حوب[21] ..
ئەڤ بەحرە یانێ حوتە ئەو
ئەڤ نەفطە یا باروتە ئەو
یا عەسکەرێ طالوتە ئەو
پر موجە یا ئەنهارە حوب..
لازم دزانم بنگە ئەو[22]
بەژنا شرین و شەنگە ئەو
خوش نایە یانێ جەنگە ئەو
یا غونغونا ئەوتارە حوب..
قەلبێ مەیە پر بیژە ئەو
دزانم دەماغا گیژە ئەو
چاڤێ‌مە دامع ریژە ئەو
یاسینە پروارە حوب[23] ..
و «الله» نزانم قەرقەشە
چشمێ سیەهـ خالارەشە
رفتارە یانێ بێ‌هەشە
مەخمورە یا خوممارە حوب..
بوشرایە یا مزگینە ئەو

فەرهادە یا شرینە ئەو
یانێ مەمویێ زینە ئەو
بەلکی مەلایێ ژارە حوب..
ئەڤ ئەوەلە یا ئاخرە
یا باطنە یا ظاهرە
ئەڤ حیکمەتە یا هەیبەتە
یا قادر و قەهارە حوب[24]..

پەراوێز:

---

1 - ئەڤ هوزانا ناڤبری بو جارا یەکێ دێتە بەلاڤکرن

2 - هوزان مە ژ دوو دەستنڤیسان دەرئانی‌یە یەك ژ وان لە ژێر نمرا یەك [1] مە دانایە کو بزاڤێن ژێکڤەکرنێ «الحرکات الاعرابیة» ل سەرن، و یا دن ل ژێر نمرا دوو [2] مە دانایە، لێ ئەڤ دوو رووتە ژ وان بزاڤان. چەند جودایی خویانە لە ناڤبەرا هەردووکان دە، ژ ڤێ یەکێ مە ئەڤ نەوەك هەڤی‌یە خویا کر د ڤێ پەراوێزێ دە.

3 - د دەستنڤیسا [1] پەیڤا «حب» یاکو عەرەبی بزاڤا بوڕ «حرکە الضمة» ل سەر پیتا «ح» ێ یە ژ ڤێ یەکێ مە ل شونا «بوڕە» ێ پیتا «و» ب کار ئانی‌یە، چونکی ب رێنڤیسا کوردی تیپێن عەرەبی ئەڤ بوڕە نە ل کارە، مە ژێ ژ تەنگاڤی «و» ب کار ئانی.

4 - د یا [2] دە:
ئەڤ غونچە یا بر خارە حوب.

5 - د یا [2] دە:
عەصایە یانی مارە حوب.

6 - د یا [2] دە:
کول دەستە و مەومویە ئەو، لێ ل ڤر دە دەنگەك کێمە.
د بنیات دە هەمو هەشت دەنگن، لف ڤر حەفتن.

7 - د یا [1] دە:
ئەو صوبحە یانی روژە ئەو.

8 - د یا [2] دە:
یانە فەجرە یان برقا دلە

9 - د یا [2] دە:
ئەڤ کیسویا زێرێ زەرە.

13/12/11/15 - ئەڤ هەر چار مالکێن ل سەری د دەستنڤیسا یەك [1]دە تونەنە.

14 - د یا [2] دە:
یا لەعلە یا مروارە حوب.

15 - د یا [2] دە:
ئەڤ نشتەدار شووارە حوب.

16 - د یا [2] دە:
ئەڤ حەیدرێ کەرراە حوب.

17 - د یا [2] دە:
ئەو مەهوەت و دلدارە حوب.

18 - د یا [2] دە:
یا دینە یا شیارە حوب.

19 - د یا [1] دە:
یا سینەیێ غوممازە حوب.
ئەڤ (غوممازە) هوزانێ لەنگ و سست دکە، چونکە هەموو هوزان ب هەڤرا سێ مالکێن پێش تێن وەکا هەڤن. لێ پاش ڤان مالکەك تێ ب یەك کێشە دگەل دووماهی یا هەر سێ مالکان. ژ ڤێ یەکێ ئەم دبێژن (غوممازە) نە ل کارە چونکە هەموو ب «....رە» ب دووماهی تێ وەکا: گوانارە.. دلدارە.

20 - دیا [1] دە:
عەللامە یانی عالمە.

21 - د یا [1] دە:
ئەڤ خەطە یا خەططاطە حوب.

22 - د یا [1] دە:
ئەز پێ دزانم بنگە ئەو.

23 - د یا [1] و یا [2] دە دەنگەك کێمە.

24 - دیا [1] دە:
یا موقتەدەر و قەهارە حوب.

## گەرمترین دەنگ وباس

● مراد خواز ●

سەرگوڤەندی
دەهوەتا بێ دەلنگان
دوهی بۆ پاپایێ فرەنگ
سەبەتانا ہلیاکەتان
کرە مەیدانا سەرگێرا

●

ژ گۆتنا ئاشی‌یێن ئەڤرو
دلێ سیپەلا خەمان
رۆژەنیڤرو ژ خەو راکری
ئارینوکا ل هەمیێ گرتی
ئەڤرو ل سەر کۆدەلا ئاشی
هەڤرانێ کوڤانێن سالان
بستە دهێرا

●

دەنگە وباسێن مسرێ دبێژن
: بینا مووسای ..
جەنابێ رەمسیس دژخەوکر
ئەڤرو هامانێ سەرپیل
چەند سەرەك
کرنە خێر ژێرە!!

●

پەلەئەورێن راسەرێ مە
مرووت شینن
قال وقرێن زڤستانان
سالێ بۆ سالێ
خەلا گێرا

●

گەنمێ دەستێ بوو قەلاتك
ژبرسان گەلە دل شۆبەبوون
بانگە هلدێران، بانگە هلدێرا
: ئاشووتا شیلماق و گەندێ
کەتە خێرا

پەیڤێن گران: سەرگوڤەند: سەرچۆپی‌کێش
بێ دەلنگ: بێ‌شەرم
پاپایێ فرەنگ: ناڤێ وی گەلە دچیرۆکێن کوردی‌دا هاتی‌یە.
سەرگێر: فتنەچی
ئاشی: کەسێ دچتە ئاشی ژبۆ هەڤرانێ خوە بهێرت
سیپەل: شە.پۆل
رەمسیس: فرعەون
دژخەو: «مۆرق»
سەرپیل: سەرنخوون، سەرشۆر
راسەر: هنداڤ
مرووت: نەعیم
قەلاتك: گەنمێ سوتی‌یە
شۆبەبوون: خاڤ بوون
ئاشووت: شپنە، رەنی یا بەفرێ

# گریانی بەردان

شیعری / ئیبراهیم هەورامانی

شەوانی پڕ نەهامەتی و
ئێش و ئازار جێ ئەهێڵم.
قیژم لە بێ دەنگی دەبێستەوەو
جارێکی‌تر دەستەمۆی تەنیایی نابم
* * *
ئەی چراخانی تەمەنم
هەروا بەبێ دەنگ بەجێت ناهێڵم.
سەرم دەکەمە کۆشی هەناوت و
لەپاڵ دارێکا....
گوێ بۆ ئاوازی باڵندان دەگرم.
● هۆ باڵندەکان گۆرانی بڵێن
وا بۆ کۆتایی من دێمە لاتان.
تا خەمی عومرم بسڕێتەوەو
لە ئامێز ئانا ڕوو بکەمە ژیان.
* * *
ئەمشەو، دارستان تێکەڵ من دەبێ.
منیش گۆرانی بۆ چراخان ئەڵێم.
ئەمشەو من دەبمە باڵندەیەك و
لە هەر قوژبنی ئەم دنیایەدا..
بێ دەنگی هەبێت.
شیعری دەکەمە مشتێ ئاگرو
گڕی تێ بەر دەدەم

# چاوەڕوانی

- شێروان حەسەن حوسێن -

زاری ووشەم دڵ تەنگ دەبێ
ڕۆژ لەدوای ڕۆژ
چاوو دڵم گەورە دەبێت
لەئازوخەو:
بەرێنگی ئێوە دەسووتێم
کەچی هەردێم
ئابازووی کەمچەقی بڕوام
لەسەر پێلوی
ئامانجتان خۆی ببێنێ
من دێم
ئاهێزوتێن لەبەر مابێ
ئائەشقی سەوداسەری تو
لەدڵمابێ
جێگیانە
هەرکەهاتی
دەمی چاوەڕێی من بکە
لەسەرەڕێ
لەوانەیە بگەمەجێ!




# نۆ حاڵەتی خەمی شەوان

* نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد *

**حاڵەتی یەکەم:**

تۆ شەوانە ئەستێرەی خەمم بەسەردا دە بارێنی...
فریشتە رەنگینەی عەشقیش، لەگەڵ گۆرانیەکانی داریوش ـ
دا

دەکەوێتە سەمای ڤاڵس و،
دەمباتە ئەودیو دنیای خەیاڵاتەوە...
چ هێزێکی ئەفسووناوی بوو
منی بەرەو لای تۆ راکێشا؟

*

**حاڵەتی دووەم:**

سەدای ئاوازی دەنگی ناسکت
تێکەڵ بەشیلەی حەزو خۆشەویستی من دەبێ،
وەرەو... سەرت بنێ بەسەر سینەمەوە
گوێ بۆ زایەڵەو ترپەی دڵم هەڵبخە

چۆن ئاوازێکی عاشقانەت بۆ دەچڕن...
چۆن گرێکە کڵپە دەکات،
کەسەر دەنێمە سەر سینەت
گوێم لەهاوارو ناڵەی گریانی دڵتە،
دڵ بۆ دەگری؟
لەکاتێکا خاکی دڵم، گوڵی سوورت بەبەرۆکا

هەڵدەواسیٚ...
کچیٚ بەقەد خوٚم خوٚشم دەوێ‌ی،
خوٚمم لەلا بووە بەتوٚ،
توٚش دنیایەکی ئەوەتە ئەتبینم و
عەشقت بوٚتە شارەگێك و
بەجەرگ و دڵی منا چوٚتە خواریٚ!..

*

**حاڵەتی سێیەم:**
چوٚن دەستی ئوٚخەی بەسەر قژو لاملتا نەهێنم؟
لەتوٚ زیاتر ،کەس ماچ ناکەم،
لەتوٚ زیاتر ،کەس شك نابەم ،دڵی هەڵکڕوزاوم فێنك بکاتەوە
لەتوٚ زیاتر ،کەس شك نابەم ،ئاهو هەناسەی من هەڵمژیٚ
لەتوٚ زیاتر ،هەناسەو شیلەی دەمی کەس نامژم...
کچیٚ ئاخر فێرت کردووم
کوٚتری زمانم لەهێلانەی دەمی توٚدا هەڵنیشیٚ و
بێن بنیٚ بەزمانی توٚداو، تێر بخواتەوە!..

*

**حاڵەتی چوارەم:**
دارستانی دڵی سەوزم دیسان چڕوٚ دەردەکا،
هێشتا ئاسمانی دڵی من
هەزاران ئەستێرەی عەشقی توٚی تێدایە...
دارستانی ئەوینی توٚم زوٚر خوٚش دەویٚ
بوٚیە، شەونمی ئەوین لەچاوانمدا
دەڕژێنە سەر گەڵادرەختی دڵی گەرمت!

*

**حاڵەتی پێنجەم:**
ئەمشەو فریشتە رەنگینەی عەشقت
سەمای ناو خەونەکانمی دەکرد،
ئاسکێکی ژیکەڵەو جوان ئاسا، لەبەردەستم هەڵدەهاتی!

*

**حاڵەتی شەشەم:**
ئەمشەو لەخەوما راموسانی باڵات بووم
«شەمشەو لە خەوما عاشقانە ماچم کردی»،
توٚ لەلای من، شاخیٚ باڵانومای عەشقی خەمی
بەلام خەمیٚ شیرین...
توٚ عەشقێکی دێرینی منی،
لەمێژە خوٚت لەپەساری دڵی مندا حەشار داوە،
ئەوا ئێستاکانیٚ:
خوٚت بەباڵای بەرزی درەختی ئەوینی دڵم
هەڵپەساردووە!

*

**حاڵەتی حەوتەم:**
شەوانــە، دەسـت لەمـلی شەوی سووری خەونـەکـانـم دەکەی، جێم ناهێڵی...

*

**حاڵەتی هەشتەم:**
شەوانە، ئاپێلووی چاوەکانم قورس دەبن
ئەستێرەی خەمەکانت دەژمێرم...
توٚش دەبیتە میوانم و ،ئاسبەینیٚ دەمدوێنی...
شەوانە، ئاخەو لەچاوانم دەکەویٚ
ئەستێرەی خەمەکانم دەژمێرم...
توٚش دەبیتە میوانم و ،گوڵ بارانی شیعرم دەکەی...
شیعریش سەری شەیدام جیٚ ناهێڵیٚ!

*

**حاڵەتی نوٚیەم:**
ئاهـ...خەمێکی گەورە وابەسەر دڵمەوە...
لەهەموو ساتەوەختێکا
خورپەیەکی «دێرین» بەدڵما رەت دەبیٚ،
ئاوێزانی عەشقە پاکەکەی توٚ دەبیٚ!...

*

**● ئەمـە نوٚ حاڵـەتی خەمی شەوێکـە، لەشـەوێکـدا تووشی حاڵەتی خەمی جیاجیا بووم ،ئەم شیعرەش کەوێنەی جیاجیای گرتوٚتە خوٚی، لەدایك بووی خەمی ئەو شەوانەیە...**




# نامەی ژیان

نووسینی: ساجد ئاوارە
لەسەر نووسینی: کمال غەمبار

تا ئێستا کۆمەڵێك نووسین و لێکۆڵینەوە لەسەر نالی و سالم بڵاو کراونەتەوەو جاروباریش بەلای کەمالی و ناطیق لەم لاو لەو لا ئاورێك دراوەتەوە.

بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەل لەسەر دوو کەڵە شاعیری کلاسیکیمان «نالی و سالم» لەڕوانگەی دوو

چامەکەیانەوە و بەراوردی کردنی نێوانیان و لەبەرتیشکی هەردووکیاندا دوو چامەکەی کەمالی و ناطیق شی بکرینەوەو بەراوردکاریان لە نێوانیاندا بکرێ، بەوجۆرە نەکراوە کە مامۆستا «ساجد ئاوارە» کردوویەتی هەڵبژاردنی «نامەی ژیان» بۆ نووسینەکەی پڕ بەپێستی بابەتەکەیە کە لێی دەدوێ و شانی داوەتە بەر، چونکە بەراستی و دروستی هەرچوار چامەکە نامەی راستەقینەی ژیانی ئەو بارو زرووفەو رۆژ گارەن و رەنگدانەوەی واقیعی ئەو سەردەمەن کە هەریەکە بە پێی روانین و باری سرنج و بۆچوونی خۆی لەسەردەمەکە دەدوێ و رادەی راستگۆیی و رەسەنیی هەر چامەیەك لە چامەکانی هەر چوار شاعیر، نووسەر بۆمان روون دەکاتەوە.

هەرچەندە کە دوو چامەکەی (کەمالی و ناطیق) کت و مت ئاوێنەی بێ گەردی سەردەمەکەنین.

ئەوەی کە نرخ و بەها بەنووسینەکەی کاك ساجد دەدات پەیرەوکردنی پرۆگرامێکی ئەکادیمیانەی زانستیانەیە، کەشیعری شاعیر لە دەوروبەر جیا ناکرێتەوە، وەك ووتراوە «شیعر ئاوێنەی ژیانە». بۆ پتەوکردن و پاڵپشتی کردنی بۆچوونەکەی نووسەر بۆ نموونە لەم رووەوە رای «دکتۆر طه حسین» دێنینەوە کە تا چ رادەیەك شاعیر بە واقیعی ژیان دەبەستێتەوە. دکتۆرە سهیر القلماوی لە نووسینێکدا لە ژێر ناوی «طه حسینی مامۆستام»دا دەڵێ: لە بیرمە کە من یەکەمین قوتابی کچ بووم لە کۆلێجی ئەدەبیات داوام لێ کرا باسەکەم لە بەردەم قوتابیاندا بخوێنمەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش لێی بکۆڵنەوە... لەسەرەتادا زمانم تێك ئالا پاشان ترسی سەرەتا رەوییەوەو بەردەوام بووم.

باسەکەم لە بابەت «طرفة بن العبد»ەوە بووو، ووتم:

ـ من پەیوەندیم بەوەوە نیە کە طرفة بن العبد جاهلی بێ یا ئیسلامي یا تەنانەت نوێ کەرەوە بێ، مادامەکی شیعرەکەی ئەمەیەو لە زەت و خۆشی یەکی نوێ کەرەوەی تیا دەبینم، چونکە وێنەی دەروونی مرۆڤایەتی و کار دانەوەی ئایدیای مردنی حەتمی لە دەروونی لاوێکی هەڵشە لە کۆری خۆشەویستی و شەڕو شۆردا دەکێشێ..»

کەچی مامۆستاکەم ووتی:

ـ هەی ئافەرین، کە وابێ خاتوون تۆ بۆ هاتوێتە کۆلێجی ئەدەبیات؟

تۆ لە ماڵەوەش دەتوانی ئەم خۆشی یەت دەسکەوێ. ئێمە لێرەدا لە شاعیرو لە سەردەمەکەی و لە پەیوەندی بە سەردەمەکەیەوە دەکۆڵینەوە...

ساجد ئاوارەش بەهەمان رێباز هەنگاو دەنێ. جارێ لە پێشەوە شارەزاییەکی تەواوی لەژیان و هەڵسی و کەوت و دەوروبەری کەمالی و ناطیق هەیە. لە نزیکەوە دەیانناسێ. هەروەك خۆی لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسیویەتی پەیوەندی لەگەڵ کەمالی دا، دەگەڕێتەوە بۆساڵی 1950دا هەتاکو 1974، هەروەها «ناطیق»

کە کورەکانی هاورێ بوون و تێکەڵ بە خزم و خۆیشی بووو، دەچووە ماڵەکەی.

تەمەنی دوو چامەکەی کەمالی و ناطیق دەگاتە (34) ساڵی رەبەق، لە دوو چامەکەدا چەند خاڵێکمان بۆ روون دەکاتەوە.

وەك داب ونەریتی دانیشتوانی هەڵەبجە لە پەنجاکاندا، هەروەها راڤەکردنی ئەو جێگاو شوێنانەی کە ناویان هاتوون و ئەو مرۆڤانەی ناویان هەیەو باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری و رۆشنبیری ناوچەکەو بەراوردکردنی هەندێ دێر لەگەڵ دوو چامەکەی نالی و سالم دا.

لە دوو چامەکەی «نالی و سالم»دا داب و نەریتی سلێمانی لە سەردەمی بابانەکان و راڤەکردنی ناوی ئەو شوێنانەی لە، دووچامەکەدا هاتوون و بەراوردکردنی هەندێ لە دێرەکانی چامەکەی نالی و سالم لەگەڵ هی «کەمالی و ناطیق»دا.

بەشی یەکەمی کتێبەکە بەسەر چەند تەوەرەیەك دا دابەش دەکات، وەك کەمالی، کەمالی و ناطیق، نالی و چامەکەی، سالم وچامەکەی، ناطیق، نالی و سالم، دەقی چامەکەی نالی، دەقی چامەکەی سالم.

لە بابەت کەمالی یەوە کورتەیەك لە ژیانی دەخاتە ڕوو ،کە پەیڕەوی کە لە شاعیرانی کورد «مەحوی و سالم» دەکات و مەفتوونی شیعرەکانی (نالی)یە. لێرەدا نموونەیەك بۆ ئەو پەیڕەوکردنەی دەهێنینەوە کە دەڵێ:

لە ریزی شاعیرانە بۆیە من ئەمڕۆ سەر ئەفرازم
لە شاگردانی بەزمی حەزرەتی مەحوی شەکر رازم
لە پاش مەحوی هەمیشە پەیڕەوی سالم ئەکەم
لکن بە دڵ زۆر عاشقی هەڵبەستی ناری نوکتەپە روازم

لە بابەت (ناطیق) یشەوە چەند دێرێکی نووسیوە ،کە لە ژێر حوکمی کار بەدەستانی عوسمانیدا بەر (سەفەر بەر) کەوت و واقیعی تفت وتاڵ و ئەشکەنجەی ئەو ماوەی کە تیایا بووە لەم چوارینەدا دەردەبڕێ کە دەڵێ:

سەر گوزشتەی چەرخی فەلەکی بێ سەرو پاخۆم
ئاوارەی شام و حلب و حمص و حما خۆم
پا ماڵی هەمو ـ هجرانی زەمانە
مستغرقی دەریای غەم و جەورو جەفا خۆم

لەبابەت «کەمالی و ناطیق» ەوە ئاوارە بۆ ئەو ڕایە دەچێ کە جیاوازی دەساڵ تەمەن لە نێوان هەردوو شاعیردا گۆڕانێکی ئەوتۆ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕوشنبیری کۆمەڵگای ئەو سەردەمە بەدەستەوە نادا ،بۆیە ئاستی هەردوو شاعیر لایەنی کەلچەرو ڕۆشنبیریان یەکسانی یە هەردووکیان بە شیعری کلاسی یەوە بەستراونەتەوەو لاسایی کەرەوەی «محوی و سالم و نالی »ن و لە ڕێبازەکەدا لایان نەداوە. کەمالی و ناطیق ژیانی نامۆیی و ئاوارەیی دەچەژن بەدەست تورکانەوە، ناطیق (حمص و حما)و (کەمالی) ئێران دەبینێ. نالی سەودا سەرو نامۆ دەبێ و دەڵێن لە حەلەبەوە بۆ سلێمانی دەنووسێ، (سالم)یش بە لە ناچوونی «بابانەکانەوە» لە دەروونەوە نامۆ دەبێ و «ئێران» دەبینێ و وەڵامی چامەکەی (نالی) دەداتەوە.

ئاوارە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دەبێ ئاگاداربین کە ئەو مەبەستی دەرخستنی خەوش و کەمو کووڕی دوو چامەکەی کەمالی و ناطیق نیە کە خوێنەر وا تێ نەگات (کەمالی و ناطیق) کت ومت لاسایی (نالی و سالم) یان کردوتەوەو بەرهەمەکانیان جویوەتەوە.

بۆ دەستنیشان کردنی لایەنە گرنگەکانی شیعری هەرشاعیرێکی کورد سێ لایەنی ڕەسەنی بەیەکەوە بەستراو دیار دەکات. زانینی سروشتی تایبەتی کات و باری زرووفی کۆمەلایەتی و ئابووری و رامیاری سەردەمی شیعرەکە، حەزو ئارەزووی شاعیر ورەسەنی جوانکاریی هونەرەکەی و فراوانی رایەکانی، تێبینی رادەی زمانناسی شاعیرو وەستایی هونەرمەندی لە دەرخستنی بیرەکانی دا.

بە پێی ئەو خاڵانە، دەقەکەی (نالی) بۆ باری کۆمەڵایەتی و دەقەکەی (سالم) بۆ باری (رامیاری). جیاوازی یەکی دیار لە نێوان سەردەمی (نالی و سالم)و (کەمالی و ناطیق)دا هەیە.

سروشتی هەردوو سەردەم و مۆرکی حوکمرانی جیان. کەمالی و ناطیق باری کۆمەلایەتی چینایەتی دەرناخەن، چونکە هەستی چینایەتیان نەبوە. بۆیە ئاوارە هەوڵی ئەوە دەدا کە بگاتە ئەو ئەنجامەی کە (نالی و سالم) چ کارێکیان کردوتە سەر دوو دەقەکەی (کەمالی و ناطیق) بەڵگەش بۆ ئەو سۆراخ و لێکۆڵینەوەیە هەردوولایەنی روخسارو ناوەرۆکە، کە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە لێکچواندن و لاسایی کردنەوە بە دەستەوە دەدەن.

وادیارە (نالی) هەست بە نامۆیی دەکات و دوورەو وڵات دەبێ و نامۆیی بۆ بلیمەتێکی وەکو (نالی) ستەمە، نامۆیی یەکە دەیوروژێنی و نامە بۆ شاری سلێمانی دەنووسێ و چامەکە لە کاروباری سیاسی ، بەسەرهاتی بابانەکان نادوێ. هەواڵی ئەو شوێنانەی پرسیوە وەختی خۆی لەوێ رایبواردوە. خۆی گۆشە گیرو بێ لایەن بووە، کارەسات قورس بووەو بەرگەی نەگرتوەو سەری خۆی بۆ شام هەڵگرتوە.

لە بابەت سالم و چامەکەیەوە، ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە سالم سوور بوە لەسەر کردنەوەی (بابانەکان)، دژی عوسمانیان بوە، بە پێی مۆرکە چینایەتی یەکەی

ئەوەی نەداوەتە دەست کە دەبێ کوردی بابانیان دەسەڵاتیان هەربمێنێ و سنووردارییەتی ی ئەمارەتیان بەسەر بەخۆیی بپارێزرێ. ئەوەش نابێتە خەوش بۆ (سالم)ی بە هەرەوەری تێگەیشتووی ئەوکاتە. بەڵام سالم بە چاوی خۆی ڕووخاندنی میرنشینی بابانی دی بارە ناهەموارەکە دەیهێنێتە جۆش و خرۆش، هیچ شاعیرێك لەو حاڵەتەدا بەوناگات ئەوەتا دە لێ..

لیم گەڕێن با گۆشەگیر بم دەستەو ئەژنۆ کەف زەنان
گێژە لووکەی بای نەدامەت تاری کرد صفحەی جهان
صاعقەو بەرقی نحوو...، ظلمەتی شرق و غرب
بەردە بارانە بە مخصوصی لە سەر مولکی بەبان

مامۆستا ساجد ئەو هۆیانەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە پاڵیان بە (سالم)ەوەناکە خۆی لە هەموو کەسێ شیاوتر بزانێ بۆ وەڵامدانەوەی چامەکەی (نالی) وەك بڵێی بە تایبەت بۆ ئەو هاتووە، هەرچەندە کە چامەکە بەگشتی بۆ سلێمانی هاتووە، بەڵام ئەو بۆتە خاوەنی وەڵامدانەوە.

لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا دوو چامەکەی کەمالی و ناطیق لە ژێر تیشکی دوو چامەکەی (نالی و سالم)دا شی دەکاتەوە، کە هەریەکە بۆ ناردنی نامەکەی پەنای بردوتە بەر چ هۆیەك کەمالی وەك نالی نامەی شیعر بە با دەسپێرێ ئەوە لە کاتێکا هاتوچۆ، ڕۆژانە لە کەرکوکەوە بۆ هەڵەبجە بەردەوام بوو. وەك نالی ناوی شوێنی و دەوروپشتی شاری سلێمانی دەبات. کە مالیش هەروەتر ناوی دوو جێگای خۆشی نزیك هەڵەبجە دەپرسێت. وەك نالی دەپرسێت کە- مالیش لە ڕێبازگەی نالی لاناداو لە ناطیق دەپرسێ، نالی بە خامە ڕەنگینەکەی نەخشەی جوانی سروشتی سلێمانی دەکێشی، کە مالیش باسی بەهاری هەڵەبجە دەکات.

نالی لە غەریبایەتی یەوە ڕوودەکاتە دڵدارەکەی کە خاکی پاکی کوردستانەو شوێن ناوچەی شارەزووره هەوارگەی شاری سلێمانی یەو دەڵێ.

حالی بکە بەخوفیە کە ئەی یاری سەنگە دڵ
نالی لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور

کەمالیش تاسووقی شنەوشەماڵی کەژی (شنروێ) تەڕی چەم و جوگەکانی دەوری هەڵەبجە شوێنە دڵگیرەکانی یەتی ودەڵێ:

کەمالی زەوقی نەماوە بەچاوی تۆ ناطیق
بە یادی تۆوە ئەکا، ئەم قەصیدەیە، إنشا
دەمێکە تووتی تەبعی خامۆش و بێ دەنگە
لە شەوقی شیعری شەکر باری تۆ ئەبێ گۆیا

لە چامەکەی (ناطیق)دا کاك ئاوارە دەپرسێ ئایا دەبێ (ناطیق)یش وەك دۆستەکەی خۆی کە (کەمالی)یە، ئەو چۆن چامەکەی (نالی) کاریگی بنەرەتی کردبووسەری و لە نامەکەیدا کت ومت لە هەندێ وێنەو مانادا نەك پەیڕەو بەڵکو چاوی لێ کردنیشی لێ بەدی کرا، دەبێ (ناطیق)یش لە وەڵامی نامەکەی (کەمالی) ئەویش پەیڕەو وکارتێکردن و لاسایی کردنەوە بەدی بکرێ؟!

دێر بەدوای دێر بەراوردی ناطیق و سالم دەکات، لە خۆشەویستی نالی یەوە سالمیش گیانی خۆی قوربانی (با) دەکات، هەروەها ناطیقیش هەمان حاڵەتە، وێنەو دیمەنی هەردوو شاعیر لە یەك دەکەن، ئەگەر سالم مەبەستی پاراستنی شاعیرێکی گەورەی وەك نالی بێ کە کەڵکەڵەی کەوتۆتە سەری بۆ گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، ئەی (ناطیق) چ بەڵگەی ڕووداوی ترسناکی پێیە کە ئەگەر هات و کەمالی بگەڕێتەوە شاری هەڵەبجە گیانی دەکەوێتە مەترسی یەوە.

بەشی سێیەمی کتێبەکە بریتی یە لە سرنجێکی ووردوقووڵ لە باری ژیان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و نەریتی دانیشتوانی دەشتی شارەزوور لە سەردەمی (نالی و سالم)و «کەمالی و ناطیق»دا

لە پێشەوە ڕووناکی دەخاتە سەر (سەردەمی نالی و سالم) کە سروشتی حوکمرانی چۆن بوو، واقیعی کۆمەڵگای کورد لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاریەوە لە چ پلەیەك دا بوو کە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی

عوسمانی، کوردستان لەو کاتەدا چۆن بیووە چێڵێکی شیردار تا دەدۆشرا ووشک هەڵاتوو دەبوو. ستەمکاری دەسەڵاتداریتی‌ی بیانان و زولمی سوڵتان و والی‌و ئاغاو مولکدارەکانی کورد بەرامبەر گەداو هەژارو بێ دەرامەتی کوردان مێژوو بێ شەرم بۆمان دەگێڕێتەوە. هەروەها نەخوێندەواری‌و بێ سەوادی تا چ رادەیێ تەشەنەی کردبوو، کونجێ لە کوردستان نەمابوو کە جادووگەرو ئەفسوون بازوفاڵ گرەوەی دەست کردی خۆیان تیایاندا نەبووبێ، ئەمانەو بڵاو بوونەوەی پەتاو جۆرەها نەخۆشی‌ی کوشندە ،جگە لە نەخۆشی‌و نەهامەتی‌ی کشتوکاڵ و شینایی سالی 1830 نەخۆشی کولێرا بەناوشارو دیهاتی کوردان دا بڵاوبۆوە کە کوردانی پۆل پۆل دەکوشت.

ژیانی (سالم و نالی) بەسەد ساڵان پتریش لە ژیانی سەردەمی (ناطیق و کەمالی) بەدوور بوو. هەردوو شاعیر لە ناخی هەموو بارەکانی

سەردەمی ژیانی خۆیان توا بوونەوە، لە ناخەوە سەمتی رامیاری‌و پەیوەندیی بیروڕای ناو کۆمەڵگاو باری ئابووری سەردەمی خۆیان زۆر چاك زانیوە وەستایانە لە ناوەرۆکی شیعرەکانیاندا دایان رشتوە. بەم کارانە دەرك بە جوانکاریی هونەری هەردوو چامەکەی (نالی‌و سالم) دەکەین.

لە سەردەمی کەمالی‌و ناطیق دا، لە بابەت مەڵبەندی شارەزوورەوە لە ئاینی کۆمەڵگاکان، لە شارو ئاوەدانی، لە بیروبڕاو داب و نەریت و دەستوور، لە جۆری فەرمان رەوایی بەسەر وولات ڕاگە یشتن، لە ئاسەوارو شوێنەوارو کۆنینەی دێرین وزۆر بابەتی تر دەدوێ، وەك شارەزایەکی مێژوو و لێکۆڵەرێکی کۆمەلایەتی وئابووری زۆر لایەنی ئەو ناوچەیەمان بۆ شی دەکاتەوە، واقیعی ناوچەکە بەروونی دەستنیشان دەکات کە لەگەڵ بەراوردکردنی باری ژیانی کوردەواری لە سەردەمی (نالی‌و سالم)دا جودایییەکی تەواو بەدی دەکرێ. بۆیە دوو چامەکەی (ناطیق و کەمالی) رەنگدانەوەی تەواوی واقیعی سەردەمەکەی هەردوو شاعیر نین، بیرۆکەی دوو چامەکەی (نالی‌و سالم) ژانی گەلی کوردن، لەبەر ئەمەیە رەسەنیەتی ئەو دوو چامەی نەمر کردوە. بەڵام دووەکەی (کەمالی‌و ناطیق) نەزۆکن، تەنیا بۆ پەیرەو پێ کردن و لاسایی کردنەوەی دووچامەکەی (نالی‌و سالم) گوتراون.

بەشی چوارەمی کتێبەکە گوزارەو راڤەکردنی دوو چامەکەی (کەمالی‌و ناطیق)ە. یەك بەیەك بەناو دێری دوو چامەکەدا شۆڕ دەبێتەوە، ڕووناکی دەخاتە سەرئەو دیوەی کە تەمی لێ نیشتوە یاخود بەلای خوێنەرەوە ڕوون نیە، خۆی شارەزای ناوچەکەیە، پێ بەپێ، بست بەست ئاشنای دەروون و باری ژیانی هەردوو شاعیرو، باری ناوچەکەیە کە هەردوو شاعیر بۆی هاتوونەتە جۆش.

لە کۆتایی کتێبەکەیدا پاشکۆیەکی بۆ ناتەواوی لە دوو چامەکەی (کەمالی‌و ناطیق)دا رێکخستوە. چونکە خۆی لە نزیکەوە هەردوو شاعیری ناسیون هۆی ناتەواوی‌یەکان دەردەخات. بۆ ئەوەی باسەکەی مامۆستا ساجد پتەوترو بەکەڵك ترو دەوڵەمەندتر بێ پەیوەندی بە چەند کەسێکەوە کردوە، زانیاری باش باشی لێوەرگرتوون ،ئەم کارەش دەمانخاتە بەردەم رەنج و تەقەلای لێکۆڵینەوەی مەیدانی کە نووسەر چ تەقەلایەکی داوە کە باسەکەی بەبەڵگەو بیروڕای بەکەڵك پتەو بکات، سەرەرای دیداری کردنی لەگەڵ ئەو زاتانەی لە کۆتایی کتێبەکەیدا ناوی هێناون، کۆمەڵێك سەرچاوەی ناو هێناوە بەمەوە، ئەو بەرهەمەی نووسەر بە شانازی‌یەوە جێگای خۆی لە ناو کتێبخانەی کوردی دەکاتەوە. لێکۆڵینەوەو ساغ کردنەوەی شیعر کارێکی ئەوەندە ئاسان نیە، بەڵکو هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری گەرەکە.

نووسەریش لەم ڕووەوە دریغی نەکردووە، بۆیە نووسینەکەی سوودێك باش بەو لێکۆڵەرانە دەبەخشێ کە بە دوای لێکۆڵینەوەو ساغ کردنەوەی شیعری کلاسیمان دەگەرێن و ڕێگە خۆش دەکات بۆچۆنیەتی بابەتی لێکۆڵینەوەی شیعر ،بە پێ‌ی ئەو بەرنامەو پروگرامەی مامۆستا ساجد پەیرەوی کردوە.

# راپۆرتی رۆشنبیری بەیان

## راپۆرتی هەولێر

- شێرزاد عبدالرحمن -

بزووتنـــەوەی رۆشنبیـــری لە شاری هەولێـردا، مژدەی بەردەوام بوون و تەکـان و بەرەو پێشـەوە چون و هەنگـاونانی تازەتری لێ دەکرێ، لەم بزووتنەوە سەرفیرازەشدا، گەلێك دەنـــگ و توانـــاو بەهـــرەی نوێ دەم دەکـــەنـــەوەو روو لە پاشەرۆژ ی رووناك دەکەن.

مانـــگ نیـــە لەم شارە خنجیـــلانـــەدا، چەندان کۆرو پیشانگاو شانۆیی پێش کەش نەکرێن و ئەوەی لەم راپۆرتەدا باسی دەکەین چەپکە شلێرەیەکی ئەم بزووتنەوە بەردەوامەیە دەزگاکەمان و گیانی نەمری کاوێس ئاغا...

لە ئێـــوارە کۆرێکی ئەم دەزگـــایـــەی خۆمـــان، دەزگـــای رۆشنبیـــری و بلاوکـــردنـــەوەی کوردی و لە نێوان ئەو چالاکی یە بەردەوامانەی لقی هەولێر، دەیخەملێنێ، - کاوێس ئاغا - ی هونەرمەندو لاوك بێژو نەمر، بوەمیوان و گیانی لە نێوان باسێکی رەنگینی مامۆسـتا جەلال حسن خۆشنـاو زیندوو بۆوە، کە لقی هەولێری دەزگا بۆی رەخساند، بەرلەوەش، مامۆستا محمود زامدار بەزمانێکی رەوان و عاشقانە، دەستی کرد بە کردنەوەی کۆرەکەو بایەخی خەملاندنی ئەم چەشنە لاکـردنـەوانـە بەرامبـەر بە هونـەرمەندێکی ژانگرتووی وەك کاوێس ئاغـــا، دوای ئەوەش، باســـی لە گەورەیـــی ئەم هونـەرمـەنـدە کرد لە بواری کاروانی بەردەوامی بزووتنەوەی هونەری کوردی.

ئەنجا کاك جلال ملا حسن، لە نێوان باسێکی درێژدا، کە نیشـانـەی هیلاکی و گەرانی ئەم باسـەی پێوە دیاربوو، پەنجـەی بۆ چەنـد لایـەنێکی ژیـان و تاقی کردنـەوەی ئەم هونەرمەندە کێشاو دەتوانین باسەکەی لەم چەند لایەنە کۆ بکەینەوە:





1 - کاوێس ئاغا 1889 - 1936 بنەماڵەکەی لە تیرەی «ماڵەبی»یە کە تـەنەکە لە لقی - سیران -.

2 - هەر لە منـدالـیـــەوە، لاوکی کردووە بە هەوێنـی

خۆشه‌ویستی خۆی‌و دیمه‌نی سرووشت کاری تێ کردووه.

3 ـ پێش جه‌نگی یه‌که‌می جیهانی وازی له ژیانی کۆچه‌رایه‌تی هێناوه.

4 ـ دۆستایه‌تیه‌کی گه‌وره‌ی له‌گه‌ڵ شێخ محمودی نه‌مردا هه‌بووه‌و گه‌لێك جاریش خه‌ڵاتی کردووه.

5 ـ کاوێس ئاغا هه‌ستێکی نه‌ته‌وایه‌تی گه‌وره‌ی هه‌بووه‌و له ناوجه‌رگه‌ی کاره‌ساته‌کان گۆرانی‌و لاوکی هۆ نیوه‌ته‌وه.

6 ـ زۆربه‌ی لاوکه‌کان له هه‌ردوو هونه‌رمه‌ند حه‌سۆوحه‌مۆ فێربووه.

7 ـ له ساڵی 1930 کاوێس ئاغا لاوکه‌کانی له‌م شوێنانه تۆمار کردوون: کۆمپانیای بێزافۆن، نعیم، نایف، 50 لاوکی تۆمار کردووه‌و له گوندی ـ هه‌ر شه‌م ـ کۆچی دوایی کردووه.

پیشانگایه‌ك و زیاتر له هه‌ڵوێسته‌یه‌ك...

پیاوێکی به ته‌مه‌ن پیرو به کۆشش و به‌رهه‌م جحێلێکی به توانا و له‌سه‌ر خۆ، له نێوان 42 تابلۆی هێمن، که‌وته گێرانه‌وه‌ی خۆی، که‌وته باس کردنی ناخی خۆی‌و که‌وته باس کردنی ناخی خۆی‌و لێکدانه‌وه‌و تێ ڕوانینی به‌رامبه‌ر به سرووشت و جوانی‌و مرۆڤ.

ئه‌مه‌ش له نێوان ئه‌و پیشانگایه‌دا که کۆمه‌ڵه‌ی وێنه‌گرانی عیراقی بۆ هونه‌رمه‌ند عزیز سلیم کردیه‌وه توانا و لێ هاتوویی ئه‌م هونه‌رمه‌نده له روح سووکی‌و ده‌ربڕینذایه، هه‌روه‌ها په‌یوه‌ندی قووڵی ئه‌م هونه‌رمه‌نده به سرووشته‌وه‌که وه‌ستایانه به فڵچه‌ی ناسك وێنه‌ی کێشا بوو له نێوان کۆمه‌ڵێ تابلۆی ریالیزمی ره‌نگاوره‌نگ.

هونه‌رمه‌ندی ناوبراو له ساڵی 1917 له ناوچه‌ی پشده‌ر له دایك بووه‌و خوێندنی ته‌نیاله‌حوجره فێربووه‌و له‌سه‌ره‌تادا به وێنه‌کێشانی سرووشت ده‌ستی پێ کردووه، له هیچ قوتابخانه‌یه‌کی هونه‌ری نه‌ی خوێندووه، به‌ڵام به‌رده‌وام خه‌ریکی خۆ پێ گه‌یاندن بووه‌و تائێستا چه‌ندان پیشانگاو به‌رهه‌می هاوبه‌شی له شاره‌کاندا ساز کردووه، له‌وانه پیشانگایه‌کی تایبه‌تی له ساڵی 1972 له به‌غداو





پیشانگایه‌ك [illegible] به‌شداری کردنی له هه‌ندێ پیشانگای ده‌ره‌وه‌ی وولات به ناردنی تابلۆ.

له سه‌رتاپای تابلۆکانی‌دا باسی هه‌ندێ لایه‌نی سرووشت و جوانی‌و باری کۆمه‌لایه‌تی ره‌نگی ئه‌دایه‌وه‌و بۆ وێنه کێشانیان مه‌ره‌که‌بی سینی به‌کار هێنا بوو، هه‌ندێ جاریش ره‌نگی ئاوی‌و زه‌یتی تێکه‌ڵ به یه‌کتر کردبوون...

به کورتی هه‌روه‌کو خۆی ووتی: **«جوڵانه‌وه‌ی مرۆڤ و قووڵ بوونه‌وه‌ی ئاواتی مرۆڤ ده‌کێشم» ئه‌مه‌شیان له** تابلۆکانی ئه‌دره‌وشانه‌وه.

شانۆیی خەج و سیامەند..

بەڵام لە رووی بزووتنەوەی شانۆو شانۆگەری، هەولێر، لەو ماوەیەی دواییدا، جگە لە بەرهەمەکانی تەلەفزیۆن، شانۆیی «خەج و سیامەند»ی پێش کەش کرد کە تیپی نواندنی رۆشنبیری جەماوەر لە نووسینی نازم دلبەندو دەسکاری و دەرهێنانی طلعت سامان ئامادەی کرد.

لەم شانۆیی یەدا کە بۆ ماوەی چەند رۆژێك نیشان درا گەلێك توانای هونەریی لە هونەرمەندانی شارەکە بەشدار بوون کە ئەمانەن: «محمد سعید ابراهیم ـ علي احمد ـ ئالان علي احمد ـ کەژاڵ یوسف حکیم ـ هەرمان طلعت سامان ـ بێخاڵ یوسف ـ صلاح عبدالله خۆشناو ـ دڵپاك طاهر ـ ئاسایش عثمان دانش ـ ابراهیم حکیم ـ دڵشاد سامان ـ شلێر احمد ـ جلال احمد ـ بکر معروف ـ ایوب صابر ـ خلیل جمیل ـ محمد احمد ـ قاسم نوري ـ عبدالعزیز مجید ـ جمال اسماعیل ـ عثمان حسین ـ ئازاد سعید»و بەرێوەبەری بەرهەم چەتۆ حسن و بەرێوەبەری شانۆ شاهێن نجم الدین و ابراهیم حکیم و دیکۆری شانۆ جلال احمدو ئێکسسوار مؤید فقێو گەلێك لایەنی هونەری تر.

نووسەر دەربارەی شانۆیی خەج و سیامەند دەڵێ:

«خەج و سیامەند وەك دراما، وەك عەشق و وەك لێك جودانەبوونەوە، یان لە خاکی سپانێ دەنگ و سەدای مێژووی ئەم میللەتەن.

شەو نیە گوێمان ئاشنای زۆر لەم کارەساتە گەورانە نەبێتەوە، کە لە مێژووی سەرفرازی خەج و سیامەندەکان بەدی دەکرێت، مادام وایە، با لە ئەمڕۆوە ئەم کارەسات و سەربردانە لەسەر شانۆکان، نەوەی ئەمڕۆ راستەوخۆ مێژووەو ئەم عەشقەو دڵدارانی ئەم خاکە بێنن.. نەوەك ئەوانیش ببنە قوربانی ئەم عەشقە پاکە.. بەڵام هەتا دونیا دونیایە خەج و سیامەندو سپیان لە یەك نابن».

ئەمەرای نووسەرە، بەڵام ئاخۆ دەرهێنەری ئەم شانۆیی یە چی دەڵێ.. «ئەوەی بوونی مرۆڤایەتی دەپارێزێ، نەزانست و ئازایەتی، نە هیچ شتێکی تر، بەڵکو




خۆشەویستی یە.. ئەمانی خۆشەویستیش لە هەر کۆمەڵگایەك دا زانست و ئازایەتی و گشت بەهرەکانی تری مرۆڤ دژ بە ناسکترین و پیرۆزترین هەستی مرۆڤایەتی دەخاتەکار.. چونکە گشت فەلسەفەکانی دونیا ناگەن بە خەندەیەکی سەرلێوی دڵدارێك.. جا خەج و سیامەندی ئێمە بانگەوازێکە لە پێناو خۆشەویستی و لە دێرزەمانەوە نالەی دێ و تا ئێستاش بە مراز نەگەیشتووە».

کەرنەڤالی کتێب...! چەندە دیاردەیەکی شارستانیەتە، کە کتێب، لە شارەخۆشە ویستەکەماندا، وەکو گوڵ، وەکو هەموو بابەتە جوانەکان، پێشانگای تایبەتی بۆ بکرێتەوەو ئەم بەشە زۆرەی خەڵك باوەش بۆ کتێب بکەنەوە، یان بە شێوەیەکی تر بڵێین، نۆرە بۆ کڕینی - کتێب - بگرن...

ئەم دەست پێشخەریی یە رۆشنبیریی یە لە لایەن لقی هەولێری «دەزگای نیشتمانی بڵاوکردنەوەو دابەش کردن و راگەیاندن» پێش کەش کراو کۆمەڵانێکی زۆریش لە ئەدەب دۆست و خوێنەران هاتنە دیدەنی، سەرباری ئەوەی کە

بەردەوام بوون لە کردنەوەی ئەم پیشانگا نموونەیی یانە گەلێك هەنگاوی گەورەی رۆشنبیری بە دوواوەیەو لە هەموویان رەنگینتر ئاشنا بوون و قووڵ بوونەوەی زەوق و چەشەی خوێنەرانە بە پەیامی کتێب و پیرۆزی خوێندنەوە.





هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

# راپۆرتی سلێمانی

باوکی شنە ـ ئامادەی کردووە

## کۆڕێکی فراوانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

ئێوارەی ـ 5 ـ ی ئەیلول و سەعات ـ 10 ـ ی سەرلەبەیانی رۆژی دوایی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.. یادی تێپەڕبوونی ـ 25 ـ ساڵی بەسەر دوا ماڵ ئاوایی مامۆستا ـ ڕەفیق حیلمی‌دا کردەوە.

ئەو ئێوارەیەو بەیانیەکەی هۆڵی ـ یەکێتی ناوچەیی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی ـ دەرگای واڵابوو.. کۆمەڵێکی زۆر لەئەدیب وئەدەب دۆستانی سلێمانی ئامادەبوون.. جگە لەچەند میوانێکی ئازیز کە لە بەغدا. وە هاتبوون لەگەڵ بنەماڵەی مامۆستای کۆچ کردوماندا..

سەرەتا.. د. کوردستان موکریانی بەنێوی بەڕێوەبەری دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی‌یە خۆش هاتنێکی گەرمی ئامادەبووانی کرد ئەوجا هاتە سەر چالاکی و بەتەنگەوە هاتنی دەزگا سەبارەت بەهەوڵی بێ‌ووچانی بۆ پێش خستنی ئەدەب و رۆشنبیری کوردی لەوێوە باسی ڕۆڵی رۆژنامەی هاوکاری و هەردوو گۆڤاری ـ بەیان ـ و ڕۆشنبیری نوێ ـ ی کردوو لەو گۆڕانە دووا کەبەسەر بەرنامەی کاریان دا هاتووە، ئەمە جگە لە چالاکی دەزگا بۆ لەچاپدانی کتێب و نامیلکە جۆراو جۆرە کوردی‌یەکان کە بەمانەش هەمووی بۆ خزمەتی پێش خستنی ووشەی کوردی‌یە، دوای ئەو پێشەکی‌یە پوختە خوشکە کوردستان ئامادەبووانی ئاگادارکرد کە مامۆستا ـ مصلح جەلالی ـ ئاگاداری لقی سلێمانی دەزگای کردووە بۆ هەڵبەستن و نوێ‌کردنەوەی ئارامگای مامۆستای کۆچ کردوو.

ووتاری یەکەم لەلایەن مامۆستا د. عیزەدین مستەفارەسوڵ ـ ەوە پێشکەش کرا بەنێوی «گەشتی ڕفیق حیلمی و قەڵەم» باسەکەی دکتۆر پەل وپۆی بۆ چەند لایەنێکی تەمەنی بەخشینی ئەدەبی مامۆستا ـ ڕەفیق حیلمی ـ هاویشتبوو لەوانە: ڕەفیق حیلمی و وەرگێران ـ ڕەفیق حیلمی و کتێبی قوتابخانە نوسینێکی ـ ڕەفیق حیلمی دەربارەی هاتنی سمکۆ بۆسلێمانی.. جگە لە باس کردنی





لایەنە ڕەخنەیی یەکان لە بەرگی یەك و دووی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ـ دا. دکتۆر لەپاڵ ئەو باسانەیدا هەندێك نموونەی نووسینی ڕەفیق حیلمی ـ بەبەڵگەوە دەهێنایەوە .لەونموونانە چەند دێڕێك لەنووسینێکی کە دەربارەی شیعرەکانی خۆی دەڵێ: لەبەر ئەوەش کە خوێندنم بەتورکی بوو لەپێشەوە بەم زمانە ئەمنوسی و شیعرم دائەنا دوایی کە دەستم کرد بەنووسین و شیعر دانان بەکوردی.. مامۆستا زێوەر وەیا شێخ مستەفای شێخ سەلام هەر کەم وکورتی یەکی هەیوایە بۆیان ڕاست ئەکردمەوە جارێکیان غەزەلێکی غەرامی کوردیم ناردبووە خزمەت مامۆستا زێوەر بەڕاستی خۆم سەرم سوڕئەمێنێ کە چۆن لەڕووم هاتوەوە ئەم شیعرانەم ناردووە بۆ مامۆستایەکی خۆم. جێی ئەوە نیە کە ئێستا غەزەلەکە هەمووی لێرەدا بنووسم بەڵام تەنیا بەتێکی ئەخەمە بەرچاوتان. لەمەش مەبەستم ئەوەیە کە بەرامبەر ئەم کردەوە مناڵانەیەی خۆم سروشتی ئەدەبی مامۆستا زێوەرو ئسلوبی ڕێ‌پیشاندانی بەرامبەر بە قوتابیانی خۆی لەخوێنەرە بەڕێزەکان بگەیەنم ئەمە ئەو بەیتەیە لە غەزەلەکەی خۆم وەرگرتووە:

بۆ سوراحی گەردنی ڕوحم بە عەینی بوبەئاو
ئێستەکەش ناچم بەدڵیا داومە ئازاری...

دکتۆر عیزەدین بەمەزەنەو بۆچوونی خۆی قافیەی نیو دێڕی دووەمی بە «حەلاو» شکاندەوە، ئەوجا هاتەوە سەر نوسینەکەی مامۆستا ـ «ڕەفیق حیلمی» کە دەفەرموێ:

ئینجا مامۆستا زێوەر بەچەند شیعرێك وەلام ئەداتەوە کە لەسەر وەزن و قافیەی غەزەلەکەی خۆمەو ئەم دوو بەیتەی خوارەوە لەو شیعرانەی مامۆستا بە ووشەیەکی ڕاستر لەو دەرسە بەلیغەی کە تا ئیمڕۆ وە بەڵکو ئەتوانم کە تابمێنم لەبیرم ناچێتەوە:

ئەی ڕەفیقی موحتەرەم ئەی‌شاعیری شیرین مەقال
هاتە بەرمەددی نەزەر فیکرت وەکو ئاوی زولال
من ئومێدی گەورە گەورەم پێتە بۆئەم میللەتە
حەیفە سەرفی فیکری خۆت کەی تۆ لەزوڵف و
خەت وخاڵ»

دوای ئەوە د. عیزەدین هاتە سەر لاپەڕەیەکی تری تەمەنی بەخشینی پاشان مامۆستا (نەریمان) لەو یادەدا بەباسێك بەشداری کرد بەناوو نیشانی: [گەشتێك بەنووسینە تورکی یەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی دا] کە زوربەی ئەو نووسینە تورکی یانەی لەکاتی خۆیدا لەڕۆژنامەی [النجمة]دا بلاوکردوتەوە کە لە کەرکووك دەرچووە ئەوەی زیاتر لەو گەشتەدا جێگەی سەرنجی مامۆستابووە «9» نووسینی مامۆستا ڕەفیق حیلمی‌یە کە زیاتر ئەو نووسینانەش دەربارەی کوردو مەسەلەی کوردبوون.

ئینجا مامۆستا نەریمان باسی چۆنیەتی ئیش کردنی ڕەفیق حیلمی ـ کرد لەو ڕۆژنامەیەدا کە چۆن لەسەرەتاوە وەکو مامۆستا لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان دا کە لێپرسراوی ڕۆژنامەکە بووە. دواوەو ئەو ژمارانەی کە پێشتر دەردەچوون هەمووی گەڕانەتەوەو کڕیارو خوێنەری نەبووەو پاشانە بەهۆی نووسینی سەرووتارەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی ـ یەوە ڕۆژنامەکە ڕەواجی پەیدا کردووەو لەزوربەی کوڕو کۆمەڵە ڕۆشنبیری و سیاسی یەکانی ئەو سەردەمەدا بۆتە جێگەی سەرنج و باسکردن.

دوای ئەو نووسینەی مامۆستا نەریمان کۆتایی بە کۆڕی ئەو ڕۆژە هات و بۆ بەیانی سەرلەنوێ د. کوردستان موکریانی پێشوازی ئامادەبووانی کردەوە.. [یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی] ناوونیشانی ئەو باسەبوو کە مامۆستا ـ شاکر فەتاح ـ پێشکەشی‌کرد. لەڕاستیدا ئەم یاداشتانەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی ـ چمکێکە لەمێژووی نزیکی میللەتی کورد مامۆستا ـ شاکر فەتاح ڕوونی کردەوەو بەڵگەی تەواوی هێنایەوە کە ئەو یاداشتانە بەگیانێکی بابەتی‌و دوور لە دەستکاری‌کردن و شێواندنەوە نووسراونەتەوە. یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی تەرخانە بۆ شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمر وەگێڕانەوەی دەوری حوکمداری شێخی گەورە لە ماوەی هەردوو حوکمداریەکەیدا.. نووسەر قووڵ بۆتەوە لەباری ڕامیاری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری بەتایبەتی لە سلێمانی‌دا کە پایتەخت و ناو جەرگەی شۆڕشەکانی شێخ بووە. ڕەفیق حیلمی شەش بەرگی کتێبەکەی لەژیانی خۆیدا لەچاپ داوە وەبەرگی حەوتەمی ئامادەکردبوو بۆ چاپ بەڵام بەداخەوە مەرگ مۆڵەتی نەدا کە چاپی بکات.

مامۆستا ـ شاکر فەتاح ـ بەشێوەیەکی زانستیانەو بابەتی چەند لایەنێکی تاریکی لە یاداشتەکان ڕوناك کردەوەو وەتوانین بڵێین ئەم نووسینەی مامۆستا کۆمەڵێ زانیاری نوێی بەخشیە یاداشتەکان.

ئینجا نۆرە هاتە سەر مامۆستا ـ ئومێد ئاشنا ـ بۆ ئەوەی ڕخنەو لێکۆڵینەوەکەی خۆی پێشکەش بکات بەناوونیشانی [ڕەفیق حیلمی‌و سەرەتای ڕەخنەی زانستی لەئەدەبی کوردی دا] باسی ئەو هەوڵ و نووسینانەی کرد کەپێش ڕەفیق حیلمی سەبارەت بەڕەخنەو لێکۆڵینەوە نووسراون. هەروەها ناوی نووسەرانی ئەو هەوڵانەشی دیاری کردوو بەکورتی لەسەر بەرهەمەکانیان دووا. وەك شێخ نوری‌و پیرەمێردو ڕەشید نەجیب و عەلی باپیر ئاغا. نووسەر زیاتر لەبارەی بیرو ڕاکانی ڕفیق حیلمی یەوە سەبارەت بەنوێبونەوە لەشیعری کوردیدا لەلایەن شێخ نوری‌و گۆران و پیرەمێرد ـ وە ڕەخنەکەی ئامادەکردبوو.



دوا بابەتی دیدارەکە بریتی‌بوو لەباسێکی زیندوو وەنوێ لەلایەن ـ ناهیدەخان ـ ی کچی ڕەفیق حیلمی یەوە پێشکەش کرا. بابەتەکەی ناهیدەخان دوو لایەنی گرنگی ڕوون دەکردەوە. یەکەم ژیانی تایبەتی ڕەفیق حیلمی لەناو خێزانەکەیدا لەڕووی هەڵس وکەوت و گوزەرانەوە کە بەڕاستی ئەو نووسینە پێویستە لە یەکێ لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بلاوبکاتەوە هەتا خوێنەری کوردو ئەو کەسانەی لەدوا ڕۆژدا دەیانەوێ لەژیان و بەرهەمی ڕەفیق حیلمی قووڵ ببنەوە سودی لێ‌وەربگرن. لایەنی دووەمیش ئەوەبووکە ناهیدەخان بەبەڵگەی زیندووەوە ڕونی کردەوە ئاستی پەیوەندی‌و ژیانی ڕامیاری‌و کۆمەڵایەتی باوکی چۆن بووە. باسی گەلێ ڕوداوی گرنگی ژیانی باوکی کرد لەهەمووی سەرنج ڕاکێشتر ئەوەبوو نامەیەکی تایبەتی ڕەفیق حیلمی خوێندەوە سەبارەت بەڕادەی خۆبەخت کردن و لێ‌بڕانی ئەم مرۆڤە لەپێناوی دوا ڕۆژ و ژیانی منالەکانیدا. لەکاتێکا کە ناهیدەخان و خوشکەکەی لەدەرەوەی وولات بوون و ـ ڕەفیق حیلمی ـ دوا ڕۆژ و داهاتوی ژیانی ئەوانی لەژیانی خۆی بەپێشتر زانیوە.

بەو جۆرە کۆتایی بەویادە هەمیشە مەزنە هات و ئێمەش لەگەڵ «ئەسعەد مەحوی» شاعیردا دەڵێین:-

دلم کەبلی غەمو دەردو زوخاوە
لەدەس هجرانی تۆ جەرگم براوە

# راپورتێ دهوکێ

## هەکار دویسکی

دگەل کەلە کەلا گەرما تیرمەهێ بانێ بنکێ ئێکەتیا ئەدیب و نڤیسەرێد کورد ل دهوکێ ژی گەرم بو، سوحبەتێد ئەدەبی ژێك نە ڤەقەتیان هەر ئڤارەکا پێنج شەمبی هێژایەك ل پشت مێزێ رونشت و دەست ب بابەتەکی کرو پێدا چو.

* روژا 1985/7/4 هوزانڤان محسن قوچان چەند هوزانێدا پێزانێ ئالیخانی کرنە د تەرازویا خوەداو گوت: پێزانی ئەکەر وج ژ کەلەپوری دیتبیت تنێ بیهنا کەلەپوری یا وەرگرتی وەك رێبازا دارێتێ.» پێدا چو وگوت «پێزانی د هوزانێد خوەدا هەر هوزانێ چارەسەریا بابەتەکی یا کرد.» ووماهیێ هێژا هزرڤان، کریم بیانی محمدعلی توفی، مجي جعفرو شڤان آدم هەر ئێکی هندەك دار هاڤێتنە سەر کوچکێ بابەتێ داگەرم تر لێ بێت.

* روژا 1985/8/8 کاك نزار محمد سعید ل پشت مێزێ دو تابو قەستا وارێ تەڤری و تەرزنا کر لبەر بێهنا بسك و کەزیا دەمەکی رونشت دگەل هوزانڤانێ نەمر «ئەحمدێ نالبەند» بناڤ هوزانێدا ویدا گەشتەك کرو دیار کانێ چەوا نالبەندی سالوقەتێد پیرەکا داینەو چەند پێکول کریە ژ بو کابانیەکێ پشتی مایە بتنێ. پاشی سەیدا عبدالرحمن مزوری دەرکەهێ ئاخفتنێ ڤەکر وگوت «دڤیا کاك نزار دیار کربا کانێ نالبەندی وەکو چ بەرێ خوە دایە ژنکێ. سەیدا رەشید فندي، مسن قوچان، حجي جعفر، عبدالسلام دوسکی و عبدالکریم فندي ژی بارا خوە د لێکولین و دوی چونا داکر.

* روژا 1985/8/11 هێژا د. إحسان فؤاد بو مێهڤانیێ ئێکەتیێ و جهـ بو هاتە ڤالاکرن کو بابەتەکێ ئەدەبی ڤەکەت د. إحسان ل سەرێ دیوانێ رونشت و ب سەر کورتەکا ژیانا خوە یا ئەدەبیدا چو.

بیرها تێد خوە دیارکردن د ڤاملیا خوەدا وچەوا هندەك هوزانێد (حەمدی) ژ بەر بون. ژ زاروکی هندەك دەرس ل جەم «زیوەر» خواندن ل بەرزنجە هەتا نهوژی دیمەنێ هەژاریا گوندییا تێتە بیرێ تری چنین و دوشاق چێکرن مانە ل بەر چاڤا سترانێد دبەرا د هاتنە گوتن دگەل زەریا.

بەحسێ بیرهاتنێد خوە کر دەمێ «بیکەس» چویە بەر دلوڤانیا خودێ وچەوا فیرگەهـ هاتنە بەردان. بەحسێ دەرچونا گوڤارا «گلاوێژ» کرو کانێ وێ چەند بو ل سەر قوتابیا وی دەمی، هەر وسا بەحسێ گوتارێد گوڤارا [ژین» کرو شەرەنیخا کەڤن و نوی د هوزانێدا ل سالا 1953 یدا وکوت بەلێ مخابن ئەو پێنگاف نە مەهی و دەهـ سالا راوەستیا هەژ وسا بەحسێ هەڤرکیا دناڤ بەنیا گوران و کامەرانی دا ل سەر لاپەرێد (روژێ نوی) کر بزاڤا خوە دگەل د. کاوس قفطان و د. معروف خەزنەوار کر بو دەرئێخستنا سێ ژمارێد (پرشەنك) لسالا 1964ژ دەرڤەی وەلاتی. ودماهیێ دەرگەهێ گەنگەشێ سەیدا حجي حعفر ڤەکر وگوت مە دڤیا هێ د. إحسان بو مە چەند بیرهاتن و یادگارێد خوە دگەل نڤیسەرێد کوردێد سوڤیەتی گوتبانە.

* روژا 1985/8/15 هێ حجي جعفر بابەتەك لبن ناڤێ «مەیرو دور ژ رەحنێ» پێشکێش کر و پێدا چو خوارێو گوت: بابـەتێ من لسـەر دو چڤـا بەلاڤ دبیـت: 1 ـ وەرگێران 2 ـ سەنگاندنا چیروکا ژلای زمانی ڤە. من چو رەخنە لسەر وەرگێرانێ نینن چنکو گەلەك راست و بنە جهـ یا ژ تیپێد لاتینتی هاتیە ڤەگوهازین بو تیپێد نهو بکار تین پێتڤی بو دو (واو) هاتبانە نڤیسین هەر وسا (واوا کراوە) ژی هاتبا دەست نیشـان کرن و فەرهنگـوکەك ل دوماهیا کتێبێ دانـا با بو پەیـڤێـد گران. 2 ـ زمـانێ چیـروکێ: گوت زمانەکێ پاك و پزوین و زارێ خەلکێ بێ هاتیە نڤیسین.

زور جارا پەیڤێـد عەرەبی ب کار ئینایـنە. هندەك جارا ژی پەیڤ یێد حەشاندینە دناڤ رێزادا. پشتی سەیدا حجي جعفـر بدوماهیی هاتی سەیـدا رەشیـد فنـدی سوحبەت ژ خوەرا کێشا وگوت: «دڤێت نڤیسەر بێ سەربەست بیت د شێوا نڤیسینا خوەدا چونکو ئێك ژ جودا کرنا نڤیسەرەکی ژ یێ دن شێـوا نڤیسینـا ویە. سەیـدا عبـدالحمن مزوری گوت: دو (واو) یان (واوا کراوە) بهـزرا من ل زارێ کرمانجیا ژوری دیار نابیت وەك کرمانجیا ژێری کو دبێن (دۆ) بەلێ ئەم دبێن (دەو یان دو) نە هەوجـەبـە ئەم (واوا کراوە) بنڤیسین چنکـو ل فونـەنیکا مە دیـار نابیت. پاش سەیدا عبدالکریم فندی گوت:

ل سەبارا فەرهنگوکێ ل دوماهیا کتێبێ من نەدانا چونکو ئەڤە چیروکن نە کتێبەکا فێرگەهی یە هەتا پەیڤا راڤەکەین.
هەر وسـا دو (واو) دگـەل (واوا کراوە) هزرو بیـرێـد من وەك یێد سەیدا مزوری بون ژ بەر هندێ من نەنڤیسین.
ئەز دبێم نابیت ئەم هەر تیپا ل (ألفیا) کوردی زێدەکەین.

ئەڤ چەنـدە بو زمـانزان وپسپوریـد فونـەتێکی بە کو خویاکەن کانێ ل کیرێ (ر) قولو دبیت یان (ل) بێ هێز دبیت یان (و) کورن یان دریـژ دبیت وهنـدەك نمونـە ژ فونەنیکا زمانێ ئینکلیزی ئینان.

* لروژا 1985/8/22 جارەکـا دن کاك کامـیـران بەرواری دەرگەهەکێ دی د هزرو بیرێد (نالبەندی)وا ڤەکر وخوە بناڤدا بەردا خوارێ لبن ناڤێ «نالبەندو هوزانەکا نیشتمانی».

کاك کامیـران دیـارکـر کو هەتـا مروڤ دەردێ خێـزانێو بندەستێ نە بینیت نابینە هوزانڤان. ب نمونە دیتارکر چەوا نالبەندی داخازا ئێکبونێ کریەو زکرەشیێ ژ زکێ خوە پاڤێتە دەر وگوت:
ئەگـەرەکـا مەزنـا پاشـڤـەمـانـا مە ئەوە خوە مەزنکـرنـە وچوە هلکێشـان. ئانکـو مە ڤێت کەس ژ مە بێ زیـرەك وزانـا ومێرچالاك بیت.

مە نەڤێت کەس ناڤدار بیت و بیتە پێش، خوزی ئەو کەسێد ئەڤ سالوخـە ل دەڤ خوە گهـوریباو ب چاڤەکێ کوبرو دوبر وروهن تەماشەی پاشە روژا ڤی ملەتی کربا هەر وەك نالبەند دبێت.

نك مە کوردا ئەو قوسیرە
پر حەسویدو طر بلند
مەسئەلا وان کوبرو دویرە
دوژمنتە بو شوهرەتێ

لدومـاهیێ سەیـدا حجي جعفـر ترارێ خوە دکـانیا سوحبەتێ هلاندو گوت کامیران پەیڤا «بازێرڤان» لجێ پەیڤا «شـارسـتـانی» ب کار ئینا ئەڤ پەیڤـە بو وی کەسی تێت ئەوێ پارازتنـا بازێـری دکـەت. سەیـدا عبـدالکریم فنـدي گوت دبێت ئەو پەیڤ بکـار بێت وەك (بازێر، بازێری ،بازێرڤانی) ـ مدنیە، مدنی، مدنیە، ـ (city, civil, civilasition) سەیـدا عبـدالـرحمن مزوری گوت ئەڤ پەیڤـە نڤیسەرێد ئێکەتیا سوڤیەتی بکار ئینانەو دجهێ خوە دایە.







دوماهیێ سەیدا فیصل مصطفی ل ڤێ کورێ بێ ئامادەبو وگوت: پاشکرێ (ڤان) دچیتە سەر ئاڤێد (مادی) بهزرا من باژێرڤانی یا دروستە لجهێ شارستانێ هەر وسا کاك فاضل عمر ژێ پشتکیریا ڤێ چەندێ کر.

* لروژا 8/22 لژێر چاڤدیریا پاریزگەرێ دهوکێ رێڤەبەریا جەماوەری ل هولا خاندنگەها (گولستان)

پیشانگەهەکا (سیرامیك) بو هونەرمەند (فاضل یوسف) ڤەکر یا هەژی گوتنێیە کو ئەڤە جارا ئێکی یە پیشانگەهەکا هوسا ل باژێری تێتە ڤەکرن. لەورا مشە خەلکی قەستا هولا (گولستانێ)کر.

ب چاڤەکێ هویر بەرێ خوە ددایێ هەر چەندە ئاڤەروکا تابلو وپەیکەرا دهونەرێ خوەدا دنەپەنی بون، لێ ئەڤە دهاتە خویاکرن دپسیار وبەرسڤادا. بەلێ بابەتێدا گەلەك سەرنجا بینەرا راکێشاین زلاێ ئاڤەروك و تەکنیکا هونەرێ ڤە (بێ‌شیان، هیڤی، خەج وسیمەند وخوگوریگەر) بون ڤێ پیشانگەهێ هەتا روژا 1985/8/25 کێشا.

# یانەی بەیان

پۆستەی ئەمجارەمان بریتی بوو لە کۆمەڵێك چیرۆك و شیعرو شانۆنامەو لێکۆڵینەوە ئەوەی کە شیاوی بڵاوکردنەوەبوو. ئەوە ڕێچکەی خۆی دەگرێ‌و لەدەرفەتێکا چاوی بەڕووناکی دەکەوێ.

ئەوی پێویستیشی بەوەڵام دانەوە هەیە وا لەم گۆشەیەدا وەڵام دراوەتەوە، چاوەڕوانی بەرهەمی بەکەڵك و بەپێزی خوێنەرانی ئازیز دەکەین کەبابەتی ئەو تۆمان بۆ بنێرن لە (بەیان)دا جێگەی بێتەوەو جێ‌ی ڕەزامەندی هەموو لایێك بێ‌و گۆڤارە کە زیاتر گەشە بکات و بکەوێتە بەردڵان.

● **کاك ن. ح. کریم باسێکی وەرگێڕاوە بەناوی «لەگەڵ یەفتیشێنکۆدا» کەلە ژمارەیەکی تایبەتی گۆڤاری «الهلال»ی میسریدا ساڵی 1967 بڵاوکراوەتەوە. لەڕاستیدا دەبوایە پوختەیەك لە لێکۆڵینەوەکە بکەی بە کوردی‌و چەند نموونەیکیش شیعرت لە گەڵا وەرگێڕابا. ئەو نووسینەی لەژمارە تایبەتی‌یە کەدا بڵاو بۆتەوە پەلی بۆ زۆر لایەن لەژیان و ڕاو بۆچوونی شاعیر بەرامبەر زۆر مەسەلەوکێشە هاویشتوە، بەم جۆرە ئەگەر تەنیا ژیانەکەی بڵاوبکەینەوە ئەو هەقی تەواو بە شاعیر نادەین ببوورە لە بڵاونەکردنەوەی وەرگێڕانەکەت.**

● بۆ خاوەن هۆنراوەی (زەنگ) هێشتا شیعرەکەت ساکارەو زۆرت ماوە تێ‌بگەیت کە کرۆکی شیعری ڕەسەن چیە. تا دەتوانی شیعری شاعیرانی کورد بخوێنەوە، تاکو کاتت بەخۆڕایی لەدەس نەدەی.

● **بۆ خاوەن هۆنراوەی «گوڵی هیوام» کاکی برا، زۆرت ماوە ئاشنای شیعر بی‌و بتوانی لەدەرگای شیعر بدەیت. جارێ تەقەلای ئەوە بدە کە زمانەکەت، زمانێکی** ڕەوان بێ، ئەوسا دەس بکە بەشیعر دانان.

● بۆ چیرۆکنووس «پرسیارێکی بێ وەڵام» جگە لەوەی کە چیرۆکەکەت دوورە لە هونەری چیرۆك ،زمانەکەشت لاوازەو ڕێنووسەکەشی تەواو نیە. چاوەڕوانی بەرهەمی ترت دەکەین.

● **بۆ خاوەن هۆنراوەی «تکا» کاکی برا شیعرەکەت درێژەو ئیقاعەکەی زۆر تەواو نیەو ئەوەی کەمەبەستە نەتوانیوە بەخەستی دایڕێژی. ببوورە کە بڵاونەکرایەوە**

بۆ کاك م. چیایی .«هاوارێ بۆ دڵی وون بووم» کەلەبەری زۆری تێکەوتووە، نەتوانیوە ئیقاعی شیعرەکەت بپارێزی، خۆت بە عەرووزی عەرەبی‌یەوە بەستۆتەوە، کێشی شیعرەکەت لە زۆر کۆپلەدا لەنگە، بەهرەی شیعریت تیایە. چاوەڕوانی بەرهەمی چاکترت دەکەین. وا ئەم کۆپلەیەت بۆ بڵاو دەکەینەوە.

**لەدەریای ئەشقی ئەو کچە گیانم بۆچوون چاوەنوارە**  
**گڕی ئامۆیم تێپەڕ بوو، گەرووی وشکم بێ هاوارە**  
**پەپولەی خۆشەویستی من فڕی بۆ لای ئەو نازدارە**  
**نەکەی ئازیز بیسووتێنی ،بیکەس و ڕەبەن و ژارە**  
**توخوا یاران دەخیلتان بم وەرن دڵم بدۆزنەوە**  
**بزانن کێ بردوویەتی، خێراکەن پێ‌ی بنێرنەوە**

● کاك ع.م دوو هۆنراوەی بۆ ناردووین ،هەردووکیان لەو ئاستەنین لە گۆڤارەکەمان بڵاویکرینەوە .وا بۆ هاندانت کە بەردەوام بی لەسەر شیعر نووسین ئەو چەند دێرەت بۆ بڵاودەکەینەوە، هیوادارین بەرەوپێشەوە هەنگاوی باشتر هەڵێنی:

**لەپەیمانت پەشیمانی**  
**گوناهباری لای یەزدانی**  
**تۆش لەدەستەی ڕەقیبانی**  
**ناحەزی تۆ.**

● بۆ کاك ئ.ع.ك. بەراوردی دەقە وەرگێڕاوەکەمان کرد لەگەڵ عەرەبی یەکە، لەبەر ئەوە سەرکەوتنێکی تەواوت وەدەس نەهێنا بوو، ببوورە کە بڵاومان نەکردەوە.

# دواوشە

## داخی گوڵە نێرگزێکی نازداری هەڵوەریو

داخم ناچی لەژمارەی 806 رۆژنامەی هاوکاری‌دا پرسەی کۆچی‌دوایی خوالێ‌خۆش بوو غازی فاتح وەیس - م خوێندەوە. خۆزگە ئەوژمارەیەی هاوکاریم هەر نەدیبایەو بەم کۆچە ناوەختەی لەناکاوە جەرگ برەم نەزانیایە.

ئەوی‌راست بێت بەبوونی ئەم لاوە رۆشنبیرە پێ‌گەیشتووە خامەرەنگینە جێگرەم نەئەزانی تاوتارێکیم دەربارەی زمانی یەکگرتووی کوردی لەرۆژنامەی هاوکاری‌دا خوێندەوە. ئیتر ئەووتارەم بەس بوو کەئاستی دڵسۆزی‌و زانست و لەسەرخۆیی ئەم لاوە کوردە دڵسۆزە دڵپاکە. بەکەڵکەی پێ‌بزانم. دوای ئەو وتارە هەر نووسینێکم بەرچاوبکەوتایە ئەم خوێندەوە. تائەهات زیاتر ئومێدم پێ‌پەیدائەکرد کە کەڵێنێکی پێویست لەکۆری زانست و رۆشنبیری کوردو کوردستانا پڕبکاتەوە.

سەیرئەوەیە لەخۆمەوەو لەبەربوورەو بەخەیاڵ نەخشەیەکی سەرتاپام بۆیەیکەرو دیمەن و رەوت و رەوشتی کێشابوو، کەلاشم وابوو ئەبێ هەروابێ.

نەخشەکە جوامێری‌و لاوچاکی‌و دڵپاکی‌و رۆح سوکی‌و لەخۆبووردنی تیا ئەدرەوشایەوە.

راستە هەندێکی رەنگ دانەوەی وتارە بایەخدارە زانستی‌یەکەی بوو، بەڵام ئەوی تری ئەبێ چاپی خوورەوشت و چەوساوەیی‌و لێ‌بووردنی لاوانی دلێرو سەربەرزی کەرکوك بێ لەگیان و هەستی ماموستا غازی‌دا، ئەهاتەبەرچاوم و بریسکەی ئەدایەوە.

داخم ناچێ، سەدداخ کەرووداوو کارەساتی لەناکاوی بێ‌سەروشونی‌و بێ‌بایەخ و بێ‌شوێن پەنجە ،گوڵێکی نازداری هەڵبژاردەی وەك ماموستا غازی‌و هەزارانی‌تر لەباوەشی نەتەوەی کورد دەردەهێنێت و هەڵئەوەرێنێت.

هەرئەبێ سەبوری خۆمان بەوەبدەینەوە کەخوێندکارەکانی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەددین و هەموو خوێن کارێکی کوردی هۆشیاری دڵسۆز بەخوگەیانانە ئاستی زانیاری ئەم لاوە جوانەمەرگەو باڵاتریش شوێن هۆش و هەست و زانست و پەنجەی‌رەنگینی چۆڵی بەجێ‌ماوی پڕبکەنەوە.

هەزار سڵاو لەگیانی پاکی لەیادنەچووی.

حیلمی عەلی شەریف

بەیان
مجلة ادبية شهرية
تصدر عن دار الثقافة والنشر الكردية
وزارة الثقافة والاعلام
بغداد

رئيس مجلس الادارة ورئيس التحرير
مصلح مصطفى الجلالى



# BAYAN

Litrary Monthly Magazine
Ministry of Culture and Information
Issued by: The Kurdish House for Cultuer and Publishing
Baghdad - Iraq

EDITOR IN CHIEF

**MUSLEH MUSTAFA JALALY**

نرخی (200) فلسه

دار الحرية للطباعة ـ بغداد